50

## دەربارەی

# وەزیفەی گشتی

وەڵام و روونکردنەوەیە بۆ پەنجا پرس و بابەتی تایبەت بە وەزیفەی گشتی
لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بریارە دادوەرییەکاندا




راوێژکاری یاسایی

**عەبدولقادر ساڵح عەبدول**

دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی



چاپی یەکەم

٢٠١٨

# دەربارەی
# وەزیفەی گشتی

**وەڵام و روونکردنەوەیە بۆ پەنجا پرس و بابەتی تایبەت بە بە وەزیفەی گشتی**
**لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و  بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا**


**راوێژکاری یاسایی**

**عەبدولقادر سالح عەبدول**

**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**



**سلێمانی ٢٠١٨**

بسم الله الرحمن الرحيم

====================


- ناوی کتێب : دەربارەی وەزیفەی گشتی

- نووسەر: عەبدولقادر سالح عەبدول

- چاپ: چاپی یەکەم

- چاپخانە: چاپخانەی یاد

- تیراژ: ٥٠٠ دانە

- ساڵ: هاوینی ٢٠١٨

- ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٢١) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە .



بە سوپاسێکی زۆرەوە ئەم بەرهەمە لەسەر ئەرکی (ئاوی سلێـمانی) چاپکراوە

# پێشەکی

قانونی کارگێڕیی وەکو لقێکی گرنگی قانونی گشتی چالاکییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتە گشتییەکانی ڕێکدەخات کە خۆی لە دامودەزگا کارگێڕییەکاندا دەبینێتەوە، لەگەڵ ڕێکخستنی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دامەزراوە گشتییەکان و ماڵی گشتی ، سەرەڕای دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و فەرمانبەرانی ، هەر لێرەوە گرنگی قانونەکانی بواری بەڕێوەبردن و کارگێڕیی گشتی بایەخ و گرنگییان دەردەکەوێت بە ئاڕاستەی پاراستنی ماف و دەسەڵاتی فەرمانبەران و بەرژەوەندی گشتیش لە هەمان کاتدا.

ئەو خەسڵەتەش کە قانونی کارگێڕی لە لقەکانی دیکەی قانون جیادەکاتەوە ئەوەیە کە پەرش و بڵاو و پەرتەوازەیە لە چوارچێوەی چەندین یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی جیاواز نەك لە دوو توێی یەك تەشریعدا، سەرەڕای سروشتی تایبەتی ئەو قانونە کە بەردەوام لە هەموارکردن و نوێبونەوە و گۆڕانکارییە بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردستان کە تائێستاش یاسا فیدراڵییەکان بەرکارن سەرباری دەرکردنی چەند یاسایەکی بواری قانونی کارگێڕیی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کە زۆر جار ناکۆکی و ئاڵۆزی لە جێبەجێکرنیاندا دەرکەوتووە.

ئەم هەوڵەی بەڕێز مامۆستا عەبدولقادر سالح عەبدول بە خستنەڕووی چەندین زانیاری بە سوود بە شێوەیەکی سادە و ئاسان و بە زمانێکی پاراوی کوردی لە بوارە جیا جیاکانی قانونی کارگێڕی بە سوود وەرگرتن لە سۆشیال میدیا و کۆکردنەوەیان لە دوو توێی ئەم کتێبەدا بەتایبەتیش لە بواری قانونە گرنگەکانی وەك (ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ ، یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ و یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦). ئەم هەوڵە نایابە بەشدارییەکی کارای دەبێت لەبەرزکردنەوەی هوشیاری و توانای پیشەیی فەرمانبەرانی قانونی و ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەی دیکەش کە لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی کارگێڕی و ژمێریاری و خۆیەتی لە دامەزراوە جیا جیاکانی دیکەی هەرێمدا کار دەکەن کە دەتوانن زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبە وەك سەرچاوەیەك بەکاربهێنن و بەمەش بە دوور بن لەوەی بکەونە هەڵە لە جێبەجێکردنی ئەحکامە قانونیەکان یان ڕاڤەکردنی نادروست بۆ دەقەکانیان، بەمەش دەتوانرێت زامنی

ماف و دەسەڵاتی فەرمانبەران و کارمەندانی وەزیفەی گشتی بکرێت بەو شێوە دروستەی یاسادانەر مەبەستی بووە سەرەرای پاراستنی بەرژەوەندی گشتی.

بەم بۆنەیەوە جارێکی تر هەوڵەکانی نووسەری ئەم کتێبە بەرزدەنرخێنم و سوپاسی دەکەم کە متمانەی بە من بەخشی تاوەکو پێشەکی ئەم کتێبەی بۆ بنووسم و ئەم کتێبەش بچێتە سەر بەرهەمە بەپێز و پڕ بایەخەکانی تری نووسەر کە رۆڵی دیاری خودی خۆی لەم بوارەدا لەبەرچاوە. لە هەمانکاتیشدا داواکارم لە وەزارەت و دامەزراوە گشتییەکان گرنگی بە راهێنان و فێرکردنی بەردەوامی فەرمانبەران و کارمەندانی وەزیفەی گشتی بدەن لەرێگەی پشتیوانیکردنی ئەم جۆرە هەوڵانە و سوود وەرگرتن لە توانای توێژەر و شارەزا و ئەکادیمیانی بواری قانونی کارگێڕی، بێگومان ئەم هەنگاوەی دامەزراوەکانیش رۆڵی گرنگیان دەبێت لەبەرجەستەکردنی بنەماکانی حوکمی رەشید و سەروەریبوونی قانون و باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

خوای گەورە پشتیوانی هەموو لایەك بێت.

**د. ئامانج رەحیم**

**سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# وتەیەكی پێویست

ئەم بەرهەمە وەڵامی هەندێك پرسیاری رۆژانەی نێو فەرمانگە میرییەكانە بە تایبەت بەشەكانی كارگێڕی و یاسا كە لە كاتی جێبەجێكردنی دەقی یاسا هاوپێوەندەكان بە وەزیفەی گشتی دروست دەبن وەك یاساكانی راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەمواركراو و هەروەها یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەمواركراو و .. یاسا هاوپێوەندەكانی دیكە، وەلامەكانیش پاڵپشت بە جێبەجێكردنە قەزاییەكان و هەروەها دەقی یاسا و رێنماییە بەركارەكان دراونەتەوە و هەوڵدراوە بە (تسبیب)ی یاساییەوە بخرێنە روو، رەنگە لە هەندێك لە وەلامەكانیشدا وەك بۆچوونی خۆمان لەبەرەنجامی رۆچوونە ناو وردەكاری جێبەجێكردنی ئەحكامەكانەوە وەڵاممان دابێتەوە كە بێگومان لەوەشدا بێ پاڵپشت وەلاممان نەداوەتەوە و لە شوێنی خۆیدا (تسبیب)ی یاساییمان بۆ هێناون.

سەرەرای ئەوەی لە پێشەوە باسمان كرد، هەوڵمانداوە لە هەڵبژاردنی بابەتەكانی نێو ئەم پەرتووكەدا ، تەركیز بكەینە سەر ئەو بابەتانەی رۆژانە لە نێو فەرمانگە حكومییەكاندا دووبارە دەبنەوە و دێنە بەردەستی فەرمانبەری گشتی بە تایبەت لە بەشەكانی كارگێڕیی و خۆیەتی، لە هەمانكاتیشدا هەوڵمانداوە بە زمانێكی سادە و كوردی بینوسین كە فەرمانبەران بە ئاسانی لێی تێبگەن و گرفتیان لەگەڵیدا نەبێت و لە هەمانكاتدا زاراوە یاساییەكانیش تیایدا وەك خۆیان بخەینەڕوو..

هیوادارین توانیبێتمان لەم بوارەدا خزمەتێكمان ئەنجام دابێت و كەلێنێكی بچوكی ئەم بوارەمان پڕ كردبێتەوە ، بێگومان هەموو كارەكانی مرۆڤ شایانی هەڵە و كەموكورتین و كاری تەواو و (كامڵ) تەنها شایستەی خوای كردگاری باڵادەستە و هەر ئەویش پشت و پەنای مرۆڤەكانە لە هەنگاوەكانیاندا.

لە كۆتاییدا سوپاسی هەر خوێنەریكی بەرێز دەكەم لە كارگێڕییەكان و یاساییەكان و پارێزەران بە سەرنج و رەخنەكانیان هاوكارمان بن بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموو لایەكمان خزمەت بە كەرتی وەزیفەی گشتی بكەین.

لەگەڵ رێز و خۆشەویستیم بۆ هەمووان .

**راوێژكاری یاسایی**

**عەبدولقادر صالح عەبدول**

## سوپاسی تایبەت

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی برای ئەزیز و مامۆستای بەرێزم (دکتۆر ئامانج رەحیم) سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەرکی کێشا بە پێداچوونەوە و نووسینی پێشەکی بۆ ئەم بەرهەمە ، هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنی هەمیشەیی بۆ دەخوازم .

نووسەر

# نـــاوەرۆك

(١)كورتەيەك لەسەر سزای فەسڵكردن و فەسڵكردنی وجوبی فەرمانبەر

(٢)میكانیزمی گەرانەوەی فەرمانبەری فەسڵكراو بۆ سەر وەزیفەكەی

(٣)كورتەیەك دەربارەی بەرپرسیارێتی سەرۆك و ئەندامانی لیژنە كارگێڕییەكان

(٤)شكلیەتە جەوهەرییەكان لە هەندێك لیژنەی كارگێڕییدا

(٥)ئایا لیژنەی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی لیژنەیەكی هەمیشەییە یان تەنها بۆ یەك كێشەیە؟

(٦)هێزی یاسایی پێشنیارەكانی كۆنووسی لێكۆڵینەوەی كارگێڕی (توصیات اللجنة التحقیقیة)

(٧)داواكاری گشتی و لیژنەكانی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی

(٨)كێ دەسەڵاتی سەپاندنی سزای هەیە بەسەر فەرمانبەردا

(٩)فەرمانبەری گشتی و سزا بەرزەفتكارییەكان

(١٠)ئایا سزای بەرزەفتكاریی كاریگەری لەسەر دواخستنی سەرمووچەی ساڵانەیە(العلاوە السنویة) یان بەرزكردنەوە (الترفیع)؟

(١١)مەبەست چی یە لە فەرمانبەری دەسەڵاتپێدراو لە لایەن وەزیر (الموظف المخول من قبل الوزیر) كە لە یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دا هاتوە؟

(١٢)رێگاكانی بەردەم فەرمانبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوسزایەی بەسەریدا سەپێنراوە

(١٣)سەپاندنی سزای (دابەزاندنی پلە) و سەرنجێكی قانونی

(١٤)سزایەك نییە بە ناوی (التنبیە)

(١٥)غیابدان لە وەزیفەی گشتی

(١٦)جیاوازی نێوان (اقصاء من الوظیفة) لەگەڵ سزای لەكارخستن (العزل) چی یە؟

(١٧)دەربارەی مۆڵەتی كەڵەكەبووی فەرمانبەر

(١٨)تەنسیبی فەرمانبەر چی یە و گرنگترین ئەحكامەكانی كامانەن؟

(١٩)تەنسیبی بەرزەفتكاریی (التنسیب الإنضباطی) چی یە؟

(٢٠)ئایا پارێزگارەکان دەسەڵاتی تەنسیبکردنی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی سەر بە وەزارتەکانی دیکەیان هەیە لە سنووری پارێزگاکەیاندا؟

(٢١)ئاسەوارە یاساییەکانی سوپاس و پێزانین لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەران

(٢٢)ئایا ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەرێوەبەر گشتییەکان و فەرمانبەرانی پلە تایبەت دەتوانن لەخولی مومارەسەکردنی وەزیفە یاندا بخوێنن یان مۆڵەتی خوێندن وەربگرن؟

(٢٣)کورتەی خوێندنەوەیەکمان بۆ ماددەی( ٢٣) ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو

(٢٤)ئایا بە بریکارنامەی گشتی (الوكالة العامة) دەتوانرێت دەستبەکاربونەوە (مباشرة) بۆ فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بکرێت؟

(٢٥)دەربارەی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر (سحب الید)

(٢٦)بەرێوەبردنی پۆست بە وەکالەت

(٢٧)دەربارەی دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەر(استقالة الموظف)

(٢٨)ئایا فەرمانبەری دەستلەکارکێشراوە (المستقیل) مافی دووبارە دامەزراندنەوەی هەیە لە وەزیفەی گشتیدا؟

(٢٩)دووبارە دامەزراندنەوەی فەرمانبەری دەستلەکارکێشاوە و چارەنووسی خزمەتی پێشووی

(٣٠)چارەنووسی خزمەتی وەزیفی پێشووی ئەو فەرمانبەرەی کە دادەمەزرێت (التعیین) و ئاماژەی پێ نەکردووە؟

(٣١)رێگاکانی کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەری حکومی

(٣٢)ئایا لە حاڵەتی کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر پێویست بە ئاگادارکردنەوە (أخطار)ی فەرمانبەرەکە دەکات؟

(٣٣)یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان و چەند سەرنجێکی یاسایی

(٣٤)بێ دەنگی و وەڵام نەدانەوەی دائیرە بە داواکارییەکانی فەرمانبەر

(٣٥)خواستن (الاعارة)ی فەرمانبەر چی یە؟

(٣٦)واقیعی کرداری پلەبەرزکردنەوە(الترفیع) لە فەرمانگە میرییەکاندا

**(٣٧)**ئایا فەرمانبەری گشتی دەتوانێت داوای یاسایی لەسەر بەڕێوەبەری دائیرەکەی یان وەزیری وەزارەتەکەی سەرەرای کارەکانیان تۆمار بکات؟

**(٣٨)**جێگیرکردنی تەمەن **(**تثبیت العمر**)** چی یە؟

**(٣٩)**چۆن مۆڵەتی بێ مووچە بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت؟

**(٤٠)**تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی چی یە؟

**(٤١)**چارەنووسی خزمەتی فەرمانبەر دوای تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی

**(٤٢)**بەرواری شایستەبوون بە مووچەی خانەنشینی لە حاڵەتی دواکەوتنی مامەڵەی خانەنشینی ؟

**(٤٣)**ئایا فەرمانبەری عەزلکراو یان فەسڵکراو مافی خانەنشینکردنیان هەیە؟

**(٤٤)**خانەنشینکردنی ئەو فەرمانبەرەی کۆتایی بە راژەکەی هێنراوە

**(٤٥)**گرفتی یاسایی لە خانەنشینکردنی خاوەن وەزیفە باڵاکان

**(٤٦)**حاڵەتەکانی لە کارترازانی **(**انفکاك**)** فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی

**(٤٧)**درێژکردنەوەی راژەی وەزیفی  فەرمانبەر

**(٤٨)**گلدانەوەی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەری قەرزار

**(٤٩)**جێگیرکردنی فەرمانبەری ژێر ئەزموون **(**تحت التجربة**)**

**(٥٠)**چۆنیەتی پەنا بردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند **(**دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم**)**

# (١)

# کورتەیەك لەسەر سزای فەسڵکردن و فەسڵکردنی وجوبی فەرمانبەر

## ١- کورتەیەك لەسەر سزای فەسڵکردن:

لە ماددەی (٨/حەوتەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموار کراو بابەتی فەسەڵکردن بەم جۆرە هاتووە:

سزای فەسڵکردن بە لادانی فەرمانبەر دەبێت لە وەزیفەکەی بۆ ماوەیەك کە لە بڕیاری فەسڵکردنەکەدا دیاری دەکرێت لەگەڵ تۆمارکردنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی سەپاندنی ئەم سزایە بەسەر فەرمانبەرەکەدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

أ/ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ساڵێك و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ گەرهاتووفەرمانبەر سزا درا بە دوو لەم سزایانەی لای خوارەوە یا بە یەکێکیان بۆ دوو جار و لە جاری سێهەمدا دوبارەی کردەوە لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری سەپاندنی سزای یەکەم بەسەریدا بە هۆی ئەنجامدانی کارێکەوە کە شایستەی سەپاندنی ئەو سزایە بێت بەسەریدا :

١- سەرزەنشت (التوبيخ)
٢- کەمکردنەوەی موچە (انقاص الراتب)
٣- دابەزاندنی پلە (تنزيل الدرجة)

ب/ماوەی مانەوەی فەرمانبەر لە زینداندا گەرهاتوو سزا درا بە بەندکردن یا زیندانیکردن لەسەر تاوانێك کە (مخلة بالشرف) نەبێت، ئەوەش لەبەرواری دەرچوونی حوکمەکە بەسەریدا ، هەروەها ماوەی دەستبەسەری(توقيف) دەچێتە چوارچێوەی ماوەی فەسڵکردنەکەوە و نیوەی ئەو موچەیەی لێ

ناسەنرێتەوە کە دەستکێشانەوەی بۆ کراوە، واتە لەم جۆرە فەسڵکردنەدا ماوەی زیندانیکردنی فەرمانبەرەکە دەبێتە ماوەی فەسڵکردنەکە .

## چەند حوکـــــــمێکی گشـــــــتی

**یەکەم:** دەسەڵاتی ئیدارە لەسەپاندنی سزای فەسڵکردن ، دەسەڵاتێکی کۆتوبەندکراوە (سلطة مقيدة) و دەسەڵاتی کارگێڕی بۆی نییە ئیجتیهاد بکات و بەدەر لەو دوو ڕێگەیەی لە ماددەکەدا هاتووە ئەم سزایە بسەپێنێت یا جۆرێکی دیکە لە فەسڵکردن دابهێنێت.

**دووەم:** سزای فەسڵکردن جیاوازە لەو دەستەواژە عورفیەی کە بەردەوام بەکاردێت و تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ حاڵەتەکانی دیکەی کۆتایی هێنان بە راژە یان دانانی فەرمانبەر بە دەستلەکارکێشراوە ، تەنها زاراوەی فەسڵکردن بە گوێرەی ئەم ماددەیە بەو ڕێگایانەی هاتوون بەکاردەهێنرێت لە هیچ جێگەیەکی دیکە بەکارناهێنرێت .

**سێهەم:** فەسڵکردن دەرکردنی فەرمانبەرە لە وەزیفەی گشتی بە شێوەی کاتی و پێویستە ماوەی فەسڵکردنەکە لە دەقی بڕیاری فەسڵکردنەکەدا بنوسرێت بۆ ئەوەی کە ماوەکە تەواو بوو فەرمانبەرەکە بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی مەگەر بێتوو فەرمانبەرەکە یەکێك لە مەرجەکانی وەزیفەی لە دەستدابێت کە لەم حاڵەتەدا ناتوانێت بگەڕێتەوە سەر وەزیفە.

**چوارەم:** فەسڵکردن لە دەسەلاتە شەخسییەکانی وەزیری تایبەتمەندە و جگە لە وەزیری تایبەتمەندە یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت، هیچ فەرمانبەرێکی دیکە دەسەلاتی سەپاندنی ئەم سزایەی نییە تەنانەت ئەگەر وەزیریش دەسەڵاتەکەی پێدا بێت.

**پێنجەم:** گەرهاتوو سزای فەسڵکردنەکە بە گوێرەی حوکمی ماددەی (٨/حەوتەم/أ) بوو کە فەسڵی جەوازییە، ئەوا دەبێت لەرێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوەوە بێت و بەدەر لەم ڕێگەیە سەپاندنی سزای فەسڵکردنەکە لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە دروست نییە، هەروەها دەسەلاتی کارگێڕیی

لەم کاتەدا دەسەلاتی کۆت و بەندکراوە بە لێکۆڵینەوە کردن لەوەی گەرهاتوو فەرمانبەرەکە سزا درابوو بە دوو لە سزاکانی (سەرزەنشت ـ التوبیخ ـ،کەمکردنەوەی موچە ـ انقاص الراتب ـ، دابەزاندنی پلە ـ تنزيل الدرجە ـ)یا بە یەکێکیان بۆ دوو جار و لە جاری سێههمدا دوبارەی کردەوە لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری سەپاندنی سزای یەکەم بەسەریدا بە هۆی ئەنجامدانی کارێکەوە کە شایستەی سەپاندنی ئەو سزایە بێت .هەروەها پێویستە ماوەی فەسڵکردنەکە لە ساڵێك کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت.

**شەشەم:** گەرهاتوو فەسڵکردنەکە بە گوێرەی حوکمی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) واتە لەبەرەنجامی ماوەی مانەوەی فەرمانبەربوو لە زینداندا گەرهاتوو سزا درا بە بەندکردن یا زیندانیکردن لەسەر تاوانێك کە (مخلة بالشرف) نەبوو، ئەوا لەبەرواری دەرچوونی حوکمەکەوە سزاکە دەسەپێنرێت بەسەریدا ، ماوەی دەستبەسەری(توقيف)یەکەیشی دەچێتە چوارچێوەی ماوەی فەسڵکردنەکەوە کە لەم کاتەدا دەسەلاتی کارگێڕیی ملکەچە بۆ حوکمەکەی دادگا و ناچارە بڕیاری فەسڵکردنەکە دەربکات، چونکە لێرەدا بڕیارەکەی دەسەڵاتی کارگێڕی بڕیارێکی (کاشف) نەك (منشأ) و لەسەر بنەمای بڕیارەکەی دادگا ماوەی فەسڵکردنەکە لە دەقی بڕیاری فەسڵکردنەکەدا دیاری دەکرێت.

### ٢- فەسڵکردنی وجوبی فەرمانبەر:

بە گوێرەی ماددەی (٨/ حەوتەم/ ب) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو، گەرهاتوو فەرمانبەر لە پای تاوانێك کە ئابڕووبەر نەبوو(غير مخله بالشرف) بەندکرا(حبس) یاخود زیندانی کرا (سجن) ، ئەوا بە گوێرەی ماوەی بەندکردنی یان زیندانیکردنەکەی فەسڵ دەکرێت . لەم بەرەنجامەوە چەند سەرنجێکی یاسایی دەخەینەڕوو:

**یەکەم :** فەسڵکردنی وجوبی ئەوەندەی تەکییفێکە بۆ داپڕانی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی بە هۆیەك کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی ، ئەوەندە

سزایەکی بەرزەفتکاری نیە و بەبڕوای ئێمە ئەگەر (مناط) ی سحب الید بریتی بێت لە راگیرانی (توقیف)ی فەرمانبەر، ئەوا (مناط)ی فەسڵکردنی وجوبی بریتییە لە بەندکردن یان زیندانیکردنی (الحبس أو السجن) فەرمانبەرەکە . لەبەر ئەوە زۆرێك لە شارەزایانی بواری یاسایی بروایان وایە کە ئەم جۆرە فەسڵکردنەکە سزای بەرزەفتکاری نیە، هەرچەند یاسادانەر بە سزای بەرزەفتکاری دایناوە.

**دووەم:** بڕیاری ئیدارە لە فەسڵکردنی فەرمانبەردا بڕیارێکی (کاشف)ە نەك (منشأ) و بە ئاسەواری گەراوەیی (أثر الرجعی) دەردەچێت.چونکە لەم کاتەدا دەسەلاتی ئیدارە دەسەڵاتێکی کۆتو بەندکراوە و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی هەڵسەنگاندن و بژاردەی دیکەی لەبەردەست دا نییە جگە لە دەرکردنی بڕیاری فەسلکردنەکە نەبێت.

**سێیەم:** بەبروای ئێمە باشتر وابوو کە یاسادانەر ئەم جۆرە فەسلە وجوبیەی فەرمانبەری لە نێو ریزی سزاکاندا دانەنایە و وەك بابەتی دەستپێکشانەوە (سحب الید) مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ بکردایە، چونکە بێگومان ئاسەواری ترسناك لەسەر فەرمانبەر دەخاتەوە کاتێك وەك سزای بەرزەفتکاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بۆ نمونە رەنگە فەرمانبەرەکە کەسێکی زۆر باش و خورەوشت بەرز بێت و یەکێك بێت لە فەرمانبەرە زۆر باش و نایابەکان، بەلام دەکرێت لە دەرەوەی وەزیفە دووچاری کێشەیەك ببێتەوە کە دواجار حوکم بدرێت بە بەندکردن و لەم بارەیەشەوە دائیرەکەی فەسڵی بکات ، بە گەرانەوەش بۆ ئەحکامی ماددەی (٨/هەشتەم/ج) کە تایبەتە بە سزای عەزلکردن، یاسادانەر جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە گەرهاتوو فەرمانبەر سزای فەسل درا و دواتر گەرایەوە وەزیفە و جارێکی دیکە کارێکی دیکەی ئەنجام دا کە شایستەی فەسڵکردن بێت ، ئەوا لەم کاتەدا لەبری فەسلکردنی دووەم سزای عەزلکردنی بەسەردا دەدرێت کە ئەمەش سزایەکی زۆر قورسە و کۆتایی هێنانی راژەی فەرمانبەرە بۆ هەمیشەیی، چونکە لێرەدا یاسادانەر بە شێوەی رەها باسی فەسلکردنی کردووە و جیاوازی نەکردووە لە نێوان فەسلکردنی بڕگەی (أ) و (ب) ی مادەی (٧/٨)ی یاساکە.

## (٢)

# میکانیزمی گەڕانەوەی فەرمانبەری فەسڵکراو بۆ سەر وەزیفەکەی

یەکێك لەو کێشانەی کە رووبەرووی فەرمانبەرێك دەبێتەوە کاتێك بە پێی ئەحکامی ماددەی (٨ / حەوتەم/أ ، ب) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران فەسڵدەکرێت بریتییە لە چۆنیەتی گەڕانەوەی بۆ سەر وەزیفەکەی، چونکە یاساکە باسی لە میکانیزمی گەڕانەوەکەی نەکردووە و ئەوە یەکلا نەکراوەتەوە کە ئایا بە حوکمی یاسا دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی یان بڕیاری گەڕانەوەکەی دەچێتە چوارچێوەی دەسەلاتی تەقدیری دائیرەکەی و لەسەر بنەمای پێداویستی بە ڕاژەی فەرمانبەرەکە بڕیار لە گەڕانەوەکەی دەدرێت؟ کە ئەمەش لەگەڵ ڕۆحی یاساکەدا گونجاو نییە.

بەبڕوای ئێمە پێویستە لەسەر ئەو دائیرەی کە فەرمانبەرەکەی فەسڵکراوە تا بیگەڕێنێتەوە سەر وەزیفەکەی لە پاش تەواو بوونی ماوەی فەسڵەکە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :

**یەکەم:** بە پێی دەقی ماددەی (٨/ حەوتەم ) ی یاساکە ، فەسڵکردنی فەرمانبەر بۆ ماوەیەك دەبێت کە پێویستە لە بڕیاری فەسڵکردنەکەدا دەستنیشان بکرێت، واتە سەرەتای دەستپێکردنی ماوەی فەسڵەکە و کۆتاییەکەی دیاری دەکرێت، واتە فەسڵەکە تەنها لەو ماوەیەدا جێبەجێ دەکرێت و لە دوای ئەو ماوەیە فەرمانبەرەکە دەبێت بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی.

**دووەم:** بەبڕوای ئێمە ئاماژە نەدانی یاسادانەر بە چۆنیەتی گەڕانەوەی فەرمانبەرەکە بۆ سەر وەزیفەکەی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕانەوەی فەرمانبەرەکە بۆ سەر وەزیفەکەی بابەتێکی مشتومڕ هەڵنەگر و (تحصیل حاصل) و پێویست دەکات دوای تەواو بوونی ماوەی فەسڵکردنەکە

بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی وەك بڕیاری ژمارە (٩٩٧) سالی ١٩٧٨ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) ئاماژەی پێداوە[١].

**سێهەم:** فەسڵکردنی وجوبی فەرمانبەر کە لە بڕگەی (ب) ماددەی (٨/ حەوتەم)ی یاساکەدا هاتووە، ئەوەندەی تەکیفێکە بۆ حالەتی بەندکردن یان زیندانی کردنی فەرمانبەرەکە لەسەر تاوانێکی سزایی کە (مخلة بالشرف) نە بێت، ئەوەندە سزایەکی بەرزەفتکاریی نییە و لەم حاڵەتەدا ، فەسڵکردنەکە هەمان رۆڵی دەستپێکشانەوەی (سحب الید) وجوبی دەبینێتەوە لە حالەتی راگیرانی (توقیف) فەرمانبەر لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە.

**چوارەم:** ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان لە بیرورا دەربڕینی ژمارە (٢٠١١/٣٠ لە ٢٠١١/٩/٢٠) دەسەڵاتی کارگێڕیی پابەندکردووە بەگەرانەوەی فەرمانبەر بۆ سەر وەزیفەکەی لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی فەسڵکردنەکەی ئەوەش دوای دڵنیابوونەوە لە هەبوونی تەواوی مەرجەکانی دامەزراندن . وەك هاتووە:" **عقوبة الفصل عبارة عن ابعاد الموظف لفترة مؤقتة من الوظيفة، لذا فإن الإدارة ملزمة بإعادة الموظف المعاقب بالفصل بعد إنتهاء مدة فصله، بعد التأكد من إستيفائه لكافة شروط التعيين.**" [٢] کە بەبڕوای ئێمە ئەنجومەنی ناوبراو لەم بیرورا دەربڕینەیدا بە تەواوی رۆحی یاساکەی جێبەجێکردووە و دادپەروەرانە بیروڕای خۆی دەربڕیوە.

---

[١] قرار رقم ٩٩٧ في ١٩٧٨/٧/٣٠ : ...ثالثا – ١ – يعتبر المحكوم عليه من العاملين في الدولة أو القطاع الاشتراكي موظفا كان أم عاملا مفصولا من الخدمة العامة خلال مدة بقائه في السجن.٢- يعاد المحكوم عليه (من العسكريين ورجال الشرطة والموظفين والعمال والمستخدمين) الى الخدمة العامة بعد خروجه من السجن الا اذا فقد شرطا من شروط التعيين، ولا يحرم من تولي الخدمات العامة بشكل نهائي واذا وجد مانع من اعادته الى العمل الذي فصل منه، فيعين في عمل آخر في الدولة أو القطاع الاشتراكي. منشور في جريدة الوقائع العراقية رقم (٢٦٦٧ في ١٩٧٨/٨/٧ ص١٠٦٤).

[٢] المبادىء القانونية فى القرارات و فتاوى مجلس شورى إقليم كوردستان – العراق ٢٠٠٩ - ٢٠١١ ، اربيل ، الطبعة الأولى، مطبعة الحاج هاشم ،سنة ٢٠١٢ ص٨٧.

**پێنجەم:** وەك گوتمان فەسڵکردن واتە دوورخستنەوەی کاتی فەرمانبەرە لە وەزیفەکەی بۆ ماوەیەك کە لە بڕیاری فەسڵکردنەکەدا دەستنیشان دەکرێت، پاش کۆتایی هاتنی ماوەکەی پێویستە بگەڕێنرێتەوە سەر وەزیفەکەی ، بەپێچەوانەوە ئەگەر مافی گەڕانەوەی نەمێنێ ئەوا دەستنیشانکردنی ماوەی فەسڵکردنەکە لە بڕیارەکەدا و پێداگری کردنەوەی یاسادانەر لەسەر دەستنیشانکردنەکە، هیچ (جدوی) یەکی قانونی نابێت.

**شەشەم:** بە گوێرەی  بڕیاری دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەولەت (دادگای باڵای کارگێڕیی عێراق ) بە ژمارە (٦٣٩/بەرزەفتەکردن/پێداچوونەوە/٢٠١٢ لە ٢٠١٣/٥/٢٦) جەخت لەوە کراوەتەوە کە تەنانەت دەسەلاتی کارگێڕیی ناتوانێت  تەسەروف بە پلەی وەزیفیی فەرمانبەری فەسڵکراوە بکات و پڕی بکاتەوە بە فەرمانبەری دیکە، چونکە ئەوە مافی فەرمانبەرە فەسڵکراوەکەیە و پێویستە وەك خۆی بمێنێتەوە تا ماوەی فەسڵکردنەکەی تەواو دەبێت و ئەو کات بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و پڕی بکاتەوە ، هەروەك بڕیارەکە پێداگری لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە پڕکردنەوەی وەزیفەی فەرمانبەری فەسلکراو لەلایەن ئیدارەوە بە کەسێکی دیکە هیچ سەنەد و پاڵپشتێکی قانونی نیە(واتە کارێکی نایاساییە) و رێگە پێدراو نییە[1] .

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە ، پێویستە فەرمانبەری فەسڵکراو پاش کۆتایی هاتنی ماوەی فەسڵکردنەکەی بگەڕێنرێتەوە سەر وەزیفەکەی ، مەگەر بێتوو مەرجێکی فەرمانبەرێتی لە دەست دابێت وەك لە بڕیاری ژمارە (٩٩٧)ی ئاماژە پێکراودا هاتووە و هەر جۆرە دواخستن یان کۆسپ و لەمپەرێك لەبەردەم گەڕانەوەی  فەرمانبەرەکەدا دروست بکرێت، ئەوا بە تەعەسوف دادەنرێت لەلایەن ئیدارەوە دژی فەرمانبەرە کە و سەرپێچی یاساکەیە.

---

[1] قضاء المحكمة الإدارية العليا، القاضي لفته هامل العجيلى، ط١،مطبعة الكتاب، بغداد، ٢٠١٦، ص٣٣١.

## (٣)

## کورتەیەك دەربارەی بەرپرسیارێتی سەرۆك و ئەندامانی لیژنە کارگێڕییەکان

لە نێو وەزارەت و دامودەزگا و فەرمانگە حکومییەکاندا ، زۆر جار بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك ئیش و کاری کارگێڕیی یان یاسایی یان هونەریی یان هەر پسپۆرییەکی دیکە ، لیژنەی جۆراوجۆر پێکدەهێنرێت، وەك لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی یان لیژنەی سەرمووچە و دەرماڵە یان لیژنەکانی سەرپەرشتی پرۆژەکان یان لیژنەی وەرگرتنی سەرەتایی یان -وەرگرتنی کۆتایی پرۆژە یان هەر لیژنەیەکی دیکە کە یاساکان دەقیان لەسەر هێناوە یاخود دەسەلاتی کارگێڕیی بە گوێرەی دەسەلاتی هەڵسەنگاندنی خۆی پێکی دەهێنێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارێك.

بێگومان تایبەتمەندی ئەو لیژنانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەو بنەما یاساییەی کە پشتی پێ بەستراوە لە پێکهێنانیدا، بۆنمونە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی سروشتی کارو تایبەتمەندییەکەی لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەراندا هاتووە، یان لیژنەی پلەبەرزکردنەوە سروشت و تایبەتمەندییەکەی لە یاسای مووچەی فەرمانبەراندا هاتووە و بەم شێوە .... هتد.. بەو مانایەی کە هەر لیژنەیەك بە گوێرەی تایبەتمەندی دیاریکراوی لە یاسا یان پەیڕەو و ڕێنماییەکاندا کارەکانی ئەنجامدەدات ، کە ئەمەش پێویست دەکات ئەندامانی لیژنەکە شارەزاییەکی باش و گونجاویان هەبێت لەو یاسایەی کە تایبەتمەندی لیژنەکەی بۆ دیاریکردوون.

هەروەها هەندێکجار لەو یاسایانەدا ، ژمارەی ئەندامانی لیژنەکان و پسپۆری و پلەی وەزیفییشیان دیاریکراوە ، لە هەندێك یاسادا تەنانەت پلەی وەزیفی سەرۆکی لیژنەکە بە تایبەت دیاریکراوە وەك لیژنەی پلەبەرزکردنەوەی

فەرمانبەران کە لەم کاتەدا پێویستە دەسەڵاتی کارگێڕیی پابەندی ئەم دیاری کردنە بێت.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت لەبارەیەوە بدوێین تایبەتە بە بەرپرسیارێتی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکان کە ئایا ئەو بەرپرسیارێتییە چۆنە و کاروباری ناو لیژنەکاندا چۆن ڕێکدەخرێن؟ کە لەم بارەیەوە چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** پێویستە هەموو لیژنەیەك سەرۆکێکی هەبێت، چونکە ناکرێت لیژنەیەك سەرۆکی نەبێت، کە ئەمەش دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە ئایا بەرپرسیارێتی سەرۆك چ جیاوازییەکی هەیە لە ئەندامانی دیکەی لیژنەکە؟

وەك گوتمان ناکرێت لیژنەیەکی چەند کەسی لەرووی ئیداری و یاساییەوە بێ سەرۆك کارەکانی ئەنجام بدات، بەلکو پێویستە سەرۆکێکی هەبێت،لێرەشەوە پێویست دەکات کە سەرۆکی لیژنە لانی کەم خاوەن ئەزموون و شارەزایی ئەوتۆ بێت بەبەراورد بە ئەندامانی تری لیژنەکە و ئاستێکی باڵای هەبێت بە تایبەت لە رووی تایبەتمەندی لیژنەکەوە، چونکە سەرۆکی لیژنە بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی کاروبارە ئیدارییەکانی لیژنەکەی دەکەوێتە ئەستۆ لە ئەنجامدانی کۆبونەوە و دابەشکردنی کاروبارەکان و دانانی بەرنامەی کارکردن و گەرانەوە بۆ ئەو مەرجەعەی کە لیژنەکەی پێکهێنانەوە ، بە کورتی سەرۆکی لیژنە لەم رووەوە رۆڵێکی ئیداری دەبینێت بۆ باش ئەنجامدانی کارەکانی لیژنەکە و زوو ئەنجامدانی لە کاتی گونجاوی خۆیدا و بەو جۆرایەتییەی کە لە لیژنەکە داواکراوە.

**دووەم:** بەرپرسیارێتی کارکردن لە ناو لیژنەکاندا بەرپرسیارێتی (تضامنی) یە و ئەندامانی لیژنە بە گوێرەی پسپۆری وپەیوەندییان بە کارەکە و ئاستی کەمتەرخەمییان بەرپرسیارەبن بەرامبەر بەو مەرجەعەی کە پێکهێناوە ، لەم بارەیەشەوە پێویست دەکات ئەندامانی لیژنە هەر یەکەیان بە گوێرەی پسپۆری خۆیان تەواوی هەوڵ و ماندوبوونی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو

ئەركەی پێیان سپێراوە تا ئەنجامی بدەن بەشێوەیەكی سەركەوتوو رایپەڕێنن .

**سێهەم:** گەرهاتوو ئەندامێك یاخود ئەندامانی لیژنە پابەندنەبوون بەو ئەرك و كار و خشتەی كاركردنەی كە سەرۆكی لیژنە بۆی دانابوون و ئەركەكانی سەرشانیان بە رێكو پێكی ئەنجام نەدەدا، ئەوا سەرۆكی لیژنە دەتوانێت بە یاداشتی نوسراو ئاگاداری سەرووی خۆی بكاتەوە لەم بارەیەوە ، بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاسایی بگیرێتە بەر بەرامبەر بەو ئەندامەی لیژنەكە كە پابەند نییە بە ئەركەكانی سەرشانی.

**چوارەم:** گەرهاتوو ئەندامانی لیژنە پاش ئاگاداركردنەوە و گفتوگۆكردن لەگەل سەرۆكی لیژنە، بەلام سەرۆكی لیژنەكە ئامادە نەبوو بە ئەركەكانی خۆی هەستێت و كاروبارەكانی لیژنەكەی پشتگوێ خستبوو، ئەوا ئەندامانی لیژنەكە و بەمەبەستی بەرپرسیار نەبوون ، دەتوانن لەرێگەی یاداشتێكەوە ئەو مەرجەعەی لی ئاگادار بكەنەوە كە لیژنەكەی پێكهێناوە بۆ ئەوەی كاری پێویست ئەنجام بدات.

**پێنجەم:** ئەندامانی لیژنە مەرج نییە هەموویان بە دەستەجەمی یان كۆدەنگ كۆك بن لەسەر كۆنووسی لیژنە،بەڵكو دەكرێت كۆنووسی لیژنە بە زۆرینە واژۆ بكرێت ، كە ئەمەش سروشتی كاری لیژنەیە و مەرج نییە كۆنووسی لیژنە بە كۆدەنگی پێشكەش بكرێت، بەڵام پێویست دەكات سەرجەم ئەندامان واژۆی بكەن ئەگەر (تحفظ)یان نەبوو، خۆگەرهاتووئەندامێكی لیژنەكە خۆپارێزی (تحفظ) ی هەبوو لەسەر بڕگەیەكی كۆنووسەكە یان رێوشوێنێكی كۆنووسەكە، ئەوا لەم كاتەدا دەكرێت ئەویش بە یاداشتێكی نووسراو خۆپارێزی (تحفظ) ەكەی خۆی هاوپێچی كۆنوسی لیژنەكە بكات كاتێك بەرزدەكرێتە بۆ ئەو مەرجەعەی لیژنەكەی پێكهێناوە . بەڵام ئەندامی لیژنە بە مەبەستی دروست نەبوونی بەرپرسیارێتی لەسەری بۆی نییە خۆی بگرێتەوە (امتناع) لە واژۆكردنی

کۆنووس بێ ئەوەی (تحفظ) یان هۆکاری واژۆنەکردنەکەی بخاتە بەردەست لیژنەکە

**شەشەم:** لە کۆتاییدا ، کۆنووسی لیژنە و ئەندامانی لیژنە لەبەرەنجامی کۆمەڵە رێوشوێن و هەنگاوێکی کرداری و بە دواداچون و لێکۆڵینەوەوە پێشنیار بەرزدەکەنەوە بۆ ئەو مەرجەعەی لیژنەکەی پێکهێناوە بەمەبەستی پەسەند کردنی ، هەروەها پێویستە هەر پێشنیارێك کە لیژنەکە بەرزی دەکاتەوە بۆ مەرجەعەکەی پاساودار و هۆکارداربێت و هۆکارەکەی بە وردی روون کرابێتەوە ، چونکە دواجار ئەم هۆکارە دەچێتە نێو هۆکاری هەر بڕیارێکەوە کە لەبەرەنجامی ئەو کۆنووسەوە دەردەچێت.

## (٤)

## شكلیەتە جەوهەرییەكان لە هەندێك لیژنەی كارگێڕییدا

مەبەست لە شكلیەتە جەوهەرییەكان، بریتین لەو شكلیەتانەی كە یاسادانەر دەقی لەسەر هێناوە لە پێكهێنانی لیژنەكاندا و پێویستە لەلایەن دەسەلاتی كارگێڕییەوە پەیڕەو بكرێت كاتێك بڕیار دەردەكات بە پێكهێنانی لیژنەكە، لە نمونەی ئەو جۆرە لیژنانەش:

**یەكەم:** لیژنەی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی (م١٠/یەكەم) لە یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١.

یاسادانەر لە پێكهێنانی ئەم لیژنەیەدا چەند شكلیەتێكی داناوە كە پێویستە ئیدارە لە كاتی پێكهێنانیدا پێوەی پابەند بێت كە بریتین لە:

١-دەبێت ئەندامانی لیژنەكە (٣) كەس بێت نە زیاد نە كەم.

٢-دەبێت یەكێك لە ئەندامانی لیژنەكە بروانامەی بەكالۆریۆسی لە یاسادا بەدەستهێنابێت.

٣-دەبێت ئەندامانی لیژنەكە خاوەنی شارەزایی بن.

**دووەم:** لیژنەی بەرزكردنەوەی فەرمانبەران (ترفیع) (م٧/یەكەم) لە یاسای موچەی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨.

یاسادانەر لە پێكهێنانی ئەم لیژنەیەدا چەند شكلیەتێكی داناوە كە پێویستە ئیدارە لە كاتی پێكهێنانیدا پێوەی پابەند بێت كە بریتین لە:

١-دەبێت لیژنەكە لە (٣) ئەندام پێكهاتبێت نە زیاد و نەكەم.

٢-دەبێت سەرۆكی لیژنەكە وەزیفەكەی لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی(معاون مدیر عام) كەمتر نەبێت.

٣-ئەندامانی دیكەی لیژنەكە نابێت وەزیفەكەیان لە بەڕێوەبەر(مدیر) كەمتر بێت.

**سێهەم:** لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت (م/٨)لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی ماڵ و سامانی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦.

یاسادانەر لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیەدا چەند شکلیەتێکی داناوە کە پێویستە ئیدارە لە کاتی پێکهێنانیدا پێوەی پابەند بێت کە بریتین لە:

١-دەبێت لیژنەکە لە (٣) ئەندام پێکهاتبێت نە زیاد و نەکەم.

٢-دەبێت سەرۆك و ئەندامانی لیژنە کە خاوەن شارەزایی بن و پلەکەیان لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی تێبینەران(رئیس الملاحظین) کەمتر نەبێت .

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد دوو دەرەنجام دەکەوێتەوە:.

**یەکەمیان:**ئیدارە دەسەلاتی کۆت و بەندکراوە (مقیدة) لەبەرامبەر پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە شکلیەتانەدا، واتە بۆی نیە جێبەجێیان نەکات.

**دووەمیان:** گەرهاتوو ئەو شکلیەتانە پەیڕەو نەکرێن لەلایەن ئیدارەوە ئەوا هەر بڕیارێك یان رێککارێك لە کارەکانی ئەو لیژنانەوە بکەوێتەوە بە پوچەڵکراوە (باطل) دادەنرێن.

## (٥)

## ئایا لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لیژنەیەکی هەمیشەییە یان تەنها بۆ یەك کێشەیە؟

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/ یەکەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ کە بناغەی یاسایی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەیە، ئاماژە نەکراوە بەوەی کە لیژنەکە لیژنەیەکی هەمیشەیی بێت یان تایبەت بێت بە یەکلاکردنەوەی یەك کێشە، هەروەك لە لایەن خۆیانەوە ئەو فەقیهانەیشی کە شەرحی یاساکەیان کردووە ئاماژەیان بەوە نەداوە کە لیژنەکە هەمیشەییە یان بۆ یەك کێشە پێکدێت، واتە ئەم بابەتە بەجێهێڵراوە بۆ دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی دائیرەی تایبەتمەند، لێرەدا هەڵسەنگاندن بۆ هەردوو حاڵەتەکە دەکەین و دواتر لەو بارەیەوە رای خۆمان دەخەینەروو:

**یەکەم: ئەگەر لیژنەکە هەمیشەیی:**

ئەگەر لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لیژنەیەکی هەمیشەیی بێت واتە بۆ ماوەی (٦) بێت یان ساڵێك و وەك لیژنەیەکی قەزایی بێت و فەرمانبەری بۆ هەواڵە بکرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەشێت بە هۆی تایبەتمەندبوون بە یەك جۆرە لیژنەوە ئەندامانی لیژنە شارەزایی و پسپۆری باش وەربگرن و بتوانن لە ماوەیەکی کەمدا کێشەکان یەکلا بکەنەوە و ماوەی زەمەنی بگەڕێتەوە بۆ دائیرەکە بەبەراورد بەوەی گەربێتوو لیژنەکە بۆ یەك کێشە پێك بهێنرێت.

بەلام لەرووەکەی دیکەوە و گەربێتوو لیژنەکە هەمیشەیی بێت ئەوا دەکرێت کۆمەڵێك سەرنج هەڵبگرێت لەوانە:

١- لە حاڵەتی بوونی ناکۆکی یان دۆستایەتی لە نێوان فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە و یەکێك یان زیاتر لە ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە، کە لەم کاتەدا وا پێویست دەکات کە ئەو ئەندامانەی ناکۆکی

یان دۆستایەتیان لەگەل فەرمانبەرەکە هەیە (تنحی) لە لیژنەکە بکەن بەمەبەستی پاراستنی بێ لایەنی و دادگەری لە لێکۆڵینەوە.

٢-لە حالەتی هەواڵەکردنی یەکێك لە ئەندامانی خودی لیژنەی لێکۆلینەوە بۆ بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە کە ئەمەش گرفتی یاسایی دروستدەکات، چونکە دواجار ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە فەرمانبەرن و دەکرێت سەرپێچی بکەن و رووبەرووی لێکۆڵینەوە بکرێنەوە.

٣-لە حاڵەتی گواستنەوەی راژە یان تەنسیب یان کۆتایی هێنانی بە راژەی ئەندامانی لیژنەکە ، چونکە فەرمانبەر لە کاری وەزیفیی خۆیدا تەنها کاری لێکۆڵینەوە نییە و ئەنجامدانی کاری لیژنەی لێکۆڵینەوە کاریکی لاوەکییە سەبارەت بە وەزیفە بنەرەتییەکە و مافی خۆیەتی داوای گواستنەوەی راژە بکات یان لەبەر پێداویستی تەنسیب بکریت یان کۆتایی بە راژەکەی بهێنریت.

٤-هەندێك کێشە رەنگە لە کۆتایی ماوەی کاری لیژنەکە رووبدات یان ماوەی لێکۆڵینەوەکە زۆر بخایەنێت کە لەم کاتەدا پێویستە هەوالەی لیژنەی دووەم بکرێت کە ئەمەش گرفتێکی یاساییە و لەگەڵ رەوتی لێکۆڵینەوەی کارگێری گونجاو نییە.

٥-رەنگە هەندێك جار پسپۆری وەزیفی ئەندامانی لیژنە لەگەل سروشتی ئەو کێشەیە نەگونجێت کە خراوەتە بەردەستیان و بەم جۆرەش نەتوانن دۆسیەکە وەك پێویست یەکلا بکەنەوە لەبەر نەبوونی شارەزایی پێویست لەو بارەیەوە.

لەبەرەنجامی ئەو پێنج خاڵەی ئاماژەمان پێدا لە کاری وەزیفیدا کە چاوەرێکراون،پێویست دەکات ئەندامانی لیژنە گۆرانکارییان تیا بکرێت کە ئەمەش کارێکی قورس دەبێت بۆ ئیدارە و کاری لیژنەکە لەرووی کات و رێککاریی ئیداری و وردەکاری لە لێکۆڵینەوە و زۆر شتی دیکەی تریش.

**دووەم: ئەگەر لیژنەکە تایبەت بێت بە یەکلاکردنەوەی کەیسێکی دیاریکراو**

بێگومان لەم حاڵەتەشدا لەهەردوو رووەکەوە لیژنەکە سەرنج هەڵدەگرێت، چونکە لەلایەك دەکرێت ئەندامانی لیژنەکە خاوەنی شارەزایی ئەوتۆ نەبن لە کاتی لێکۆڵینەوە کردندا و وەك پێویست مومارەسەی ئەوەیان نەبێت لێکۆڵینەوەکە بەباشی ئەنجام بدەن، هەروەك رەنگە ئەندامانی لیژنەکە لەبەر نەبوونی سەقفێکی زەمەنی دیاریکراو بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکە، سستی بنوێنن لە زوو یەکلاکردنەوەی دۆسیەکە، ئەمە سەرەرای ئەوەی رەنگە لە هەندێك دۆخدا کە کێشە و گرفت زۆربن و وەك پێویست فەرمانبەری بە توانا و لێهاتوو بەردەست نەبن بۆ ئەوەی لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە دابنرێن و بتوانن دۆسیەکان یەکلایی بکەنەوە، کەسانی بێ توانا و نەشارەزا ببن بە ئەندامی لیژنەکە.

بەڵام بەبروای ئێمە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە یەك کێشە دەکرێت سەرکەوتوو بێت ئەگەر بێتوو رەچاوی هەندێك خاڵ بکرێت:

١ -هەروەك لە دەقی ئەحکامی ماددەی (١٠/یەکەم) ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەراندا هاتووە و وەك مەرجێکی شکلی جەوهەری یاسادانەر مامەڵەی لەگەڵ کردووە، پێویستە ئەندامانی لیژنەکە کەسانی خاوەن شارەزایی بن ، واتە کەسانی خاوەن ئەزمون بن لە وەزیفەی خۆیاندا ، بێگومان لەم کاتەشدا لەبەر ئەوەی مەرجە لە لیژنەکەدا یاسایی هەبێت، ئەوا ئەم مەرجی شکلیەتە بەسەر یاساییەکەشدا جێبەجێدەکرێت و بەم جۆرەش لیژنەکە دەتوانێت بە وردی کارەکانی خۆی تەواو دەکات.

٢ -ئیدارە بە ئاسانی دەتوانێت بە گوێرەی سروشتی سەرپێچی فەرمانبەرەکە و بابەتی کێشەکە فەرمانبەری تایبەتمەند و خاوەن شارەزایی بۆ لیژنەکە دابنێت و بەم هۆیەشەوە لیژنەکە لەرووی بابەتی و کاتەوە دەتوانیت بە شێوەیەکی زۆر باش لێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەن.

٣ -لیژنەکە وەك کارێکی رۆتینی سەیری دۆسیەکە ناکات بەبەراورد بەوەی گەر بێتوو لیژنەکە هەمیشەیی بێت و وەك وەزیفەیەك سەیر بکرێت و

شێوەی رۆتینی وەربگرێت، بەو مانایەی کە لیژنەکە لەبەر ئەوەی کارەکەی کورت دەبێتەوە لە بەئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەوا بێگومان هەوڵی خۆی دەخاتە گەر لانی کەم بۆ ئەوەی بەرپرسیار نەبێت و کارەکانی بەباشی و سەرکەوتووی ئەنجام بدات.

٤ -لە حاڵەتی پێکهێنانی لیژنەی لەم شێوەیە رەنگە بە هۆی زۆر بوونی کێشەوە،ژمارەیەکی بەرچاو فەرمانبەر شارەزایی باش وەربگرن لە لێکۆڵینەوەدا ، چونکە کاری لێکۆڵینەوە بۆ ماوەی ساڵێك یان شەش مانگ لە دەستی چەند کەسێکدا حصر نابێت، بەم هۆیەشەوە سەرمایەیەکی باش لە فەرمانبەری شارەزا و لێهاتوو لەم بوارەدا پێدەگەن.

٥ -بەبروای ئێمە و بەمەبەستی چەسپاندنی دادگەری و بێ لایەنی باشتر وایە لە کاتی پێکهێنانی لیژنەدا ئەگەر گونجا، ئەوا فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە لە ناو بەرێوەبەرایەتییەکی گشتیدا لەلایەن وەزارەتەوە لیژنەکەی بۆ پێکبێت و خۆ ئەگەر لە ناو بەرێوەبەرایەتییەکی لاوەکی بوو، ئەوا لەسەر ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتی لیژنەکەی بۆ پێکبێت.

٦ - دەربارەی سەرۆکی لیژنەکەش ئەوا دەکرێت بە گوێرەی ناوەرۆکی بابەتی سەرپێچی فەرمانبەرەکە یان کێشەکە دەکرێت سەرۆکی لیژنەکە دەستنیشان بکرێت بۆ نمونە ئەگەر بابەتی لێکۆڵینەوەکە پزیشکی بوو ، باشتروایە پزیشکێك سەرۆکی لیژنەکە بێت، خۆ گەرهاتوو بابەتەکە یاسایی بوو ئەوا گونجاوترە سەرۆکی لیژنەکە یاسایی بێت و بەم شێوە ..هتد

# (٦)

## هێزی یاسایی پێشنیارەکانی کۆنووسی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی (توصيات اللجنة التحقيقية)

جیاواز لە دۆسیەکانی دادگا کە بەبڕیار کۆتایی دێت، کۆنووسی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بە پێشنیار کۆتایی دێت، لەسەر ئەم بنەمایەش پێشنیارەکانی نێو کۆنووسی لێکۆڵینەوە بە بڕبڕەی پشتی کاری لێکۆڵینەوەکە دادەنرێت و گوشراو و پوختەی کاری لیژنەکەیە و بە هێزی و وردی پێشنیارەکان ، بەڵگەی وردی و بە هێزی لێکۆڵینەوەکەیە ، بۆیە لێرەدا بە کورتی چەند سەرنجێك لەسەر ئەم بابەتە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم:** مەرجە هەموو پێشنیارەکانی کۆنووسی لێکۆڵینەوە هۆکار داربن ، واتە (تسبیب)کراوبن، هەروەك ماددەی (١٠/دووەم)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران جەختی لەسەر کردۆتەوە ، چونکە دواتر کاتێك کۆنووسەکە پەسەند کرا لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە و بڕیاری کارگێڕیی پێ دەرکرا، ئەوا هۆکاری پێشنیارەکان دەبنە هۆکاری بڕیارە کارگێڕیەکان کە ئەمەش یەکێك لە روکنە سەرەکیەکانی بڕیاری کارگێڕیی دروستدەکات.

**دووەم:** مەرجە هۆکارەکان بۆ پێشنیارکردنی سزا بەرزەفتکارییەکاندا هۆکاری کارگێڕیی و ئەو هۆکارانە بن کە یاساکە دەقی لەسەر هێناون ،واتە رێگە پێدراو نییە بە هۆکاری سزایی (جزائي) سزای بەرزەفتکاریی فەرمانبەر بدرێت، چونکە لیژنەکە تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوەی سزایی و ئەو بابەتەش دەچێتە دەرەوەی تایبەتمەندییەکانی .

**سێیهەم:** پێشنیاری لیژنەکە پێش پەسەند کرانی لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە هێزی یاسایی نییە و لەسەر ئەم بنەمایەش رێگە پێدراو نییە تانە لە پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە بدرێت تا ئەو کاتەی لەلایەن ئەو

لایەنەوە پەسەند دەکرێت کە پێشنیارەکەی بۆ بەرزکراوەتەوە و فۆرمی بڕیاری کارگێڕیی دەکرێت بەبەریدا.

**چوارەم:** پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە بەسزادانی فەرمانبەر تەنها لەلایەن خودی فەرمانبەرەوە دادخوازی(تظلم) لێدەکرێت و پاشان تانەی (طعن) لێدەدرێت، لەبەر ئەوەی بابەتە کە دەچێتە چوارچێوەی مافی شەخسی و جگە لە فەرمانبەر هیچ لایەنێکی دیکە بۆی نیە تانەی لێ بدات وەك داواکاری گشتی ، چونکە یاساکە رێگەی پێنەداوە.

**پێنجەم:** رێگە پێدراو نییە لە نێو پێشنیارەکاندا دوو سزا پێشنیار کرابێت بۆ فەرمانبەرێك لەسەر یەك سەرپێچی بەرزەفتکاریی، یاخود سزایەك و رێوشوێنێکی دیکە وەك گواستنەوەی راژە یان تەنسیب یان هەر رێککارێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکە دروستبکات و وەك سزا بەکارهاتبێت.

**پێنجەم:** پێشنیارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە بوونە بڕیار ئەو کات لەپاش راگەیاندنی(تبلیغ) بە فەرمانبەرەکە (مەبەست لە سزاکانە) دەرگای دادخوازی بۆ دەکرێتەوە بە گوێرەی ئەوەی کە ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاساکە دەقی لەسەر هێناوە.

## (٧)

## داواکاری گشتی و لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی

### یەکەم: بەرێوەچوونی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بێ ئامادەبوونی ئەندامی داواکاری گشتی

بە گوێرەی بیرورا دەربڕینی دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٢) لە ٢٠١٢/١١/٦ ئەو بڕیارانەی کە دەردەچن پاڵپشت بە پێشنیارەکانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کە بەبێ ئامادەبوونی ئەندامی داواکاری گشتی بەرێوەچووە بە پوچەڵکراوە دانانرێن گەرهاتوو ماوەی تانەلێدانیان بەسەرچوو بوو.. بەمەبەستی شرۆڤە کردنی ئەم بیرورایە چەند سەرنجێکی یاسایی دەخەینەڕوو :

**یەکەم:** ئامادەبوونی ئەندامی داواکاری گشتی لەبەردەم لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی ، بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ هیچ دەقێکی یاسایی لەسەر نەهاتووە و نەکراوە بە (شکلیەتێکی جەوهەری) تا دواجار ئەم ئامادەنەبوونە ببێتە هۆی خستنەوەی لەکەی شکلیەت (عیب الشكل والإجراءات) لەسەر ئەو بریارانەی کەپاڵپشت بە پێشنیارەکانی لیژنەکە دەردەچێت و بەو هۆیەشەوە فەرمانبەر پشتی پێ ببەستێ و تانەی پێ بدات لە بریاری سزادانەکەی .چونکە شکلیەتی جەوهەری دەبێت بە دەقی یاسا هاتبێت ئەو کات پشتی پێدەبەسترێت.

**دووەم:** ئامادەبوونی ئەندامی داواکاری گشتی لەبەردەم لیژنەکانی لێکۆڵینەوەدا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٢) یاسای داواکاری گشتی هاتووە و گەرهاتوو ئامادەبوونەکە رووی نەدا ئەوا دانیشتنەکانی لیژنەکە راستی و دروستی گرێدانیان(صحه انعقاد) لە دەستدەدەن. بە گوێرەی بیرورایەکەی ئەنجومەنی شوراش بە شێوەی ضمنی ئەم ئامادەنەبوونە

هۆکارە بۆ بە پوچەڵدانانی (بطلان) ی ئەو بریارانەی کە لە بەرەنجامی پێشنیارەکانی لیژنە کەوە دەردەچن، واتە لێرەدا ئەم ماددەبوونە بەپێی یاسای داواکاری گشتی شکلیەتێکی جەوهەری داوە بە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و بەرەچاونەکردنیشی ، ئەوا لەکەیەکی جەوهەری لەسەر ئەو بریارە دەخاتەوە کە لەبەرەنجامی پێشنیاری لیژنەکەوە دەرچووە، ئەم جۆرە لەکەیە (عیب) گەرهاتوو لە ماوەی تانە لێداندا تانەی لێ نەدرا ئەوا بریارەکە پارێزراو دەبێت لە تانە لێدان (محصن من الطعن) و کۆتایی پێ دێت و وەك ئەوە وایە بریارەکە لە بنەرەتدا دروست بووبێت، بۆ شرۆڤە کردنی ئەم حوکمە لە خوارەوە چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو :

١ -بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی مافی دادخوازی (التظلم) و تانەلێدان تەنها دراوە بە فەرمانبەر ، کەواتە تەنها فەرمانبەر مافی هەیە تانە لە بریاری سزادانەکەی بدات، کە ئەوەش مافێکی شەخسی فەرمانبەرە و بریاری سزاکەش شەخسییە بۆ خودی فەرمانبەرەکە، کەواتە لەو حالەتەی کە بریاری دەرچوو بە پێشنیاری لیژنەکە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکە دەرچوو، کێ مافی تانە دانی هەیە لە بریارەکە (گەرهاتوو بریارەکان سەرپێچی یاسای تێدا بوو) ؟ کە بێگومان لەم کاتەدا تانەی لێ نادرێت!!

٢ -گەرهاتوو بڕیاری دەرچوو پاڵپشت بە پێشنیارەکانی لیژنەکە سزای فەرمانبەرەکەی دەدا و فەرمانبەرەکە تانەی لێدا و داواکە چووە بەردەم دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم کە لایەنێکی تایبەتمەندە بە بینینی داواکە ، ئەوا لەم کاتەدا و لەبەردەم دەستەکە هەم ئەندامی داواکاری گشتی ئامادەیی هەیە و هەم دەسەلاتێکی دادوەریی تایبەتمەندیش چاودێری مەشروعیەتی بریاری سزادانەکە دەکات و لەم کاتەشدا حوکم لە چارەنووسی بریاری دەرچوو پاڵپشت بە پێشنیارەکانی لیژنەکە دەدات بە ئامادەیی و چاودێری داواکاری گشتی . کە ئایا بریارەکە مەشروع بووە یان نا.

٣ -بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٤) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ، دەستەی بەرزەفتەکردن جگە لە چاودێری کردنی مەشروعیەتی بریاری دەرچوو بە سزادانی فەرمانبەرەکە لە بواری بەرزەفتەکاریدا و لەبەرەنجامی لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەکەوە، گەرهاتوو بۆی دەرکەوت لە ناوەرۆکی ئەو تۆمەتەی ئاراستەی فەرمانبەرەکە کراوە تاوانێك دەکەوتەوە ئەوا لەم کاتەدا پێویستە فەرمانبەرەکە هەوالەی دادگای تایبەتمەند بکات ، کەواتە گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوەکەش لە میانەی لێکۆڵینەوەکانیاندا ئەم کارەیان ئەنجام نەدابێت و بە وردی لێکۆڵینەوەیان نەکردبێت ، ئەوا دەستەی بەرزەفتەکردن دەتوانێت ئەم کارە بکات

٤ -یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران لە رێککارەکانی تانە دان لە مەشروعیەتی ئەو بریارانەی پاڵپشت بە پێشنیارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەردەچن، هیچ جۆرە دەسەلات و مافێکی بە داواکاری گشتی نەداوە تا مومارەسەی دەسەلاتەکانی خۆی بکات لە بواری بەرزەفتەکاری فەرمانبەراندا، و ئەم مافەی تەنها بە فەرمانبەران داوە، بۆیە لەرووی یاساییەوە داواکاری گشتی وەك چۆن لە داوا سزایی و شارستانیەکاندا و بە گوێرەی یاسای تایبەتمەند رێککارەکانی تانە لێدان و پێداچوونەوە و ... هتد ئەنجام دەدات، ئەوا لە چوارچێوەی یاسای بەرزەفتەکردندا دەسەلاتی ئەم بابەتی نییە و شکلیەتێکی یاسایی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە رێککارانە.

لەبەرەنجامی ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد بۆمان دەردەکەوێت کە یاسای بەرزەفتەکردن بۆ ئەو حالەتانەی کە لەلایەن فەرمانبەرەکەوە تانە دەدرێت لە بریارەکانی دەرچوو پاڵپشت بە پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە دەستەبەری دووبارە لێکۆلینەوەو پێداچوونەوەی کردووە بە کاری لیژنەی لێکۆڵینەوەکەدا و بە ئامادەیی ئەندامی داواکاری گشتی ئەمەش پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٢٤)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت ، هەر بۆیە تاکە کێشەیەك کە لەم بوارەدا دەمێنێتەوە ئەو کاتەیە کە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە پێشنیاری داخستنی دۆسیەکە یان پێشنیاری دەرکردنی بریارێك

لە بەرژەوەندی فەرمانبەرەکە دەکەن بەلام جۆرێك لە خاتر گرتن و مەحسوبیەت و زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی تێدایە کە لەم کاتەدا بەبروای ئێمە لیژنەکە و لایەنی تایبەتمەند بەپەسەندکردنی پێشنیارەکان بەرپرسیارێتی قانونی دەکەوێتە سەرشانیان و لە هەر کاتێکدا بێت و لە حالەتی دەرکەوتنی ئەو سەرپێچییە ئەوا لیژنەکە و دەسەلاتی کارگێڕیی بەرپرسیارێتییەکەیان لەسەر زیندوو دەکرێتەوە تەنانەت ئەگەر لە وەزیفەش نەما بن و کارەکەشیان تاوانێکی سزایی خستبێتەوە. بەم هۆیەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سروشتی کاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی سروشتێکی تایبەتە و یاسای بەرزفتەکردنی فەرمانبەران بناغەیەکی گونجاوی بۆ داناوە و وەك سروشتی کاری ئەو لیژنە و دەستە و ئەنجومەنانەی دیکە نییە کە لە ئەحکامی ماددەی (١٢)ی یاسای داواکاری گشتیدا هاتووە و ناکرێت لەم بوارەدا و لە ئامادەبوون و رۆڵی ئەندامی داواکاری گشتیدا زیادەرەوی بکرێت و بە دەر لە دەقی یاسا رۆل و پێگەیەك بدرێت کە دواتر ئیشکالیەتی قانونی لێ بکەوێتەوەش

**دووەم: رۆڵی داواکاری گشتی لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا**

گومان لەوەدا نییە کە ئامادەبوونی داواکاری گشتی وەك چاودێر لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا چەند باشی و خاڵی ئەرێنی هەیە و لە کۆتاییدا رۆڵی بەرچاوی دەبێت لە سەرخستنی لێکۆڵینەوەیەکی دروست و یاسایی گونجاو کە لەلایەن فەرمانگەکانەوە ئەنجام دەدرێت ..

رۆڵی داواکاری گشتی لەبەر ئەوەی لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ی هەموارکراودا نەهاتووە، لەبەر ئەوە دەگەرێیینەوە بۆ یاسای داواکاری گشتی وبە تایبەت ماددەی (١٢).. کە بەبروای ئێمە رۆڵی داواکاری گشتی لە چوارچێوەی چاودێری مەشروعیەتدا (رقابة المشروعية) دەبێت، بێگومان لەم حاڵەتەشدا ئەندامی داواکاری گشتی نابێت ببێت بەبەشێك لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە و وەك

ئەندامێکی لیژنەکە کار بکات، بەڵکو چاودێری یاسایی بوونی تەواوی رێوشوێنی کاروبارەکانی لیژنەکە دەکات لە فەرمانی پێکهێنانی لیژنەکەوە تا دەگاتە کۆتاهەنگاوی لیژنەکە و نووسینی کۆنووس و پێشکەشکردنی بەو لایەنەی کە لیژنەکەی پێکهێناوە ، بەڵام بە گوێرەی بە دواداچوون و ئەزمونی رۆژانە دەرکەوتووە بەشێك لە ئەندامانی داواکاری گشتی رۆڵی چاودێری مەشروعیەت تێدەپەڕێنن و هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چەندین کار لە ناو لیژنەکاندا و پێداگری دەکەنەوە لەسەر جێگیرکردنی بیروبۆچونی خۆیان لە کۆنووسەکاندا لە کاتێکدا ئەوان دواجار هیچ بەرپرسیارێتییەکی یاساییان ناکەوێتە سەرشان لە پای ئەو کارانەی لە ناو لیژنەکاندا ئەنجامی دەدەن ئەندامی لیژنەش نین ، بۆیە بە پێویستی دەزانم چەند سەرنجێکی یاسایی لەم بارەیەوە بخەینە روو:

**یەکەم:** بە زۆری بەرێزان ئەندامانی داواکاری گشتی لەروانگەی لێکۆڵینەوەی سزاییەوە مامەڵە لەگەڵ لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا دەکەن و رەچاوی سروشتی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران و سەربەخۆییەکەی ناکەن کە ئەمەش تێکەڵی دروستدەکات لە نێوان هەردوو بەرپرسیارێتییەکەدا و داواجار بە خراپ بەسەر لێکۆڵینەوە کارگێڕییەکەدا دەشکێتەوە بە تایبەت تایبەتمەندی کارەکانی لیژنەکە.

**دووەم:** بەرێزان ئەندامانی داواکاری گشتی لەبەر ئەوەی کاتی کەمیان هەیە و بواری کەمیان لەبەردەستدایە، بۆیە وەك پێویست ناتوانن دیراسە و خوێندنەوەیان هەبێت بۆ وردەکاری یاسای بەرزەفتکردن و تایبەتمەندی و سروشت و سەربەخۆیی ئەم یاسایە و بەرپرسیارێتیەکەی، کە ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی سروشتی تایبەتمەندی ئەو یاسایە رەچاو نەکەن و لێکۆڵینەوەکە بە ئاقارێکدا ببەن کە دوور بێت لەوەی خودی یاساکە مەبەستیەتی .هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە رۆڵی داواکاری گشتی لە بوارە سزاییەکەدا بەروونی یاسا ئیجرائییەکان و خودی یاسای

داواکاری گشتی روونی کردۆتەوە ، بەلام رۆڵی داواکاری گشتی لەم جۆرە لیژنانەدا بە یاسایەك دیاری نەکراوە.

**سێیەم:** دەستوەردان و ئەنجامدانی کاروبارەکانی لیژنەکە لەلایەن ئەندامانی داواکاری گشتی وا دەکات فەرمانبەری یاسایی پاڵی لێ بداتەوە و فێری ئەوە نەبێت بە وردی لێکۆڵینەوە بکات و پشت بە خۆی ببەستێت و وەك پێویستیش نەتوانێت قسە لەسەر ئەو هەنگاوانە بکات کە ئەندامی داواکاری گشتی لیژنەکە پەیرەوی دەکات لە ناو لیژنەکاندا، لەبەر ئەوە باشتر وایە کە ئەندامانی داواکاری گشتی کاروبارە یاساییەکانی لیژنەکە رووبەرووی فەرمانبەری یاسایی بکەنەوە و لە هەر جێگەیەدا پێشیلی مافی گشتی یان یاسای کرد راستی بکەنەوە و راوێژی پێ بدەن نەك خۆیان ببن بەبەشێك لە پرۆسەکە و ئەوەی خۆیان قەناعەتیان پێیەتی ئەوە جێگیر بکەن لە کۆنووسەکەدا.

**چوارەم:** بەمەبەستی پێشخستنی کاری لیژنەکانی لێکۆڵینەوە باشتر وایە ئەو ئەندامانەی داواکاری گشتی کە رۆڵی چاودێری مەشروعیەت دەبینین لە لیژنەکاندا کۆی سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر کاری لیژنەکان و هەروەها ئەدای فەرمانبەرە یاسایەکان تۆمار بکەن و دواتر لەرێگەی خول یان بە شێوەی نوسراو گشتاندنی پێ بکەن بۆ ئەوەی لە لایەن لیژنەکانەوە رەچاو بکرێت بە هەردوو لا کاری لیژنەکان باشتر و سەرکەوتووتر بکەن.

## (٨)

# کێ دەسەڵاتی سەپاندنی سزای هەیە بەسەر فەرمانبەردا

کاتێك کە سزای بەرزەفتەکاری بەسەر فەرمانبەردا دەسەپێنرێت، ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە بە گوێرەی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران، کێ دەسەلاتی سەپاندنی ئەو سزایانەی هەیە، تا دواجار بریاری سزادانە کە بە هۆی لەکەی نەبوونی دەسلا َتەوە (عیب عدم الإختصاص) لەبەردەم قەزای تایبەتمەندا هەڵنەوەشێتەوە ، بۆیە لە خوارەوە لەسەر ئەم بابەتە دەدەوێین :.

**یەکەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١١/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموار کراودا ، وەزیر و سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت کە پلەکەی وەزیرە، دەسەڵاتی سەپاندنی ئەو سزایانەیان هەیە کە لە ماددەی (٨)ی یاساکەدا هاتووە بەسەر فەرمانبەرانی سنووری دەستە و وەزارتەکانیان.

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١١/دووەم) سەرۆکی فەرمانگە ـ رئیس الدائرة ـ کە ئەمانە دەگرێتەوە (بریکاری وەزارەت و ئەو پلە تایبەتانەی کە پێکهاتەیەکی کارگێڕی بەڕێوەدەبەن وەك پارێزگار و هەروەها بەڕێوەبەرەگشتییەکان و هەر فەرمانبەرێکی دیکە کە وەزیری تایبەتمەند دەسەڵاتی سەپاندنی سزای بەرزەفتکاری پێدابێت) ئەوا دەتوانن ئەم چوار سزایەی لای خوارەوە کە لە ماددەی (٨)ی یاساکەدا هاتووە بسەپێنن بەسەر فەرمانبەرانی سنووری دەسەڵاتیاندا:

ـ سەرنجراکێشان( لفت النظر )

ـ ئاگادارکردنەوە (الإنذار)

ـ مووچە بڕین (قطع الراتب) بۆ ماوەیەك کە لە پێنج رۆژ زیاتر نەبێت

ـ سەرزەنشت (التوبیخ)

واتە لێرەدا هەریەك لە بریکاری وەزارەت و ئەو پلەتایبەتەی کە پێکهاتەیەکی کارگێڕی بەڕێوەدەبات لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بە حوکمی یاسا و راستەوخۆ دەسەڵاتەکەیان لە یاساکەوە وەرگرتووە، لەم بەرەنجامەشەوە ئەگەر تەنانەت وەزیریش بە فەرمانی وەزاری دەسەڵاتەکەیان پێ نەدات، هەر دەتوانن مومارەسەی ئەم دەسەڵاتە بکەن هەروەك ئەنجومەنی شورای هەرێم لە رادەربڕینی ژمارە (٢٠١٥/٤ لە ٢٠١٥/٢/٢٢) جەختی لەسەرکردۆتەوە کە دەڵێت :" **ان الوزير لا يخول و لا يفوض رئيس الدائرة صلاحية فرض العقوبات الإنضباطية بل أن الأخير يستمد هذا الإختصاص من البند الثانى من المادة (١١) من القانون ذاته**".

**سێیەم:** تەنها وەزیر دەسەلاتی دابەزاندن و پێدانی (تخويل) سەپاندنی سزای فەرمانبەری هەیە کە لە چوارچێوەی وەزارەتەکەیدا و بە گوێرەی پێویستی و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی ئەو دەسەڵاتە دادەبەزێنی بۆ ئەو فەرمانبەرەی کە دۆخەکەی پێویست بەوە بکات تا مومارەسەی دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکە بکات .. واتە دەسەلاتی (تخويل) کردنی سزاکان بە شێوەی (حصر) تەنها لە دەستی وەزیردایە .لەم بەرەنجامەشەوە بەدیار دەکەوێت کە سەرۆکی فەرمانگە (بریکاری وەزیر و پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتی) بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی تەخویلکردن و دابەزاندنی سەپاندنی سزاکانیان نییە بۆ فەرمانبەرانی سنووری فەرمانگەو یەکە کارگێڕییەکانیان.

**چوارەم:** هەموو بەڕێوەبەرێکی گشتی بە حوکمی قانون دەتوانێت مومارەسەی دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکان بکات لەبەر ئەوەی راستەوخۆ لە یاساکەوە دەسەڵاتی وەرگرتووە، مەگەربێتوو یاسایەکی تایبەت ئەو دەسەلاتەی لێ وەرگرتبێتەوە ، بۆ نمونە لە یاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٠٩ ی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بە گوێرەی ماددەی (نۆزدەیەم/ حەوتەم) دەسەڵاتی وەرگرتنی رێککاریی کارگێڕیی و یاسایی دەرهەق بە فەرمانبەرانی کارگێڕییە خۆجێیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا دراوە بە پارێزگار بە تەنها، کە لەم کاتەدا بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دیکەی ناو دیوانی پارێزگا یان قایمقامەکان کە پلەکەیان بەڕێوەبەری گشتییە بە گوێرەی ماددەی (بیست و

سێیەم /چوارەم)ی یاساکە، ناتوانن مومارەسەی دەسەلاتەکانی سەپاندنی سزای کارگێڕیی بکەن ، هەرچەند بەرێوەبەری گشتین، چونکە یاسای پارێزگاکان ئەو دەسەلاتەی بەشێوەی (حصر) لەسەر ئاستی پارێزگا داوە بە (پارێزگار).

**پێنجەم:** گەر هاتوو هەر سزادانێك بەدەر لەوانەی ناویان هات سەپێنرا بەسەر بە فەرمانبەردا ،نایاساییە و لەکەدارە بە لەکەی نەبوونی دەسەڵات (عیب عدم الإختصاص).

**شەشەم:** پێویستە سەپاندنی سزاکان بەسەرفەرمانبەردا بە پێی ئەحکامی ماددەی (١٠) ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران بێت، بە پێچەوانەوە سزادانەکە نایاسایی دەبێت تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی سزاکەش دەسەپێنێ، دەسەڵاتی هەبێت.

## (٩)

## فەرمانبەری گشتی و سزا بەرزەفتكارييەكان

**یەكەم: چۆنیەتی جێبەجێكردنی سزا بەرزەفتەكارییەكان بەسەر فەرمانبەردا؟**

ئەو سزا بەرزەفتەكارییانەی كە لە ئەحكامی ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ دا هاتووە بە گوێرەی سروشتی سزاكان ، كاتی جێبەجێكردنەكەیان بەسەر فەرمانبەرە سزادراوەكەدا دەگۆرێت كە لە خوارەوە روونی دەكەینەوە:

**یەكەم:** ئەو سزایانەی كە ئاسەوار لەسەر دواخستنی پلەبەرزكردنەوەی فەرمانبەری سزادراو دەخە نەوە، ئەوا لەم كاتەدا بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (٩/یەكەم)ی یاساكە ئاسەواری سزاكە لە كاتی شایستەبوونی فەرمانبەرەكە بە پلەبەرزكردنەوەكەی جێ بەجێ دەكرێت، كە ئەو سزایانەش بریتین لە سزاكانی (سەرنج راكێشان – لفت النظر) و ( بە ئاگاهێنانەوە- الإنذار) و (مووچە بڕین – قطع الراتب) و (سەرزەنشت – التوبيخ) و (كەمكردنەوەی مووچە – انقاص الراتب) . بەلام سەبارەت بە هەردوو سزای (مووچە بڕین) و (كەمكردنەوەی مووچە) كە جگە لە ئاسەواری سزاكە لەسەر دواخستنی پلەبەرزكردنەوەی فەرمانبەرەكە، كاریگەری ماددیشی لێ دەكەوێتەوە، ئەوا لەم كاتەدا وەك بنەڕەتێكی گشتی (الأصل العام) بریارە كارگێڕییەكان و لە نێویشیاندا بریاری سەپاندنی سزا بەرزەفتكارییەكان پێویستە راستەوخۆ جێبەجێ بكرێن و قابیلی وەستانی جێبەجێكردن نین، بەلام رێگە پێدراوە وەك بەدەركردنێك لەو ئەسڵە كە لایەنی تایبەتمەند بریار بدات بە راوەستانی جێبەجێكردنی بریاری سزادانەكە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو وەك ماوەی پەڵپگرتن لە بریاری سزادانەكە لەلایەن فەرمانبەرەكەوە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٥) [١] كە لەم كاتەدا باشتر

---

[١] حسن محمد دحام، أصول التحقيق الإداري في ظل القوانين العراقية، ط١، مطبعة الكتاب، بغداد، ٢٠١٧، ص ١٠٣.

وایە کە دەسەلاتی کارگێڕیی چاوەڕێی یەکلابونەوەی تانەکە بکات لەبەردەم دادگای تایبەتمەند و گەرهاتوو بڕیاری سزادانەکە لە لایەن دادگای تایبەتمەندەوە راستێنرا (تصدیق) ئەو کات جێبەجێی بکات. [1].

**دووەم:** دەربارەی سزای دابەزاندنی پلە (تنزیل الدرجة)، ئەوا سزاکە لە کاتی سەپاندنی بەسەر فەرمانبەرەکەدا راستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت و بە گوێرەی ئەحکامی سزاکە ، پلەی فەرمانبەرەکە بەو شێوەیەی کە لە یاساکەدا هاتووە دادەبەزێنرێت بۆ ئەو ماوە یاساییەی کە دیاریکراوە ، کە لێرەشدا - وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا -باشتر وایە دەسەلاتی کارگێڕی چاوەڕێی یەکلابونەوەی ئەنجامی تانە لێدانی فەرمانبەرەکە بکات لەبەردەم قەزای تایبەتمەند گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە ماوەی یاساییدا ئەو رێککارەی گرتبووە بە پێی ئەحکامی ماددەی (١٥) ی یاساکە بۆ هەلوەشاندنەوەی سزاکەی.

**سێهەم:** سەبارەت بە سزاکانی فەسڵکردن و عەزلکردن، لەم کاتەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە لە سەپاندنی سزاکان‌دا بکرێت:

١- گەرهاتوو سزای فەسلکردنەکە یان عەزلکردنەکە وەك سزایەکی بەرزەفتەکاری بەسەر فەرمانبەرەکەدا سەپێنرا، ئەوا راستەوخۆ لە پاش دەرکردنی بڕیاری سزادانەکە ئاسەواری سزاکە بەسەر فەرمانبەرەکەدا جێبەجێ دەکرێت کە بریتییە لە دەرکردنی

---

[1] خۆگەرهاتوو دەسەڵاتی کارگێڕیی سەرەرای ئەوەی کە فەرمانبەرەکە تانەی لە بڕیاری سزادانەکەی دا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاساکە، بەڵام هەر سزاکەی بەسەر فەرمانبەرەکەدا جێبەجێکرد، ئەوا هیچ سەرپێچییەکی یاسایی نەکردووە، بەلام ئەگەری ئەوە هەیە کە لەبەرەنجامی تانەی فەرمانبەرەکەوە، دادگای تایبەتمەند بڕیاری سزادانەکە هەڵوەشێنێتەوە ، کە لەم حاڵەتەدا پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزادانەکە، بڕیاری سزادانەکە بە شێوەی کشانەوەی بڕیار (سحب القرار) جێ بەجێ بکات نەك هەڵوەشاندنەوەی بڕیار (الغاء القرار) ، بەو مانایەی کە دەسەڵاتی کارگێڕیی پێویستە لەبەر رۆشنایی بڕیارەکەی دادگای پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکە (المرکز القانونی للموظف) بگەڕێنێتەوە بۆ پێش دەرکردنی بڕیاری سزادانەکەی سەبارەت بە ئاسەوارەکانی سزاکە (اعادة الحال الی ماقبل صدور قرار فرض العقوبة)، کە رەنگە ئەمەش سەرئێشە دروست بکات بۆ دەسەڵاتی کارگێڕیی و نەتوانرێت وەك پێویست وردەکارییەکانی جێبەجێ بکرێت.

فەرمانبەرەکە لە وەزیفەکە و ڕێگە پێدراو نیە کە فەرمانبەرەکە لە پاش دەرکردنی بڕیاری سزادانەکە لە وەزیفەدا بمێنێتەوە ، چونکە لە سزای فەسلکردنەکە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم/أ) لەگەڵ بەدیهاتنی مەرجی سەپاندنی سزاکە[١]، ئەوا ئیدارە کۆت و بەندکراوە و ناتوانێت سزاکە نەسەپێنێ و هەروەها لە سزای عەزلکردنیشدا پاش سەلمێنرانی ڕوودانی کارە مەترسیدارەکە لەلایەن فەرمانبەرەکەوە یان گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێشتر سزای فەسڵکردن درابوو دواتر کارێکی دیکەی کرد کە شایستەی هەمان سزابوو، ئەوا لەگەل دەرکردنی بڕیاری سزای عەزلکردنەکە بەسەرفەرمانبەرەکە، ئاسەوارەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

٢- گەرهاتوو بڕیاری سەپاندنی سزای فەسەلکردنەکە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) بوو ، واتە لەبەرەنجامی حوکمدانی فەرمانبەربوو بە سزای بەندکردن یان زیندانی کردن، یاخود بڕیاری سزای عەزلکردنەکە لەبەرەنجامی حوکمدانی فەرمانبەرەکەوە بوو بە تاوانێك کە لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە ئەنجامی دابوو یان بە سیفەتە رەسمیەکەی ، ئەوا لەم کاتەدا دەرکردنی بڕیاری سزادانەکە بە ئاسەواری گەراوەیی (أثر رجعی) بەسەر فەرمانبەرەکەدا جێبەجێ دەکرێت ، چونکە بڕیارەکەی ئیدارە لەم کاتەدا بڕیارێکی (کاشفە) نەك (منشأ) و دەرخەری ئاسەواری حوکمێکی سزاییە دەربارەی حوکمە سزاییەکەش، تەنانەت یاسادانەر وەرگرتنی پلەی کۆتایی حوکمە سزاییەکەی نەکردووە بە مەرج بۆ جێ بە جێکردنی ئاسەواری حوکمەکە سەبارەت بە فەسڵکردن یان عەزلکردنی فەرمانبەرەکە و تەنانەت جێ بە

---

[١]واتە مەرجی سزا درانی فەرمانبەرەکە بە دوو لە سزاکانی (سەرزەنشت (التوبیخ) ، کەمکردنەوەی موچە ـ انقاص الراتب ـ ، دابەزاندنی پلە ـ تنزیل الدرجە ـ ) یاخود بە یەکێکیان بۆ دوو جار و لە جاری سێهەمدا دوبارەی کردەوە لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری سەپاندنی سزای یەکەم بەسەریدا بە هۆی ئەنجامدانی کارێکەوە کە شایستەی سەپاندنی ئەو سزایە بێت بەسەریدا.

جێکردنی ئاسەواری حوکمەیشی لەسەر دەرکردنی فەرمانی کارگێڕیی فەسڵکردنەکە یان عەزلکردنەکە هەڵنەپەساردووە، بەو مانایەی کە دەسەڵاتی کارگێڕیی پابەندە بە کارکردن بە ئاسەواری حوکمە سزاییەکە لە بەرواری دەرچونیەوە کە بریتییە لە کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەرەکە و لەم بوارەشدا دەسەڵاتی کارگێڕیی هیچ دەسەڵاتێکی تەقدیری نییە..[١]

**دووەم: زەمانەتە قەزاییەکانی فەرمانبەری سزادراو**

ئەو فەرمانبەرەی کە سزای بەرزەفتکاریی دەدرێت، پاش ئەوەی بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ تانە لە بریاری سزادانەکەی دەدات لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم (لە عێراق پێی دەگوترێت ـ محكمه قضاء الموظفين) ئەوا دەستەی ناوبراو لەلایەن خۆیەوە دوو جۆرە چاودێری ئەنجام دەدات و لێکۆڵینەوە لە دروستی و یاسایی بڕیاری سزادانەکە دەکات ، ئەوانیش بریتین لە چاودێری مەشروعیەت (رقابة المشروعية) و چاودێری پێکەوە گونجاوێتی (رقابة الملائمة) ، کە لە خوارەوە بە کورتی لەسەر هەردوو جۆرە چاودێرییەکە دەدوێین:

**یەکەم:** چاودێری مەشروعیەت: لەم جۆرە چاودێری کردن و لێکۆڵینەوەیەدا دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە میانەی دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی و دروستی هەر پێنج پایەکەی بڕیاری کارگێڕیی، چاودێری خۆی ئەنجام دەدات، کە ئەو پایانەش بریتین لە پایەکانی (دەسەڵات ـ الإختصاص) و (شکل و رێوشوێنەکان ـ الشكل والإجراءات ) و هەروەها (ئاسەوار ـ المحل) و (هۆکار ـ السبب) و (مەبەست ـ الغاية) لەم پێناوەشدا دەستەکە بە وردی پشکنین دەکات بۆ بڕیاری سزادانەکە لە روانگەی وردبوونەوە لە هەر پێنج پایەکە و گەرهاتوو لە هەریەك لەو پایانەدا لەکە

---

[١] ماجد حمدي عمر حسن الحمداني، انتهاء خدمة الموظف العام بقوة القانون، دار الفكر والقانون للنشر والتوزيع، ط١، المنصورة، ٢٠١٧ ، ص ١٥٣.

(عیب) هەبوو، ئەوا بڕیار دەدات بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزادانەکە ، واتە لەم جۆرە چاودێریکردنەکەدا بڕیاری دەستەکە بە هەڵوەشاندنەوەی سزاکە کۆتایی دێت و گەر هاتوو پایەکانی بڕیارەکەش لەکەدار نەبوون ئەوا بڕیاری سزادانەکە پەسەند دەکات..

**دووەم:** چاودێری پێکەوەگونجاێتی : ئەم جۆرە چاودێری کردنە جۆرێکە لەبەدەرکردن لە تایبەتمەندییەکانی قەزای کارگێڕی و دەرچوونە لە سنووری قەزای هەڵوەشاندنەوە (قضاء الإلغاء) و رقابەی مەشروعیەت ، ئەمەش لەو روانگەیەی کە سەرپێچی بەرزەفتکاریی لە یاسای بەرزەفتکردندا ملکەچ نییە بۆ بنەمای یاسایی (لا جریمە الإ بالنص) وەك ئەوەی لە یاسای سزاداندا هاتووە، لەسەر ئەم بنەمایە و لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی ئەو سەرپێچییەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە و دەستنیشانکردنی سزایەکی گونجاوی بەرزەفتکاریی بۆی لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕیەوە دەچێتە چوارچێوەی دەسەلاتی هەڵسەنگاندنی ئیدارەوە (السلطة التقدیریة للإدارة) کە رەنگە لەم جۆرە حاڵەتەشدا جۆرێك لە زیادەرەوی بەرامبەر بە فەرمانبەرەکە بکرێت و بە هۆی سەرپێچییەکی سادە و سوکەوە سزایەکی بەرزەفتکاری قورس بدرێت، کە لەم حاڵەتەشدا بابەتەکە لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردن رەنگە لەروانگەی چاودێری مەشروعیەتەوە هیچ گرفتێکی نەبێت، هەر بۆیە یاسادانەر تایبەتمەندی چاودێری پێکەوە گونجاوێتی داوە بە دەستەکە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بکات و دڵنیا ببێتەوە لە پێکەوە گونجاوێتی قەبارەی سەرپێچی ئەنجام دراو لەلایەن فەرمانبەرەکە و ئەو سزایەی بۆ دەستنیشان کراوە ، گەرهاتوو دەستەکە دڵنیا بوو لەوەی کە سزاکە گونجاوە بۆ ئەو سەرپێچییەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە، ئەوا لەم کاتەدا بریاری سزادانەکە پەسەند دەکات و خۆ گەرهاتوو بۆی دەرکەوت کە زیادەرەوی کراوە لە قورسی سزاکەدا بەبەراورد لەگەل سەرپێچییەکە ئەوا لەم کاتەدا سزاکە سووك دەکات بۆ ئاستی سەرپێچییەکە.

بە کورتی دەستەی ناوبراو لەو تانوتانەی دەچنە بەردەستی لەلایەن فەرمانبەرانی سزادراوەوە، دوو ئەرکی سەرەکی ئەنجام دەدات:

١ـ **ئەرکی چاودێری مەشروعیەت:** لەم کاتەدا گەر هاتوو بڕیاری سزادانەکە لەکەدارنەبوو (معیب) ئەوا بڕیاری سزادانەکە پەسەند دەکات ، بەپێچەوانەشەوە گەر بڕیاری سزادانەکە لەکەداربوو، ئەوا سزاکە هەڵدەوەشێنێتەوە (**الغاء العقوبة**).

٢ـ **ئەرکی چاودێری پێکەوە گونجاوێتی:**گەرهاتوو بڕیاری سزادانەکە مەشروع بوو، واتە لەکەدار نەبوو، ئەوا چاودێری دووەم ئەنجام دەدات کە ئەویش چاودێری پێکەوە گونجاوێتی سزاکە و سەرپێچیەکەیە، گەر دڵنیابوو لەوەی سزاکە گونجاوە لەگەڵ سەرپێچییەکە ئەوا بڕیاری سزادانەکەپەسەند دەکات و گەرهاتوو پێکەوە گونجاو نەبوون و سزاکە قورستر بوو بەبەراورد لەگەل سەرپێچییەکە، ئەوا سزاکە سووك دەکات (**تخفیف العقوبة**).

**سێهەم: چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتکاری لەلایەن وەزیرەوە ؟**

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٣) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ وەزیری تایبەتمەند دەتوانێت هەریەك لە سزاکانی (سەرنجراکێشان ـ لفت النظر) و (ئاگادارکردنەوە ـ الإنذار) و (مووچە بڕین ـ قطع الراتب) و (سەرزەنشتکردن ـ التوبیخ) هەڵوەشێنێتەوە بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١-تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر سزادرانی فەرمانبەرەکەدا.

٢-لە ماوەی ئەو ساڵەدا فەرمانبەرەکە کارەکانی بەباشی و جیاواز لە فەرمانبەرەکانی هاوشانی ئەنجام دابێت.

٣-لە ماوەی ساڵەکەدا سزا نەدرابێت بە سزای دیکەی بەرزەفتکاریی

**چەند رێسایەکی گشتی**

**یەکەم:** پێویستە فەرمانبەرەکە دوای تێپەڕبوونی ساڵەکە داواکارییەك پێشکەش بکات و بەرپرس و فەرمانگەکەی پشتگیری بکەن سەبارەت بە

هەبوونی ئەو مەرجانەی کە باسمان کرد لە پێشەوە و دواتر ئاراستەی وەزارەت بکرێت بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەست وەزیری تایبەتمەند .

**دووەم:**نابێت لە ماوەی ساڵەکەدا فەرمانبەرەکە پلەبەرزکردنەوەی (الترفیع) بۆ کرابێت، چونکە لەم حاڵەتەدا سزاکە ئاسەوارەکەی خۆی لەسەر فەرمانبەرەکە دادەنێت لەرووی دواخستنی ماوەی پلەبەرزکردنەوەکەی و بەم جۆرەش هەڵوەشاندنەوەی سزاکە سوودی پێ ناگەیەنێت لەرووی ئاسەواری سزاکەوە.

**سێهەم:** دەبێت ئەو سزایەی بەسەر فەرمانبەرەکەدا سەپێنراوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکات بەم رێگایە، یەکێك بێت لەو چوار سزایەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد.

**چوارەم:** پێویستە هەر سێ مەرجەکەی لای سەرەوە هەموویان پێکەوە بەدی هاتبن نەك هەندێکیان.

**پێنجەم:** ئەم دەسەڵاتە تایبەتە بە وەزیر و هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت مومارەسەی بکات ، هەروەها وەزیر ناتوانێت ئەم دەسەلاتە بدات بە هیچ فەرمانبەرێکی دیکە چونکە دەسەڵاتێکی شەخسیە.

**شەشەم:** ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی جەوازییە و وەزیر پابەند نییە بەوەی کە گەرهاتوو مەرجەکان بەدیهاتبن ئیتر پابەند بێت بە هەڵوەشاندنەوەی سزاکەوە،بەڵکو دەتوانێت سزاکە هەڵوەشێنێتەوە یان داواکاری فەرمانبەرەکە رەتبکاتەوە.

# (١٠)

# ئایا سزای بەرزەفتکاریی کاریگەری لەسەر دواخستنی سەرمووچەی سالانەیە(العلاوه السنوية) یان بەرزکردنەوە (الترفيع)؟

بە گوێرەی ماددەی (٨) بەندەکانی یەکەم و دووەهەم و سێهەم و چوارەم، لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ سزا بەرزەفتکارییەکان بە گوێرەی قورسی و سووکیان دەبنە هۆی دواخستنی بەرزکردنەوە یان زیادە (الترفيع أو الزيادة)، کە هەندێك لە توێژەران و هەروەها زۆرینەی وەزارەت و دائیرە و فەرمانگەکان کاریگەری سزا بەرزەفتکارییەکان لەسەر دواخستنی سەرمووچە جێبەجێ دەکەن نەك لەسەر دواخستنی بەرزکردنەوە ئەمەش لەسەر بنەمای تەفسیرکردنی دەستەواژەی ئەو زیادەیەی لە یاساکەدا هاتووە بە سەرمووچەی سالانە ، بۆ نمونە لەلایەن خۆیانەوە هەریەك لە د. عوسمان سەلمان غیلان عبودی لە کتێبی (شرح احكام قانون انضباط موظفى الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنه ١٩٩١ ، ط ١ ، سنه ٢٠١٠ ، ص ٢١٧، ٢١٨) و هەروەها د. مصدق عادل طالب لە کتێبیی (الوسيط فى الخدمةالمدنية، الجزء الأول،ط١، سنه ٢٠١٥، ص٢٩٩) و إياد عبداللطيف سالم لە کتێبی (فى قانون الخدمه المدنية، العلاوه والترفيع والترقية، ط١، سنه ٢٠١٠، ص ٢١) بڕوایان وایە کە کاریگەری سزا بەرزەفتکارییەکان لەسەر دواخستنی سەرمووچەیە نەك بەرزکردنەوە، تەنانەت لەم بوارەشدا ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە عێراق دەستی تەتەڵەی کردووە لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٠/٥٩ لە ٢٠١٠/٥/١٢) بۆ ئەوە ڕۆیشتووە کە زاراوەی (الزيادة) هاو واتای (مرادف)ی زاراوەی سەرمووچەی سالانەیە (العلاوة السنوية)یە و پاڵپشت بەم بڕیارەش د. مصدق عادل طالب لە کتێبی ئاماژە پێدراویدا بۆ ئەوە ڕۆیشتووە کە کاریگەری سزای بەرزەفتکاری لەسەر دواخستنی سەرمووچەیە، بەڵام لە چەند بڕیارێکی دیکەیدا

ئەنجومەنی ناوبراو بە راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سزا بەرزەفتکارییەکان کاریگەریان لەسەر دواخستنی بەرزکردنەوە هەیە نەك سەرمووچە وەك لە بڕیارەکانی (٢٠٠٩/٣٤ لە ٢٠٠٩/٥/١٨) و (٢٠١٥/٣٥ لە ٢٠١٥/٣/٢٢) دووپاتیکردۆتەوە و دەڵێت:" **إن الأثر الذى ترتبه العقوبات المفروضة على الموظف ينصرف الى تأخير ترفيعه وفقا للمدد المحددة بموجبها**" ، کە بەبروای ئێمە ئەم بۆچوونەی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت راست و دروستترە ، لێرەدا دەتوانین جگە لەم دوو بریارەی ئەنجومەنی ناوبراو لە میانەی چەند ماددەیەکی دیکەی خودی یاساکەشەوە بگەینە هەمان ئەنجام کە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم:** ماددەی (٩/دووەم) لە یاسای بەرزەفتکردن کە تیایدا هاتووە گەرهاتوو فەرمانبەر لە پلەیەکی وەزیفیدا (الدرجة الوظيفية) زیاتر لە سزایەکی بەرزەفتکاری درا ئەوا توندترین سزایان دەرهەق بە فەرمانبەرەکە جێبەجێ دەکرێت سەبارەت بە دواخستنی بەرزکردنەوەکەی ، بێگومان لەم کاتەدا فەرمانبەر بە بەرزکردنەوە لە پلەیەکی وەزیفییەوە دەچێتە پلەیەکی دیکە و هەروەها پلەی وەزیفی لە چەند مەرتەبەیەك پێکدێت کە سالآنە ئەو مەرتەبانە دەبڕدرێت و لەگەڵ بڕینی هەر مەرتەبەیەکدا فەرمانبەرەکە سەرمووچەیەك وەردەگرێت.بەلام گەرهاتوو کاریگەری سزاکەمان لەسەر دواخستنی سەرمووچە دانا ئەوا لەم حاڵەتەدا جێ بەجێکردنی ئەم ماددەیە دەبێتە مەحاڵ و دەبێتە لادان لە کرۆك و مەبەستی خودی ماددەکە.

**دووەم:** ماددەی (١٣) کاتێك باس لە هەڵوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتکاری دەکات لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە و لە خاڵی (أ) ی ماددەکەدا هاتووە کە مەرجە ساڵێك تێپەڕی بێت بەسەر سەپاندنی سزا بەسەر فەرمانبەرەکەدا، لە حاڵەتی بەدی هاتنی سەرجەم مەرجەکانیشدا ئەوا بە گوێرەی بەندی دووەمی ماددەکە بڕیاری سزادانەکە هەڵدەوەشێتەوە مەگەربێتوو ئاسەواری سزاکە لەسەر فەرمانبەرەکە جێەجێکرابێت، کە بێگومان لەو حالەتەی کە سزای بەرزەفتکاری لەسەر دواخستنی سەرمووچە بێت ، ئەوا کرۆکی ماددەکە جەدوای نامێنێ و فەرمانبەر سوود لە هەڵوەشاندنەوەی بریاری سزادانەکەی

نابینێ لەرووی سرینەوەی ئاسەوارەکانیەوە ، چونکە سەرمووچە سالانەیە و لە دەقی ماددەکەشدا مەرجە سالێك بەسەر سزادانەکەدا تێپەری بێت، لەم روانگەیەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ جێبەجێبەجبوونی ئەم ماددەیە پێویستە کاریگەری سزای بەرزەفتکاری لەسەر دواخستنی بەرزکردنەوە بێت نەك دواخستنی سەرمووچە.

**سێیەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٩/ یەکەم) ی یاساکە ماوەی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە یان یان زیادکردن لەبەرەنجامی سزا بەرزەفتکارییەکەوە لەبەرواری شایستەبوونی فەرمانبەرەکەوە دەبێت بەو پلەبەرزکردنەوە یان زیادکردنە، واتە لێرەدا یاسادانەر وەك دوو سیستمی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ هەریەك لە پلەبەرزکردنەوە و زیادکردن کردووە، چونکە ئەگەر مەبەست لە زیادکردنەکە بریتی بوایە لە سەرمووچە، ئەوا یاسادانەر بەم جۆرە بە جیاواز نەیدەهێنان، لەبەر ئەوەی دواکەوتنی سەرمووچە بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی (تلقائی) دەبێتە هۆی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە و لەم کاتەشدا پێویستی بەوە نەدەکرد کە یاسادانەر هەردووکیان پێکەوە بهێنێ، لەسەر ئەم بنەمایەش دەردەکەوێت کە سزا بەرزەفتکارییەکان پلەبەرزکردنەوە دوادەخەن نەك سەرمووچە.

**چوارەم:** لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی راوێژکاری سەر بە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نوسراوی ژمارە (٣٢ لە ٢٠٠٨/٥/٧) پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاسەواری سزا بەرزەفتکارییەکان لەسەر دواخستنی پلە بەرزکردنەوە یە و لەم بارەیەشەوە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتکاری لەلایەن وەزیری تایبەتمەند و بە پێی ماددەی (١٣) ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران لە رادەربڕینەکەی ئەنجومەنی ناوبراودا هاتووە:" ... گەر وادەی پلەبەرزکردنەوەکە لە نێوان ساڵەکەدا هاتبوو و سزایەکەی لەسەر جێبەجێکرابوو و پلە بەرزکردنەوەکەی دواخستبوو لە پێش پوچەڵکردنەوەی سزایەکە، ئەوا لەو حاڵەتەدا دواخستنەکە لا نادرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئاسەوارەکان جێ بە جێ نەکرابوون پێش پوچەڵکردنەوەی سزاکە، بۆ نمونە هێشتا وادەی

پلەبەرزکردنەوەکە لە نێوان ساڵەکەدا نەهاتبوو ، لەو حاڵەتەدا ئەو ئاسەوارانە (مەبەست ئاسەواری سزا بەرزەفتکارییەکەیە) لە دوای پوچەڵکردنەکەوەکە هیچ بایەخێکیان نامێنێ و جێ بەجێ ناکرێن.. ئەم رادەربڕینە بە تێکرای دەنگ لە ٢٠٠٨/٥/٥ دەرچوو.

**پێنجەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١/ دووەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران دەربارەی ئاسەوارەکانی نوسراوی سوپاس و پێزانین لەسەر فەرمانبەری سزادراو بە سزایەك کە توندتربیت لە سزای بە ئاگاهێنانەوە (الإنذار)، ئەوا بۆ هەر نوسراوێکی سوپاس و پێزانین کە ئاراستەی دەکرێت، یەك مانگ دواخستنی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرە سزادراوەکە کەم دەکرێتەوە بە مەرجێك ساڵانە نابێت لە سێ سوپاس و پێزانین زیاتر بێت، هەروەك لە خالی (٥)ی رێنمایی دارایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٦ ی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کە ئاسەواری سزا بەرزەفتکارییەکان لەسەر دواخستنی پلەبەرزکردنەوەیە نەك سەرمووچە. چونکە ئەگەر ئاسەواری سزاکە لە سەر دواخستنی (سەرمووچە - العلاوة) بوایە، ئەوا بێگومان لەم کاتەدا یاسادانەر بەدەق ئاماژەی بە کەمکردنەوەی دواخستنی سەرمووچەی فەرمانبەرەکە دەکرد وەك ئاسەواری سزاکە نەك دواخستنی پلەبەرزکردنەوەکەی .

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، ئەوا کاریگەری سزای بەرزەفتکاری لەسەر دواخستنی بەرزکردنەوە(ترفیع)ی فەرمانبەرە نەك دواخستنی سەرمووچەی سالانەی (العلاوة السنوية) و مەبەستیش لەو زیادەی کە لە بەندەکانی (یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم)ی ماددەی (٨)ی یاساکەدا هاتووە بریتییە لەو زیادەیەی کە ساڵانە یاخود هەر دوو ساڵ جارێك دەدرا بە فەرمانبەری ئەو لایەنانەی کە کاریان بە سیستمی زیادەی ساڵانە دەکرد نەك بەرزکردنەوە ،ئەم زیادەیە لە هەندێك سیستمی راژەدا هەبوو کە رێك دەهاتەوە لەگەڵ ئەو سیستمە یاساییەی لە کاتی بەرکاربوونی پلەبەندی هاتوو لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی ساڵی

١٩٦٠ بەربلاّوبوو، بەلاّم لە پاش دەرچوونی بریاری ژمارە (٣٠)ی سالی ٢٠٠٣ ی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان و یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەو پلەبەندییانە هەڵوەشێنرانەوە.

## (١١)

## مەبەست چی یە لە فەرمانبەری دەسەڵاتپێدراو لە لایەن وەزیر (الموظف المخول من قبل الوزير) کە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دا هاتوە؟

یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران لە ماددەی (١/ یەکەم ودووەم) دا ئاماژەی بەو کەسانە کردووە کە دەسەڵاتی سەپاندنی سزای بەرزەفتکارییان هەیە بەسەر فەرمانبەراندا کە بریتین لە ( وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت، هەروەها سەرۆکی فەرمانگە کە ئەمانە دەگرێتەوە :"بریکاری وەزارەت لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەی کە پلەکەی لە ئاستی بریکاری وەزارەتدایە و پێکهاتەیەکی ئیداری بەرێوە دەبات، لەگەڵ بەرێوەبەری گشتی و فەرمانبەری دەسەڵاتپێدراو لەلایەن وەزیر)ەوە، واتە تەنها ئەمانە دەسەڵاتی سەپاندنی سزایان بەسەر فەرمانبەردا پێدراوە ، لەسەر ئەم بنەمایەو بەمەبەستی کار ئاسانی بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، ئەوا وەزیر دەتوانێت هەر فەرمانبەرێك کە خۆی بیەوێت ئەو دەسەڵاتانەی پێ بدات کە یاساکە رێگەی شۆرکردنەوەی داوە وەك ( سەپاندنی سزا، پێکهێنانی لیژنە، سحب الید، هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگا، سوپاس و پێزانین).

حیکمەتی یاسادانەر لە دانانی ئەم بڕگەیە بۆ یاساکە ئەوەیە کە شانبەشانی بەرێوەبەری گشتی لەسەر ئاستی پارێزگاکان ، وەزیر دەتوانێت ئەو دەسەڵاتانەی لەسەرەوە باسمان کرد بدات بە بەرێوەبەری فەرمانگەکان ئەوانەی کە پلەکانیان بەرێوەبەری گشتی نیە (وەك بەرێوەبەری پەروەردەی قەزاکان، یان بەرێوەبەری کارەبا یان تەندروستی قەزاکان...)، چونکە بەرێوەبەری گشتی بە حوکمی یاساکە ئەو دەسەڵاتانە وەردەگرێت جگە لە

سوپاس و پێزانین نەبێت کە پێویستە وەزیر بۆی دابەزێنێ، هەروەها بەرێوەبەرە گشتییەکان ناتوانن ئەو دەسەڵاتانە لەلایەن خۆیانەوە دابەزێنن بۆ بەرێوەبەرە فەرعیەکان و تەنها ئەو دەسەلاتپێدانە لە لایەن وەزیرەوە دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایەش بەرێوەبەری هەر فەرمانگەیەك گەرهاتوو پلەکەی بەرێوەبەری گشتی نەبێت و هەستێت بە مومارەسەکردنی ئەو دەسەلاتانەی باسمان کردن (سەپاندنی سزا، پێکهێنانی لیژنە، سحب الید، هەواڵەکردن بۆ دادگا، سوپاس و پێزانین) و دەسەلاتەکەی راستەوخۆ لەلایەن وەزیرەوە پێ نەدرابوو بەڵکو لەلایەن بەرێوەبەری گشتیەوە پێ درابوو ، ئەوا سەرجەم و بریارو رێککارەکانی بە پوچەڵکراوە (باطل) دادەنرێن و قابیلی هەڵوەشاندنەوەن لەبەردەم قەزای کارگێڕیدا .

## (١٢)

# ڕێگاکانی بەردەم فەرمانبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوسزایەی بەسەریدا سەپێنراوە

فەرمانبەر لە ژیانی وەزیفی خۆیدا ڕەنگە هەندێك جار لەلایەن فەرمانگەکەیەوە سزای بەرزەفتکاری بدرێت، بەمەبەستی بەرچاورِوونی فەرمانبەرانی خۆشەویست لە خوارەوە تەواوی ئەو ڕێگا یاساییانە دەخەینە بەردەست کە لەڕێگەیەوە سزای سەپێنراوی سەر فەرمانبەر هەڵدەوەشێتەوە:

**یەکەم:** لەڕێگەی پێشکەشکردنی دادخوازی (التظلم) ەوە ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی سالی ١٩٩١ کە پێویستە فەرمانبەر لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی تەبلیغ بوونی بەفەرمانی سزاکە پێشکەشی ئەو لایەنەی بکات کە فەرمانی سزاکەی دەرکردووە. لەم کاتەشدا ئەو فەرمانگەیە کە سزاکەی داوە دوای سەیرکردنی دادخوازییەکە دەتوانێت سزاکە هەڵوەشێنێتەوە یان وەك خۆی بیهێڵێتەوە یان سووکی بکات یان ڕەتی داواکەی بکاتەوە (ئیتر حوکمی بێت یان حەقیقی)

**دووەم:** لەڕێگەی پەنا بردنە بەردەسەلاتی قەزایی ئەمەش پاش ئەوەی دادخوازیی فەرمانبەر ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن ئەو لایەنەی کە بڕیاری سزادانەکەی دەرکردووە، ئەوا فەرمانبەر لەڕۆژی ڕەتکردنەوەی دادخوازییەکەی ئیتر ئایا بە ڕەتکردنەوەوەی بووبێت بە حەقیقی یان تێپەڕبوونی ماوەی (٣٠) ڕۆژەکە بوبێت بە حوکمی ( کە ماوەکە تێپەڕی بێت و وەلامی نەدرابێتەوە) دەتوانێت لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم داواکەی تۆمار بکات و لەو ڕێگەیەوە سزاکە هەڵوەشێنێتەوە.

**سێهەم:** هەڵوەشاندنەوەی سزا لەڕێگەی سوپاس و پێزانینەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران کە تایبەتە بەر هەردوو سزای (سەرنجراکێشان ـ لفت النظر ـ ) و سزای وشیارکردنەوە (الإنذار) و لەم حالەتەدا بە حوکمی قانونی سزاکە هەڵدەوەشێتەوە بە مەرجێك کە سزاکە کاریگەری لەسەر دواخستنی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرەکە دروست نەکردبێت، واتە لە نێوان سزادانەکە و سوپاس و پێزانینەکەدا پەلەبەرزکردنەوە (الترفیع) بۆ فەرمانبەرەکە نەکرابێت. لەم حالەتەشدا یەك سوپاس و پێزانین سزای سەرنجراکێشان هەڵدەوەشێنێتەوە و دوو سوپاس و پێزانین سزای وشیارکردنەوە(الإنذار) هەڵدەوەشێنێتەوە ، گەرهاتوو فەرمانگەکە هەڵنەسا بە هەڵوەشاندنەوەی سزاکە ئەوا سەرپێچی یاساکەی کردووە و فەرمانبەرەکە دەتوانێت لەرێگەی قەزاوە فەرمانگەکەی ناچاربکات بە هەڵوەشاندنەوەی سزاکە.

**چوارەم:** هەڵوەشاندنەوەی سزا بە پێی ماددەی (١٣) ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران کە تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی سزاکانی (سەرنجراکێشان، وشیارکردنەوە، مووچە برین، سەرزەنشتکردن) کە تەنها لەلایەن وەزیرەوە هەڵدەوەشێتەوە بەم مەرجانەی لای خوارەوە :

ـ تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر سەپاندنی سزاکەدا.

ـ هەستانی فەرمانبەر بە کارەکانی بە شێوەیەکی جیاواز لەو فەرمانبەرانەی لە نزیکیدان.

ـ سزا نەدرابێت لەو ماوەیەی کە لە بەندی یەکەمی ئەم بڕگەیەدا هاتووە (یەك ساڵ)

ـ سزاکە کاریگەری لەسەر فەرمانبەرەکە نەخستبێتەوە وەك ئەوەی پلەبەرزکردنەوەی بە دواداهاتبێت لە ماوەی ساڵەکەدا .

## (١٣)

## سەپاندنی سزای (دابەزاندنی پلە) و سەرنجێکی قانونی

ئەو سزایانەی کە لە ئەحکامی ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دا هاتووە، وەك سزا و وەك ئاسەوار بە گوێرەی دەقی ماددەکە دیاریکراون و دەسەڵاتی جێبەجێبکردن ناتوانێت هیچ جۆرە سزا و ئاسەوارێك لەسەر فەرمانبەر جێبەجێ بکات کە یاساکە دەقی لەسەر نەهێنابێت.

سزای دابەزاندنی پلە (تنزيل الدرجه) بە گوێرەی ئەحکامی بەندی شەشەم لە ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتەکردن لەلایەن وەزیرەوە و لەسەر بنەمای پێشنیاری کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە بەسەر فەرمانبەردا دەسەپێنرێت، ئاسەوارەکانی ئەم سزایەش بریتییە لە دابەزاندنی مووچەی فەرمانبەرەکە بۆ پلەی راستەوخۆی خوار پلەکەی خۆی لەگەڵ پێدانی سەرمووچەکانی لەو پلەی لێی دابەزێنراوە (بە پێوەری ئەو سەرمووچانەی کە لەو پلەیەدان بۆی دابەزێنراوە) پاش تەواو بوونی ماوەی سزاکە(کە سێ ساڵە لەبەرواری سەپاندنیەوە) ئەوا فەرمانبەرەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو موچەیەی کە وەری گرتووە پێش سەپاندنی سزای دابەزاندنی پلەکەی لەگەڵ پاراستنی ئەو سەرمووچانەی کە وەری گرتووە وەك مافێکی بەدەستهاتوو . واتە کاریگەری ئەم سزایە راستەوخۆ لەسەر باری دارایی فەرمانبەرەکەیە و لەم بەرەنجامەشەوە مووچەکەی پێی کەم دەبێتەوە .

بەلام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئایا ناونیشانی وەزیفی فەرمانبەرەکەش بە هەمانشێوە لەگەڵ دابەزاندنی مووچە و پلەکەی ئەویش گۆرانکاری بەسەردا دێت؟ یان وەك خۆی دەمێنێتەوە ؟ لە کاتێکدا بە گوێرەی یاسای مووچەی فەرمانبەران رێگە پێدراو نییە کە پلەو مەرتەبەی

فەرمانبەر و مووچەکەی لەگەڵ ناونیشانە وەزیفییەکەی لە یەکتر دابڕێن و جیاواز بن.

به گەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (٨) ی یاسای بەرزەفتەکردن کە ئاسەواری ئەو سزایانەی دیاریکردووە بەسەر فەرمانبەردا دەسەپێنرێن ، ئەوا رێگە پێدراو نییە بۆ دەسەلاتی کارگێڕیی کە جگە لەو ئاسەوارانە هیچ ئاسەوارێکی دیکە لەسەر فەرمانبەرە سزادراوەکە بخاتەوە کە یاساکە دەقی لەسەر نەهێنابێت، ئەم حاڵەتەیشی کە روودەدات لەبەرەنجامی جێبەجێکردنی ئەم سزایەوە بەسەر فەرمانبەردا کە دەبێتە هۆی لێکجودا کردنەوەی ناونیشانی وەزیفی و پلە ومەرتەبەی فەرمانبەر، حاڵەتێکی نائاسایی و بەدەرکراوە (استثناء) و کاتیی یە و بە کۆتایی هاتنی ماوەی سزاکە، ئەوا پلەو مەرتەبە و مووچەی فەرمانبەرەکە بە حوکمی قانون دەچێتەوە شوێنی خۆی و دەسەلاتی کارگێڕیی بە پاساوی پێکەوە گرێدانی پلەو مەرتەبە و مووچەی فەرمانبەرەکە لەگەڵ ناونیشانە وەزیفییەکەی دەسەڵاتی دابەزاندنی ناونیشانی وەزیفی فەرمانبەرەکەی نییە و پێویستە ناونیشانەکە وەك خۆی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ماوەی سزادانەکە کۆتایی دێت و بە حوکمی قانون پلەو مەرتەبە و مووچەکە دەگەرێتەوە بۆ لای ناونیشانەکەی و پێکەوە یەك دەگرنەوە، هەروەك دادگای باڵای کارگێڕیی عێراق لە بڕیاری ژمارە (٥٧٦/ قەزای فەرمانبەران/پێداچوونەوە /٢٠١٣ لە ٢٨/٥/٢٠١٤ دووپاتی کردۆتەوە.

# (١٤)

## سزایەك نییە بە بە ناوی (التنبیە)

تا ئێستا و لە زۆرێك لە فەرمانگە میرییەكاندا كار بە سزایەك دەكرێت بە ناوی (التنبیە) و تەنانەت زۆر جار لە نێو پێشنیاری لیژنەكانی لێكۆڵینەوەشدا پێشنیاركردنی ئەو جۆرە سزایە بەدی دەكرێت، كە بە داخەوە ئەمە نیشانەی نەبوونی شارەزایی یاساییە بەلای ئەو فەرمانبەرە یاساییەی كە ئەندامی لیژنەی لێكۆڵینەوەكەیە، لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ بەرچاو روونی ، لێرەدا چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو:

**یەكەم:** ئەو سزایانەی كە لە ماددەی (٨) ی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەمواركراودا هاتوون بە شێوەی (حصر) هاتوون و بریتین لە سزاكانی (سەرنج راكێشان ـ لفت النظر) و (ئاگاداركردنەوە ـ الأنذار) و (مووچە بڕین ـ قطع الراتب) و (سەرزەنشتكردن ـ التوبیخ) و (كەمكردنەوەی مووچە ـ انقاص الراتب) و (دابەزاندنی پلە ـ تنزیل الدرجة) و (دەركردن ـ الفصل) و (لە كارخستن ـ العزل) كە لە نێویاندا هیچ سزایەك نەهاتووە بە ناوی (التنبیە).

**دووەم:** سزاكانی نێو یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەران ملكەچە بۆ بنەمای یاسایی (لاعقوبە الا بالنص)، بەو مانایەی كە رێگە پێدراو نییە دەسەڵاتی كارگێریی لەلایەن خۆیەوە ئیجیتهاد بكات و سزایەكی بەرزەفتكاریی بسەپێنێت بەسەر فەرمانبەردا بێ ئەوەی لە دەقی یاساكەدا هاتبێت، چونكە لەم كاتەدا ئەو جۆرە ئیجتیهاد كردنە كاریكی نایاسایی و پێچەوانەی دەستوور و یاسای بەركارە.

**سێهەم:** كاتێك كە سزایەك بە یاسا رێكنەخرابوو ئەوا بێگومان ئاسەوارەكەیشی نایاسایی دەبێت، لەبەر ئەوە دەسەلاتی كارگێڕیی بۆی نییە

که ئاسەواری سزایەکی نایاسایی بەسەر فەرمانبەردا بسەپێنێت که خۆی دایناوه و دروستی کردووه و یاسا دەقی لەسەر ئەو ئاسەواره نەهێناوه. خۆ ئەگەر ئەو دەسەلاته کارگێڕییه باس لەوه بکات که سزاکه ئاسەوار ناخاتەوه و تەنها بۆ ترساندن و به ئاگاهێنانەوەی فەرمانبەرەکەیه لەو سەرپێچییەی ئەنجامی داوه ئەوا لەم کاتەدا ئەم دەسەلاته کارگێڕییه دووجار کەوتۆتەوه هەڵەوه که :

١- ئەگەر سزایەك ئاسەوار ناخاتەوه ، کەواته چۆن ناوی لێ دەنێت و سزا و ئاراستەی فەرمانبەری سەرپێچیکاری دەکات ؟

٢ـ ئەگەر فەرمانبەرەکه سەرپێچی ئەنجامداوه بەڵام سەرپێچییەکەی بەو جۆره نییه که سزا بدرێت، ئەوا پێویسته ئەم بابەته لەرێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی یان ئیستیجوابکردنی راستەوخۆ بەو شێوەیەی که له ئەحکامی ماددەی (١٠) ی یاسای بەرزەفتەکردندا هاتووه مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و به گوێرەی پێشنیارەکان سزاکه بدات ئەگەر زانی فەرمانبەرەکه سەرپێچی کردووه، چونکه دواتر یاساکه رێوشوینی تەواوی داناوه بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکه لەبەرەنجامی ئەو رێوشوینانەوه به دوای مافی خۆی بکەوێت و تەنانەت دەسەلاتی چاودێری پێکەوه گونجاوێتی (رقابه الملائمة)ی داوه به دەسەلاتی قەزایی بۆ بەراوردی نێوان سەرپێچییەکه و ئەو سزایەی بەسەر فەرمانبەرەکەدا سەپێنراوه ، خۆ ئەگەر به پێچەوانەشەوه لیژنەکه هۆکار و پاساوی گونجاوی لەبەردەست بوو بۆ ئەوەی سزای فەرمانبەرەکه نەدرێت ئەوا له کۆنووسەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات و بەپەسەندکردنی پێشنیارەکەش دۆسیەکه بەرووی فەرمانبەرەکەدا دداەخرێت، ئیتر لەم بوارەدا پێویست بەوه ناکات دەسەلاتی کارگێڕیی خۆی بخاته شوێنی دەسەلاتی یاسادانان و ئیجتیهادی سزایەك بکات بۆ ئەوەی بسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەردا.

**چوارەم:** هەندێکجار دەسەڵاتی کارگێڕیی ئەم جۆره به ناو سزایه بەکاردەهێنێت بۆ دەربازکردنی فەرمانبەرێك له سزادانی بەرزفتکاریی بەو

پاساوەی کە سزادراوە بە سزای (التنبیە) کە وەك پێشتر باسمان کرد هیچ جۆرە ئاسەوارێکی یاسایی ناخاتەوە ، ئەم جۆرە حاڵەتەش زیاتر لەو کاتانەدا ڕوودەدات کە فەرمانبەرەکە جۆرێك لە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ بەرێوەبەرەکەی هەیە و بەم هۆیەشەوە دەربازی دەبێت لە سزای یاسایی و دواجار لە بەرەنجامی ئەم جۆرە مامەڵەیەوە ڕەنگە فەرمانگەکە یان بەرژەوەندی گشتی زەرەرمەند ببێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد، لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەراندا بە هیچ شێوەیەك (التنبە) وەك سزا نەهاتووەو و سەپاندیشی بەسەر فەرمانبەردا لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە کارێکی نایاساییە.

## (١٥)

## غیابدان له وەزیفەی گشتی

زۆرجار ڕوودەدات کاتێك فەرمانبەرێك بێ هیچ وەرگرتنی مۆڵەتێکی یاسایی پێشوەختە ناگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی ،ئەوا لەلایەن بەڕێوەبەرەکەی یان فەرمانگەکەیەوە غیاب دەدرێت ، کە بێگومان ئەم جۆرە ڕێککارە سەرنجی یاسایی هەڵدەگرێت و لە خوارەوە بە چەند خاڵێك ڕوونکردنەوەی لە بارەوە دەدەین :

**یەکەم:** بە گوێرەی ماددەی (چوارەم/٢) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو، پێویستە فەرمانبەر پابەند بێت بە کاتی دەوامکردنیەوە و غیاب نەبێت، کە یاسادانەر ئەم پابەندییەی بە یەکێك لە ئەرکی وەزیفییەکانی سەرشانی فەرمانبەر داناوە کە نابێت سەرپێچی لێ بکات .

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (حەوت)ی هەمان یاسا، گەر هاتوو فەرمانبەر سەرپێچی یەکێك لە ئەرکەکانی وەزیفەکەی کرد ، ئەوا سزا دەدرێت بە یەکێك لەو سزایانەی کە لە ماددە (هەشت)ی یاساکەدا هاتووە ، کەواتە لێرەدا یاساکە هەم سەرپێچییەکەی بە دەق بەدەستنیشان کردووە و هەم سەرپێچییەکەیشی ملکەچکردووە بۆ یەکێك لەو سزایانەی کە لە یاساکەدا هاتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستە بە گوێرە ی ئەو سزایانە مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرە نەهاتووەکەدا (غائب) بکرێت.

**سێهەم:** بە نەهاتوو دانانی (غیابدانی) فەرمانبەر لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە سەرپێچی ڕێککارەکان و سزاکانی هاتووە لە یاساکەدا و ئیجتیهادکردنێکە لە بوارێکدا کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە، بێگومان ئەمەش لەرووی یاساییەوە ڕێگە پێدراوە نییە چونکە (لا اجتهاد فی مورد النص)، لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :

١- غیابدان بەو شێوەیەی کە لە عورفی دائیرەکاندا هەیە وەك جۆرێك لە سزادانی فەرمانبەرەکە پەیرەو دەکرێت کە ئەمەش سەرپێچی کردنە لە بنەمای یاسایی (لاعقوبە الا بالنص) و پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی بە گوێرەی سزاکانی هاتوو لە ئەحکامی ماددەی (هەشت)ی یاساکە سزای فەرمانبەرەکە بدات دیارە ئەمەش بە گوێرەی ئەو رێککارە شکلیانەی کە لە یاساکەدا هاتووە بۆ سەپاندنی سزاکە.

٢- ئەگەر غیابدان بۆ بڕینی مووچەی ئەو رۆژەی فەرمانبەرەکە بێت ، ئەوا ئەمەش دوو سەرنجی یاسایی هەڵدەگرێت:

أ/ ئەگەر غیابدانەکە وەك مووچە بڕین دابنرێت ئەوا لەم کاتەدا موچە برین لە سزاکانی هاتوو لە یاساکەدا ئاسەواری دیاریکراو و رێککاری دیاریکراوی شکلی خۆی هەیە و پێویستە بە گوێرەی یاساکە جێبەجێ بکرێن.

ب/ خۆ ئەگەر مەبەست پێی ئەوە بێت کە مووچەی ئەو رۆژە فەرمانبەرەکەی تیدا نەهاتۆتەوە نەدرێت، ئەوا بێگومان ئەمە بەڵگەنەویستە، چونکە مووچە لە پای دەوامکردن دەدرێت و گەر فەرمانبەرەکە دەوامی نەکردبێت ئەوا شایستەی مووچەی ئەو رۆژەی نابێت. بەڵام گرفتەکەدا لێرەدا لە مووچەکە نیە، بەڵکو لەوەدایە فەرمانبەرەکە بە نەهاتنەوەی سەرپێچیەکی یاسایی ئەنجامداوە و یاساکەش بە دەقی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە بە گوێرەی سزاکانی هاتوو لە ماددەی (هەشت) دا مامەلە لەگەل فەرمانبەرەکە بکرێت. واتە سەرەرای ئەوەی کە فەرمانبەرەکە شایستەی مووچەی ئەو رۆژە نابێت کە غایب بووە لە هەمانکاتدا پێویستە بە گوێرەی یاساش سزا بدرێت لە پای نەهاتنەوە و غایب بوونی.

**چوارەم:** ئەگەر بەم عورفەی دائیرە وەری بگرین و فەرمانبەر هەرکات کە نەهاتەوە سەر وەزیفەکەی غیاب بدرێت، ئەوا لەم کاتەدا رەنگە بە حوکمی یاسا کۆتایی بەراژەکەی بێت، چونکە بە گوێرەی دەقی ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٢ هەر فەرمانبەرێك بە شێوەی پچڕ پچڕ یان

بەسەر یەکەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ نەگەڕایەوە سەر وەزیفەکەی لە ماوەی ساڵێکی تەقویمیدا و بێ بوونی مەعزەرەتی بەجێ ئەوا بەدەستلەکارهەڵگرتوو دادەنرێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی لەم جۆرە حالەتانەدا ئیجیتهاد نەکات و بە گوێرەی یاساکە مامەڵە بکات و بەرێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوە یان ئیستیجوابکردنی ڕاستەوخۆ وەك ئەوەی کە لە ئەحکامی ماددەی (١٠)ی یاساکەداهاتووە مامەڵە لەگەل فەرمانبەری (غائب) دا بکات، بۆ ئەوەی لەلایەك مافی فەرمانگەکە نەفەوتێت و بێ سەرووبەری دروست نەبێت لەرووی ئیدارییەوە لە هەمانکاتیشدا بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکەش ڕێگە بە خۆی نەدات سەرپێچی بکات و پابەندی دەوامکردن نەبێت.

## (١٦)

# بڕوانامەی ساختەی فەرمانبەران و چۆنیەتی مامەڵەکردنی فەرمانگە میرییەکان لەگەڵیدا

لە پاش رووخانی رژێمی بەعس ، بابەتی دەرکەوتنی بڕوانامەی ساختە لە نێو فەرمانگە میرییەکان بوو بە دیاردەیەکی بەربڵاو، ئەمەش دوای ئەوەی لەلایەن فەرمانگە میرییەکانەوە نوسراوی (صحه الصدور) ئاراستەی ئەو شوێنانە دەکرا کە بروانامەکانیان لێوە دەرچوو بوو، بەمەبەستی زانین و دڵنیابوون لە راستی و دروستی ئەو بروانامانەی کە فەرمانبەران پێشکەشیان کردبوو بە فەرمانگەکانیان، چ لە کاتی دامەزراندنیان لە وەزیفەی گشتی یاخود لە کاتی وەزیفەدا ، هەر بۆیەش لەپاش دەرکەوتنی راستی و دروستی بروانامەکان و ساغ بوونەوەی ساختەیی بەشێك لەو بروانامانە، لەلایەن فەرمانگەکانەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی لەسەر ئەو فەرمانبەرانە پێکهێنرا کە بروانامەی ساختەیان پێشکەش کردبوو بە فەرمانگەکانیان و لەسەر ئەم بنەمایە و بەشێوەیەکی گشتی فەرمانبەران هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکران و راستکردنەوە دەکرا بۆ مووچە و دەرماڵەکانیان و سزای بەرزەفتەکاری دەدران، ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا سەرنجی یاسایی لەسەر دابنێین بریتییە لەو هەڵە یاساییەی کە لە زۆرێك لە فەرمانگەکان کراوە سەبارەت بەم بابەتە، چونکە بە زۆری لیژنەکانی لێکۆڵینەوە لە کاتی لێکۆڵینەوەکردنیان لەو فەرمانبەرانەی هەواڵەی لێکۆڵینەوەکرابوون لە پاش پێشکەشکردنی بروانامە ساختەکانیان، جیاوازیان نەکردبوو لە نێوان ئەو فەرمانبەرانەی لە کاتی دامەزراندندا بروانامە ساختەکەیان پێشکەشکردبوو لەگەل ئەو فەرمانبەرانەی کە لە پاش

دامەزراندن بروانامەکەی پێشکەشی کردبوو،، چونکە ئەو دوو حالەتە ، دوو حوکمی جیاوازیان هەیە و ناکرێت تێکەڵ بکرێن لەگەڵ یەکتر، کە لە خوارەوە روونیان دەکەینەوە :

**حاڵەتی یەکەم:** بۆ ئەو حالەتانەی کە فەرمانبەرەکە بروانامە ساختەکەی لە کاتی دامەزراندندا پێشکەش کردووە، ئەوا لەم کاتەدا رێگە پێدراو نییە کە بابەتەکە لەرێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕییەوە چارەسەر بکرێت، چونکە بۆ ئەم جۆرە حالەتانە یاسادانەر دەقی راشکاوانەی هێناوە کە لە ئەحکامی ماددەی (٦٢)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ دا و دەستەواژەی دەرکردن (اقصاء) ی لەوەزیفە  بۆ ئەم جۆرە حالەتانە بەکارهێناوە،چونکە فەرمانبەرەکە هەر لە بنەڕەتدا یەکێك لە مەرجەکانی وەزیفەی تێدا بەدی نەهاتووە کە دامەزراوە و لەم کاتەشدا پێویستە لە وەزیفەی دوور بخرێتەوە و دەربکرێت، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەرەتەدا بریاری دامەزراندنەکەی دروستنەبووە  و بە حوکمی قانون دامەزراندنەکەی پوچەڵ دەبێتەوە ، لەگەل ئەمەشدا سەرجەم ئەو ئاسەوارانەش پوچەڵ دەبێتەوە کە بریاری دامەزراندنەکە خستویەتییەوە و پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکە دەگەرێنرێتەوە بۆ پێش دامەزراندنەکەی ، واتە لێرەدا بریاری کارگێڕیی فەرمانگەکەی بە دوورخستنەوە و دەرکردنی فەرمانبەرەکە لە وەزیفە بریتی دەبێت لە کشانەوەی بریارەکە( سحب القرار) نەك هەڵوەشاندنەوەی بریاری (الغاء القرار) دامەزراندنەکە و بریارەکە بە ئاسەواری گەراوەیی (اثر الرجعی) بەسەر فەرمانبەرەکەدا جێبەجێ دەبێت. کەواتە چارەسەرکردنی ئەم حالەتە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٦٢)ی یاسای راژەی شارستانی[١] دەبێت

[١]**ماددەی شەست و دووەم:** گەرهاتوو مەرجەکانی دامەزراندن کە لە ماددەکانی (٧ و ٨)ی ئەم یاسایەدا دەقی لەسەر هاتووە هەموویان یان بەشێکیان بەدینەهاتبوو لە فەرمانبەرەکەدا لە کاتی

نەك یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ ی هەموارکراو چونکە لە بنەرەتدا فەرمانبەرەکە سیفەتی فەرمانبەرێتی بەدەستنەهێناوە[١].

لەلایەن خۆشیەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بریاری ژمارە (٢٥٠) لە ٢٠١٠/٧/٧دەرکرد[٢] و تیایدا پێداگری کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و تەواوی دامودەزگا میرییەکان رێککاری یاسای پێویست بگرنە بەر دەرهەق بەو فەرمانبەرانەی کە لەسەر بنەمای بروانامەی ساختە دامەزراون و دەستبەجێ لە وەزیفە دوور بخرێنەوە و دەربکرێن و هەموو ئەو ئاسەوارانەش بسڕنەوە کە لەسەر بنەمای بروانامە ساختەکە کەوتۆتەوە لەگەل لێوەرگرتنەوەی سەرجەم ئەو مووچە و دەرمالانەی کە بە درێژایی

---

دامەزراندنیدا بۆ یەکەمین جار ، ئەوا پێویستە دەربکرێت لە وەزیفە بە فەرمانی ئەو دەسەلاتەی دایمەزراندووە ، بەلام گەرهاتوو رێگرە یاساییەکەی دامەزراندن نەما و هیچ هۆکارێك نەمایەوە بۆ دەرکردنی ، ئەوا رێگە پێدراوە لە راژەکەیدا بمێنێتەوە بەو مەرجەی ئەو ماوەیەی کە مەرجی دامەزراندنی تێدا نەبووە بە خزمەت ئەژمار نەکرێت بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە.

[١]د. مصدق عادل طالب، الوسيط في الخدمة المدنية، الجزء الثاني، ط ١، دار السنهوري، بيروت، ٢٠١٧، ص٢٣٥.

[٢]قرر مجلس الوزراء بجلسته السابعة والعشرين والاعتيادية المنعقدة بتاريخ ٢٠١٠/٧/٦ ، الموافقة على ما يأتي-:التأكيد على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة ومؤسسات الدولة كافة ، باتخاذ الاجراءات القانونية ضد الموظفين الذين عينوا بناءً على شهادات دراسية مزورة ، باقصائهم فورًا من الوظيفة العامة ، وازالة جميع الاثار المترتبة على قرار التعيين بما في ذلك استرجاع جميع الرواتب والمخصصات التي تقاضوها خلافًاللقانون واحالتهم الى المحاكم المختصة بالسرعة الممكنة .

ماوەی مانەوەیان لە وەزیفە وەریان گرتووە ، لەگەل هەوالەکردنیان بە خیرایی بۆ دادگای تایبەتمەند.

**حالەتی دووەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەبنەرەتدا دامەزراندنەکەی دروست بوو، بەلام لە کاتی وەزیفەدا و بەمەبەستی زیادکردنی بڕی مووچە و دەرمالەکەی هەستا بە پێشکەشکردنی بروانامەی ساختە، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە سیفەتی فەرمانبەرێتی وەرگرتووە و یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەرهەق جێبەجێ دەکرێت و بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە مامەڵەی لەگەل دەکرێت و رێککاری یاسایی لە دژ دەگیرێتە بەر و دواتریش بە هۆی پێشکەشکردنی بروانامەی ساختەوە کە تاوانێکی سزایی دەخاتەوە ئەوا پێویست دەکات کە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/سێهەم) فەرمانبەرەکە هەوالەی دادگای تایبەتمەند بکەن .

## (١٧)
## دەربارەی مۆڵەتی کەڵەکەبووی فەرمانبەر

### ١- وەرگرتني مۆڵەتی کەڵەکەبووی فەرمانبەر:

بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ی هەموار کراو، فەرمانبەری گشتی شایستەی مۆڵەتی ئاسایی دەبێت بە مووچەی تەواو (یەك) رۆژ بۆ هەر (دە) رۆژ لە راژەی فیعلی لە وەزیفەکەیدا ، واتە لە مانگێکدا (٣) رۆژ و لە ساڵێکدا (٣٦) رۆژ، کاتێکیش فەرمانبەرەکە ئەم مۆڵەتانە وەرناگرێت، ئەوا یاساکە رێگەی داوە کە ئەو مۆڵەتانەی فەرمانبەرەکە وەری نەگرتووە بۆی کەڵەکە(تراکم) ببێت تا ئاستی (١٨٠) رۆژ ، کە لەم حاڵەتەشدا فەرمانبەرەکە بە گوێرەی پێویستی خۆی دەتوانێت بەسەر یەکەوە و بە یەکجار داوای (١٢٠) رۆژ مۆڵەتی ئاسایی بە مووچەوە بکات و گەرهاتوو پێویستی بە مۆڵەتی زیاتر هەبوو لەو (١٢٠) رۆژە ، ئەوا پاش دەستبەکاربوونەوەی دەتوانێت داوای پاشماوەی (٦٠) رۆژەکەی دیکەی بکات کە پێشتر کۆی کردۆتەوە و بۆی کەڵەکەبووە ، بەڵام کاتێك ئەو (١٨٠) رۆژە مۆڵەتە کەڵەکەبووەی تەواو کرد، ئیتر رەسیدی مۆڵەتی نامێنێ ، با لەوەش زیاتر رەسیدی مۆڵەتی هەبووبێت و وەری نەگرتبێت، چونکە دەقی ماددەی (چل و سێهەم/٣) لە یاساکە و هەروەها رێنمایی ژمارە (١٤)ی بەروونی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە رێگە پێدراو نییە مۆڵەتی ئاسایی فەرمانبەر بۆ زیاتر لە (١٨٠) رۆژ کەڵەکە ببێت، خۆ گەرهاتوو لەو ئاستە زیاتر بوو ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە لە ژیانی وەزیفی خۆیدا ناتوانێت وەك مۆڵەتی کەڵەکە بوو سوودی لێ وەربگرێت و بەڵکو بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٢٠٥)ی سالی ١٩٨٨ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) وەك خزمەتی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت، واتە ئەگەرهاتوو فەرمانبەرێك (٢٥٠) رۆژ رەسیدی مۆڵەتی هەبێت، ئەوا لەم کاتەدا و بەگوێرەی ئەحکامی ماددە (چل و سێهەم)ی یاسای راژەی شارستانی

دەتوانێت تەنها کەڵك لە (١٨٠) ڕۆژی وەك مۆڵەتی کەڵەکەبوو وەردەگرێت و پاشماوەی مۆڵەتەکەی کە دەکاتە (٧٠) ڕۆژ ئەوا وەك خزمەتی خانەنشینی بۆی ئەژمار دەکرێت، واتە لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە پاش تەواو کردنی ماوەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی کە (١٨٠) ڕۆژە، ئیتر ناتوانێت داوای مۆڵەتی ئاسایی بکاتەوە بە موچەوە با ئەو (٧٠) ڕۆژەیشی مابێت، چونکە ئەو (٧٠) ڕۆژەی ماویەتی سیفەتی مۆڵەتی کەڵەکەبووی نیە و پێویستە فەرمانبەرەکە چاوەڕێ بکات کە سەرلە نوێ ڕەسید دروست بکاتەوە بۆ مۆڵەتەکانی لە داهاتوودا ئەوەش لەبەرەنجامی وەرنەگرتنی موستەحەقاتی لە مۆلەتی ئاسایی خۆی کە یەك ڕۆژە بۆ هەر (١٠) ڕۆژ لە خزمەتی فیعلی لە وەزیفەکەیدا.

**٢- خەرجکردني مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبوو:**

مۆڵەتی کەڵەکەبوو (الإجازات المتراكمة) بە دوو جۆرە بەکار دەهێنرێت، جۆری یەکەمیان وەك باسمان کرد لە کاتی وەزیفەدا فەرمانبەر دەتوانێت بە شێوەی مۆڵەتی ئاسایی سوودی لێ وەربگرێت و بەکاری بهێنێت ، ئەوەش کاتێك کە فەرمانبەرەکە داوای بکات و بیەوێت سوودی لێ وەربگرێت وەك لە خالی یەکەمی ئەم بابەتەدا ئاماژەمان پێدا. جۆری دووەمی سوود بینین لە مۆڵەتی کەڵەکەبوو کاتێك دەبێت کە فەرمانبەرەکە لە وەزیفەدا نامێنێ، ئەوەش بە شێوەی وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکە زیاترنەبێت لە (١٨٠) ڕۆژ واتە (شەش) مانگ بەسەر یەکەوە، ئەمەش لەم حاڵەتانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** لە حاڵەتی ڕێکخستنەوەی میلاکات: کاتێك فەرمانبەر یان مامۆستا کۆتایی بە ڕاژەکەی دێت لەبەرەنجامی ڕێکخستنەوەی میلاکاتەوە ، ئەوەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (چل و پێنجەم/١ و ٢) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، لەم کاتەشدا فەرمانبەرەکە یان مامۆستاکە شایستەی وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانێتی کە بریتییە لە (١٨٠) ڕۆژ واتە شەش مانگ ئەگەر ڕەسیدی مۆڵەتی دەگەیشتە

ئەم ئاستە، خۆ گەر لەوەش کەمتر بوو ئەوا بە قەدەر ماوەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی مووچەکەی بۆ خەرج دەکرێت.

**دووەم:** هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (چل و پێنجەم/١) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو. ئیتر ئایا خانەنشین بوونەکە بە حوکمی یاسا بێت بە گوێرەی ماددەی (١/ دووەم/ أ و ب) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی سالی ٢٠٠٦ی هەموار کراو یان بە ویستی فەرمانبەرەکە خۆی بێت بە گوێرەی ماددەی (١/چوارەم) یاسای خانەنشینی یەکگرتوو.

**سێهەم:** حاڵەتی دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەر بە رەزامەندی دائیرەکەی ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (چل و نۆیەم/٢) لە یاسای راژەی شارستانی ، ئیتر ئایا رەزامەندییەکەی دائیرەکەی بە شێوەی راشکاوانە(صریح) بێت یان بە شێوەی بێدەنگ بوون (سکوت) و وەڵام نەدانەوەی داواکاری فەرمانبەرە لەو ماوەیە و بەو شێوەیەی کە یاساکە دەقی لەسەرهێناوە لە ئەحکامی ماددەی (سی و پێنجەم)ی یاسای راژەی شارستانی.

# (١٨)

## تەنسیبی فەرمانبەر چی یە و گرنگترین ئەحکامەکانی کامانەن؟

تەنسیب بریتییە لە خواستنی فەرمانبەری گشتی بە رەزامەندی خۆی یان بێ رەزامەندی بەمەبەستی مومارەسەکردنی وەزیفەیەکی هاوشێوەی وەزیفە بنەڕەتییەکەی (الأصلیە) و لە ئاست و پلەی خۆی لە چوار چێوەی ئیدارەی گشتی میریدا،بۆ ماوەیەکی زەمەنی لەگەڵ مانەوەی لەسەر میلاکی ئیدارە بنەڕەتییەکەی خۆی.

لەسەر ئەم بنەمایەش بۆمان دەردەکەوێت کە:

**یەکەم:** تەنسیبکردنی فەرمانبەری گشتی تایبەتە بە فەرمانبەری هەمیشەیی نەك فەرمانبەری فەرمانبەری گرێبەست.

**دووەم:** دەبێت لە چوارچێوەی وەزیفەیەکدابێت کە هاوشێوەی وەزیفەکەی خۆی بێت و لە هەمان ئاست و پلەدا بێت .

**سێهەم:** لە نێوان دائیرە فەرمیی و نیمچە فەرمیەکانی حکومەتدا بێت .

**چوارەم:** بارێکی وەزیفی کاتییە و بۆ حاڵەتی زۆر پێویستە، واتە ئەم رێوشوێنە بەدەرکردنە (استثناء) لەسەر ئەسڵ و پێویستە لە بەرتەسکترین چوارچێوەدا پیادە بکرێت و زیادەڕەوی تێدا نەکرێت و لە زووترین کاتدا چارەسەری ئەو وەزیفە چۆڵە بکرێت کە پەیدابووە لە رێگەی میلاکەوە ، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا نابێت ماوەکەی لە سێ ساڵ زیاتر تێپەڕ بکات بۆ فەرمانبەران و دوو ساڵ بۆ مامۆستایان پێویستە فەرمانگە پەیوەندیدارەکان پابەندن بە کۆتایی هێنانی تەنسیبەکە پاش تەواو بوونی ماوەکەی.

**پێنجەم:** فەرمانبەرەکە لەسەر میلاکی فەرمانگە بنەڕەتییەکەی خۆی دەمێنێتەوە .

**شەشەم:** دەکرێت بە ئیرادەی فەرمانبەرەکە بێت و لە هەمانکاتدا دەکرێت بێ گەرانەوەش بێت بۆ ئیرادەی فەرمانبەرەکە.

**حەوتەم:** مووچەی فەرمانبەری تەنسیبکراو دەکەوێتە ئەستۆی ئەو فەرمانگەیەی فەرمانبەرەکە ی بۆی تەنسیبکراوە ئەگەر هاتوو فەرمانگە بنەڕەتییەکە تەموویل زاتی بوو، بەلاّم ئەگەر فەرمانگە بنەڕەتییەکەی تەموویل زاتی نەبوو، ئەوا تا کۆتایی سالّی دارایی سەرجەم مووچە و دەرمالّەکانی لە فەرمانگە بنەڕەتییەکەی خۆی بۆ خەرجدەکرێت و لە سالّی دارایی نوێوە مووچە و دەرمالّەکانی لەو فەرمانگەیە بۆخەرجدەکرێت کە بۆی تەنسیب دەکرێت.

**هەشتەم:** فەرمانبەری تەنسیبکراو شایستەی بەرزکردنەوە و سەرمووچەی سالاّنەی خۆی دەبێت لە فەرمانگە بنەڕەتییەکەی خۆی و بەرپرسە لەوەی داوا لە فەرمانگە بنەڕەتییەکەی خۆی بکات تا کاری پێویستی بۆ ئەنجامبدەن سەبارەت بە سەرمووچە یان بەرزکردنەکەوەی لە کاتی هاتنی بەرواری شایستەبوونیدا.

**نۆیەم:** سەبارەت بە مافی فەرمانبەری تەنسیبکراو بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی،بەبڕوای ئێمە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە وا پێویستی دەکرد مۆڵەتی درێژخایەن وەربگرێت یان دەیویست کەڵك لە مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی پێشووی وەربگرێت بۆ مەبەستی پشوودان ، ئەوا لەم کاتەدا وەرگرتنی ئەم جۆرە مۆڵەتە لەگەڵ کرۆك و مەبەستی تەنسیبکردنەکە یەکناگرێتەوە و دروست نییە،باشتر وایە لەم حالّەتەدا بڕیاری تەنسیبکردنەکە هەڵوەشێتەوە و فەرمانبەرەکە بگەڕێتەوە دائیرەکە بنەڕەتییەکەی خۆی لەوێ داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتە درێژخایەنەکەی بکات ، نەك لای ئەو دائیرەی کە بۆی تەنسیبکراوە .

**دەیەم:** دەسەڵاتی تەنسیبکردن لە دەسەڵاتە حصرییەکانی وەزیری تایبەتمەندە گەر هاتوو لە نێوان دوو وەزارەتدا بوو.بەلام سەبارەت بە دەسەڵاتی پارێزگارەکان بۆ تەنسیبکردنی فەرمانبەران لەسەر ئاستی پارێزگا،ئەوا دەسەڵاتیان کورتدەبێتەوە لە تەنسیبکردنی فەرمانبەرانی کارگێڕیی خۆجیەتی لەسەر ئاستی پارێزگاکان نەك فەرمانبەرانی سەر بەوەزارەتە جیاوازەکانی دیکە.

**یانزەیەم:** گەرهاتوو فەرمانبەری تەنسیبکراو بۆ سنووری وەزارەتێکی دیکە و لە ماوەی تەنسیبکردنەکەیدا سوپاس و پێزانینی ئاراستە کرا لەلایەن ئەو وەزارەتە یان ئەو فەرمانگەیەی بۆی تەنسیب کرابوو، ئەوا پێویستە ئاراستەی وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی پێداوە لە وەزارەتە بنەرەتییەکە یان فەرمانگەی بنەرەتی فەرمانبەرە تەنسیبکراوەکە بکرێت تا دووبارە ئاڕاستەی فەرمانبەرەکە بکرێتەوە بەو مەبەستەی ئاسەواری یاسایی بخاتەوە .

**دوانزەیەم:** نابێت تەنسیبکردنی فەرمانبەر وەك سزایەکی شاراوە دەرهەق بە فەرمانبەری تەنسیبکراو بەکاربهێنرێت.

## (١٩)

## تەنسیبی بەرزەفتکاریی (التنسیب الإنضباطی) چی یە؟

تەنسیب بریتییە لە پەیوەستکردنی فەرمانبەر لەلایەن لایەنێکی کارگێڕیی دەسەلاتپێدراو بە تەنسیبکردنی فەرمانبەرێکی خۆی بۆ کارکردن لای لایەنێکی دیکە بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو لەگەڵ پاراستنی وەزیفەکەی لە چوارچێوەی ئیدارە ئەسڵییەکەیدا، تەنسیب لە حالەتی زۆر پێویست و بەمەبەستی پڕکردنەوەی چۆڵی لە میلاکاتدا پەنای بۆ دەبرێت و ئەو دائیرەی کە فەرمانبەرەکەی بۆ تەنسیبکراوە پێویستە بە زووترین کات یان میلاکی پێویست دابین بکات و پلە چۆڵەکە پڕ بکاتەوە یاخود گواستنەوەی راژەی فەرمانبەرەکە بکات بۆ سەر میلاکی خۆی بە گوێرەی رێککارە یاساییەکان، کەواتە تەنسیب بەم شێوەیە سروشتێکی کاتی و بەدەرکراوی هەیە و لەسەر ئەسڵ هاتووە. هەروەك بابەتی تەنسیب بە شێوەیەکی گشتی بە گوێرەی رێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ رێکخراوە.

بەلام سەبارەت بە تەنسیبی بەرزەفتکاری، ئەوا ئەم جۆرە تەنسیبکردنە ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (١٧/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراوە. کە لەو بڕگەیەدا هاتووە :" یەکەم: وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە دەتوانن دەستکێشانەوەی بۆ فەرمانبەر بکەن بۆ ماوەیەك کە (٦٠) شەست رۆژ تێنەپەڕێنێ گەر هاتوو پێیان وابوو مانەوەی فەرمانبەرەکە لە وەزیفەکەی زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت یان کاریگەری دەبێت لەسەر رەوتی لێکۆڵینەوە لەو کارەی کە فەرمانبەرەکە لەسەری هەواڵەی لێکۆڵینەوە کراوە و دواتر دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەر وەزیفەکەی دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەی ئاماژەی پێکرا مەگەربێتوو رێگرییەك هەبوو ئەوا لەم کاتەدا تەنسیب دەکرێت بۆ وەزیفەیەکی دیکە.

لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین:

**یەکەم:** ئە جۆرە تەنسیبکردنە پەیوەندی بە میلاکات و پڕکردنەوەی چۆلی پلەی وەزیفەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە مەترسی مومارەسەکردنی ئەو وەزیفەوە هەیە کە پێشتر فەرمانبەرەکە مومارەسەی کردووە، واتە دەبێت مومارەسەی ئەو تایبەتمەندییە نەکات لە ماوەی تەنسیبەکەدا کە پێشتر مومارەسەی کردووە یان لەو هۆبە و بەش و بەرێوەبەرایەتییە نەمێنێ کە پێشتر کاری وەزیفی تیا ئەنجامداوە.
**دووەم:** ئەم جۆرە تەنسیبە لە چوار چێوەی یەك بەرێوەبەرایەتی و وەزارەتدا دەبێت و رێگە پێدراو نییە بۆ دەرەوەی وەزارەت بکرێت گەرهاتوو پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەبوو، یان نابێت بخرێتە دەرەوەی بەرێوەبەرایەتییەکی گشتی گەرهاتوو لەسەر ئاستی بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکە کێشەی هەبوو .

**سێیەم:** هەرچەند یاسادانەر لە دەقی مادەکەدا ئەم جۆرە تەنسیبەی گرێداوە بە دەستپێکێشانەوەی جەوازیی ، بەلام رێگە پێدراویشە لە حالەتی دەستپێکێشانەوەی وجوبیشدا پەنای بۆ ببرێت هەروەك ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بریاری ژمارە (٩٠ /٢٠٠٧ لە ٣١/١٢/٢٠٠٧) ئاماژەی پێکردووە و تیایدا هاتووە:" ئەو فەرمانبەرەی کە تاوانێکی ئابرووبەر (مخله بالشرف)ی ئەنجامداوە و بەو هۆیەوە عەزلکراوە و دواتر بەر لێبوردنی گشتی کەوتووە، ئەوا رێگە پێدراوە بگەرێنرێتەوە بۆ وەزیفە و تەنسیب بکرێت بۆ وەزیفەیەکی دیکە کە ئەو کاروبارە ئەنجام نەدات پێشتر ئەنجامی داوە (وەك کاری ژمێریاری).

**چوارەم:** هەرچەند یاساکە ماوەی تەنسیبەکەی دیاری نەکردووە، بەلام بەبروای ئێمە دەکرێت بگەرێینەوە بۆ ئەحکامی تەنسیب بە پێی رێنمایی ژمارە (٢٣)ی سالی ١٩٧٩ و رەچاوی ماوەی هاتوو لەو رێنماییە بکەین. هەرچەند بریاری ئاماژە پێکراوی ئەنجومەنی شواری دەولەت لە خالی(٣)ی

لای سەرەوەدا زیاتر سروشتێکی هەمیشەیی لێ دەخوێنرێتەوە وەك لە کاتی.

**پێنجەم:** بەبروای ئێمە ئەگەر تەنسیب لە بنەرەتدا بەدەرکردن (استثناء) بێت لەسەر ئەسڵ، ئەوا ئەم جۆرە لە تەنسیبی بەرزەفتکاری بەدەرکردنێکی دیکەیە لەسەر خودی تەنسیب خۆی و حوکمەکانی تەواو جیاوازن.

## (٢٠)

## ئايا پارێزگارەکان دەسەڵاتی تەنسیبکردنی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی سەر بە وەزارتەکانی دیکەیان هەیە لە سنووری پارێزگاکەیاندا؟

سەبارەت بە دەسەڵاتی پارێزگارەکان بۆ تەنسیبکردنی فەرمانبەران لەسەر ئاستی پارێزگاکەیاندا، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی مادده (هەژدە/یەکەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ پارێزگار لە پلەی (بریکاری وەزارەت) دایە و لەم بەرەنجامەشەوە بە سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی بەندی یەکەمی رێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ی رێنمایی وەزیفە چۆڵ و میلاکاتە پەسەندکراوەکان و هەروەها لەبەر ئەوەی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمیشدا ماددەی (نۆزدەیەم/ شەشەم/١) دەسەڵاتی پارێزگاری کورتکردۆتەوە لە تەنسیبکردنی فەرمانبەرانی کارگێڕیی خۆجیەتی لەسەر ئاستی پارێزگا، کە بە گوێرەی بیرورا دەربڕینی ژمارە(١٤/٢٠١٥) لە ٦/٤/٢٠١٥ ئەنجومەنی شورای هەرێمیش فەرمانبەرانی کارگێڕی خۆجێیەتی بریتین لەو فەرمانبەر و راسپێراوانەی خزمەتی گشتی کە مووچە و دەرماڵە و بەخشش و کرێ وەردەگرن لە بوجەی پارێزگاکان یاخود بوجەی یەکەکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیەکانی سەر بە پارێزگاکان وەك قایمقامیەت و ناحیەکان و ئەم دەستەواژەیە فەرمانبەری وەزارەتەکان ولایەنەکانی ناپەیوەست ناگرێتەوە کە لە چوارچێوەی پارێزگاکان و یەکەکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێی سەر بەپارێزگاکان کاردەکەن، لەسەر ئەم بنەمایەش پارێزگارەکانی دەسەلاتی تەنسیبکردنی فەرمانبەرانی سنووری بەڕێوبەرایەتی سەر بە وەزارتەکانی دیکەیان نییە .هەروەك لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بڕیاری ژمارە (١٤٧/٢٠١٠) لە ٨/١٢/٢٠١٠ پێداگری لەسەر کردۆتەوە ، بۆیە باشتر وایە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش لە

دابەزاندنی دەسەلات بۆ پارێزگارەکان و سەرۆکی یەکەی ئیدارە سەربەخۆکان ڕەچاوی ئەم حاڵەتە بکات.

## (٢١)

## ئاسەوارە یاساییەکانی سوپاس و پێزانین لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەران

**یەکەم:** بە پێی ئەحکامی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٢١)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ئاسەواری سوپاس و پێزانین بریتییە لە پێشخستن (قدم) ی فەرمانبەرەکە بۆ ماوەی یەك مانگ ، ئەم پێشخستنە بە شێوەی خۆبەخۆی (تلقائی) و بە حوکمی قانون لەگەڵ ئاراستەکرانی سوپاس و پێزانینەکە بۆ فەرمانبەرەکە دەکەوێتەوە و ئیتر یاساکە دەرکردنی بریاری کارگێڕیی دووەمی بۆ پێدانی پێشخستن (قدم) نەکردووە بە مەرجی پێشخستنەکە و خۆ ئەگەر بڕیاری کارگێڕیشی پێدەربچێت ئەوا جگە لە بڕیارێکی ئاشکراکار (کاشف) هیچی دیکە نابێت.واتە لێرەدا دەسەڵاتی پێدانی پێشخستنەکە سەبارەت بە دەسەڵاتی کارگێڕیی دەسەلاتی کۆت و بەندکراوە (مقیدە) و واجبە لەسەری پێشخستنەکە بدات بە فەرمانبەرە کە ئیتر بریاری کارگێڕی بۆ دەربکات یان نا.

**دووەم:** بە پێی ئەحکامی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٢١١)ی یاساکە، سوپاس و پێزانین گەرهاتوو ئاراستەی فەرمانبەرێك کرا کە سزادرابوو بە سزای بەرزەفتکاری ، ئەوا لەم کاتەدا ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە لە بری پێشخستن (قدم)، بەم شێوەیەی لای خوارەوە سزاکان هەڵدەوەشێنێتەوە یان دواخستنی پلەبەرزکردنەوە (الترفیع)کەم دەکاتەوە گەرهاتوو سزاکە جێبەجێکرابوو ، بێگومان هەموو ئەمانەش بە حوکمی قانون دەبێت و ئیدارە هیچ دەسەڵاتێکی لەم بوارەدا نیە و پێویستە ئەو ئاسەوارە وەك خۆی جێبەجێ بکات و دەرکردنی بڕیاری کارگێڕیش مەرج نیە بۆ خستنەوەی ئاسەوارەکە:

١- یەك سوپاس و پێزانین سزای سەرنج راکێشان (لفت النظر) هەڵدەوەشێنێتەوە.

٢- دوو سوپاس و پێزانین سزای ئاگادارکردنەوە (الإنذار) هەڵدەوەشێنێتەوە .

٣- گەرهاتوو سزاکە (سەرنج راکێشان بوو یان ئاگادار کردنەوە بوو بەڵام جێبەجێکرابوو لەسەر فەرمانبەرەکە یان سزاکانی دیکەی موچە بڕین ـ قطع الراتب ـ یان سەرزەنشت ـ التوبیخ ـ یان کەمکردنەوەی مووچە ـ انقاص الراتب ـ بوو) ئەوا بۆ هەر سوپاس و پێزانینێك یەك مانگ دواخستنی پلە بەرزکردنەوە کەم دەکاتەوە بە مەرجێك لەساڵێکدا زیاترنە بێت لە سێ مانگ.

**سێهەم:** لە حاڵەتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەر ، گەرهاتوو فەرمانبەرەکە سزادرابوو، ئەوا بە گوێرەی ئەحکامی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٢١) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لەم کاتەشدا دەسەڵاتی ئیدارە دەسەڵاتی کۆت و بەند کراوە (مقیدة) لە چۆنیەتی ئەژمارکردنی ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە، واتە ئیدارە ناتوانێت پێشوەختە بڕیار لەسەر ئاسەواری سوپاس و پێزانینەکە بدات، چونکە گەربێتوو لە نێو ئەو فەرمانبەرانەدا، فەرمانبەری سزادراوی تێدابوو ئەوا پێویستە بە گوێرەی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢١) مامەڵە لەگەل بکرێت نەك پێشخستنی پێ بدرێت، چونکە وەك گوتمان لێرەشدا دەسەڵاتی ئیدارە دەسەڵاتێکی کۆت و بەند کراوە دەبێت دەقی ماددە و برگەکە وەك خۆی جێبەجێ بکات. .

## (٢٢)

## ئایا ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەڕێوەبەر گشتییەکان و فەرمانبەرانی پلە تایبەت دەتوانن لەخولی ممارەسەکردنی وەزیفە یاندا بخوێنن یان مۆڵەتی خوێندن وەربگرن؟

ڕەنگە زۆر جار ئەو پرسیارەی لای سەرەوە بکرێت کە تا چەند لەرووی یاساییەوە ڕێگە پێدراوە ئەو بەرێزانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە دەتوانن درێژ بە خوێندن بدەن ئیتر ئایا لە خوێندنی باڵا بێت یان لە خوێندنی زانکۆیی بەرایی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەبڕوای ئێمە ئەو بەرێزانە ناتوانن بخوێنن یان مۆڵەتی خوێندن وەربگرن لەو ماوەیەی کاری تیا دەکەن لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** بە گوێرەی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە ئەندامی پەرلەمان خۆی تەرخان کردبێت تەنها بۆ کاری ئەندامێتی پەرلەمان و ڕێگە پێدراو نیە کە هیچ کارێکی دیکە بکات، هەروەها بە گوێرەی ماددەی (چواردەم/ سێهەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش ، ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری ئەنجومەنەکەیان و ڕێگە پێدراو نیە هیچ کارێکی دیکە ئەنجام بدەن.

**دووەم:** بە گوێرەی بەندی (یەکەم) لە مادەی (٤)ی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی خوێندن ژمارە (١٦٥)ی ساڵی ٢٠١١ ئاماژەی بەوە داوە مەرجە ئەوانەی مۆڵەتی خوێندن وەردەگرن لە فەرمانبەرانی گشتی بن و پلە کانیان بکەوێتە خوار پلەی (یەك) لە پلەبەندی و مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی یاسای مووچەی

فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ، بەلام ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەرێوەبەر گشتییەکان و فەرمانبەرانی پلە تایبەت پلەکانیان ناکەوێت ئەو چوارچێوەیەی کە رێنماییەکە ئاماژەی پێداوە کردوویەتی بە مەرج بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن، واتە ئەمانە وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن نایان گرێتەوە.

**سێهەم:** بە گوێرەی رێنمایی خوێندنی باڵا ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٠ ، پێویستە ئەوانەی لە خوێندنی بالا (دبلۆم و ماجستیر و دکتۆرا) وەردەگیرین، خۆیان تەرخان بکەن بۆ خوێندنەکەیان و رێگە پێدراو نییە هیچ کار و وەزیفەیەکی دیکە ئەنجام بدەن، بەم جۆرەش لەم رووەشەوە رێگە پێدراوە کەسێك لە خوێندنی بالا بخوێنی و خۆی تەرخان نەکردبێت بۆی و کارێکی دیکەش ئەنجام بدات.

لەبەرەنجامی ئەوەی لە پێشەوە باسمان کردن بە بروای ئێمە رێگە پێدراو نیە لەرووی یاساییەوە کە ئەندامانی پەرلەمان یان ئەنجومەنی پارێزگاکان یان بەرێوەبەرە گشتییەکان یان پلە تایبەتەکان لە ماوەی خولی کارکردنی وەزیفیاندا بخوێنن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر.

# (٢٣)

## كورتەی خوێندنەوەیەکمان بۆ ماددەی( ٢٣) ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو

یاسادانەر لە ماددەی (٢٣)ی یاساکەدا دەڵێت:" **لاتحول براءة الموظف أو الإفراج عنه عن الفعل المحال من أجله الى المحاكم المختصة دون فرض إحدى العقوبات المنصوص عليها فی هذا القانون**" واتە بێتاوان دەرچوونی فەرمانبەر یان ئازادکرانی لەسەر ئەو کارەی کە بە هۆیەوە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند کراوە نابێتە رێگر لەبەردەم سەپاندنی یەکێك لەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا دەقی لەسەر هاتوو بەسەرفەرمانبەرەکەدا.

بە بروای هەندێك کەس ئەم ماددەیە پێچەوانەی ماددەی (٢٢٧) (قانون أصول المحاكمات الجزائية)ی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ کە ئەوەش دژ یەکی دروستدەکات لە نێوان هەردوو ماددەکەدا، هەروەك هەندێکی دیکەش جیاکردنەوە و جێبەجێکردنەکەی زۆر بە قورس دەبینن لەرووی کردابیەوە.

بە بروای ئێمە لەم ماددەیەوە چەند دەرەنجامێك دەکەوێتەوە کە بریتین لە:

**یەکەم:** سەربەخۆیی لێکۆڵینەوە و سزای بەرزەفتکاری (التحقيق والعقوبة الإنضباطية) دەسەلمێنێت لە لێکۆڵینەوە و سزای تاوانکاریی (التحقيق و العقوبة الجزائية) ، واتە لێرەدا یاسادانەر بەدووپاتکردنەوەی ئەم سەربەخۆییە ویستویەتی ئیدارە دەستی کراوەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانبەری سەرپێچیکار تەنانەت ئەگەر هەواڵەی دادگاش بکرێت لەرووی لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردن و سزادانیەوە.

**دووەم:** سەربەخۆیی ئەم دوو جۆرە لێكۆڵینەوە و سزادانە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆكی ئەحكامی ماددەی (١٠/دووەم و سێهەم) لە یاسای بەرزەفتكردن كە لەو ماددەیەدا سێ بابەتی گرنگی یەكلاكردۆتەوە كە بریتین لە:

١ـ لە ماددەی (١٠٠/دووەم)ی یاساكەدا جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە هەموو پێشنیارێك كە لیژنەی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی لە كۆنووسی كۆتایی لێكۆڵینەوەكەیدا دەیكات ، پێویستە هۆكاردار‌بێت ، واتە (تسبیب) كرابێت، كە بەبروای ئێمە ئەمەش جۆرێك لە شكلیەتی جەوهەری دەدات بەم بابەتە ، بە تایبەت پێشنیاری سزادانی فەرمانبەر ، چونكە گەرهاتوو تەسبیبكردنەكە نەبوو یان هەبوو بەڵام دروست نەبوو، ئەوا ئەو بڕیارەی لەبەرەنجامی ئەو پێشنیارەوە دەردەچێت عەیبدار دەبێت بە عەیبی مەشروعیەت و دواجار بڕیاری سزادانەكە قابیلی پوچەڵكردنەوەدەبیت .

٢ـ لە ماددەی (١٠/سێهەم) ی یاساكەدا بە راشكاوانە سنووری لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی و سزایی لە یەكتر جیا كردۆتەوە ، چونكە لەم بڕگەیەدا دەڵێت گەرهاتوو ئەو كارەی كە فەرەمانبەرەكەی پێ هەواڵەی لێكۆڵینەوە كراوە تاوانێكی پێكدەهێنا كە لەبەرەنجامی وەزیفەكەیەوە یان بە سیفەتە رەسمییەكەی ئەنجامی دابوو ئەوا پێویستە (وجوبی)یە، لیژنەكە پێشنیاری هەواڵەكردنی فەرمانبەرەكە بكات بۆ دادگای تایبەتمەند . لەسەر ئەم بنەمایەش یاساكە هەر لە بنەرەتەوە هەردوو لێكۆڵینەوەكەی لە یەكتر جیاكردۆتەوە ، خۆ گەربێتو لیژنەكە پابەند نەبوو بەم بڕگەیە و بەردەوام بوو لەسەر لێكۆڵینەوەكەی، ئەوا لەلایەك سەرپێچی یاساكەی كردووە و لەلایەكی دیكەش تەجاوزی تایبەتمەندی (الإختصاص) كردووە كە تەجاوزێكی (جسیم) ەو كۆی كارەكە مەعدوم دەكات نەك پوچەڵ (باطل). چونكە تەجاوزی كردۆتە سەر تایبەتمەندی دەسەڵاتی دادوەریی.

٣ـ لەبەرەنجامی هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەم ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە كە دەبێت تەسبیبی سزای كارگێڕیی تەسبیبی بەرزەفتكاری یان كارگێڕیی

بێت نەك سزایی ، لێرەشەوە بە تەواوی هەردوو سزاکە لە یەکتر جیا دەبنەوە ، چونکە ئەگەر تەسبیبی سزادانی فەرمانبەرەکە لەلایەن لیژنەکەوە تەسبیبێکی کارگێڕیی بوو، ئەوا ئیتر ئەگەر لە لێکۆڵینەوە سزاییەکەشدا بەرائەت دەربچێت ، کاریگەری لەسەر سزا بەرزەفتکارییەکەی نابێت، چونکە تەسبیبە کارگێڕییەکە پێشتر لەلایەن ئیدارەوە و لەبەرەنجامی لێکۆلینەوەوە ساغکراوەتەوە و کۆتایی هاتووە.

**سێیەم:** لەم بەرەنجامەشەوە دەبینین کە دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق و دادگای قەزای فەرمانبەران و دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای عێراق لە دەیان بریاریاندا جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لێبوردنی گشتی و تایبەتی کاریگەری نابێت لەسەر سزای بەرزەفتکاری فەرمانبەر مەگەر بێتوو بە دەقی راشکاوانە لێبوردنە گشتییەکە یان تایبەتەکە دەقی لەسەر هێنابێت، یاخود مەگەربێتوو سزا بەرزەفتکارییەکە وەك سزایەکی پاشکۆی بۆ حوکمە سزاییەکە دەرچووبێت کە لەم حاڵەتەدا دەیکات بە بڕیارێکی سزادانی کاشف نەك (منشأ)، چونکە هەردوو سزادان و لێکۆڵینەوەکە هەر لە بنەڕەتەوە لە یەکتر سەربەخۆن.

## (٢٤)

## ئایا بە بریکارنامەی گشتی (الوكالة العامة) دەتوانرێت دەستبەکاربونەوە (مباشرة) بۆ فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بکرێت؟

هەندێکجار لە ژیانی وەزیفیدا ئەم پرسیارەمان لێ دەکرێت کە فلانە فەرمانبەر مۆڵەتی وەرگرتووە ئیتر ئایا مۆڵەتەکەی درێژخایەن بێت یان کورت خایەن و لەبەر هەر هۆیەك بێت خۆی ناتوانێت دەستبەکار بێتەوە و دەیەوێت مۆڵەتەکەی بۆ درێژ بکرێتەوە یان مۆڵەتی نوێ پێشکەش بکات و بریکارنامەی گشتی بۆ برایەکی یان خوشکی یان باوکی یان کەسێکی نزیکی کردۆتەوە ئەو دەیەوێت دەستبەکاربونەوەی بۆ بکات، تا چەند ئەم کارە رێگە پێدراوە؟

بێگومان ئەم جۆرە دەستبەکاربونەوانە لە رووی یاساییەوە رێگە پێدراو و جائیز نیە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :

١- لە ژیانی وەزیفیدا فەرمانبەر خودی خۆی (محلی ئیعتبارە)لای دەسەلاتی کارگێڕیی و خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر ئەرکەکانی سەرشانی و بە گوێرەی پسپۆری و تایبەتمەندی خۆی دامەزراوە و لە شوێن و پێگەیەدا کار دەکات کە دەسەلاتی کارگێڕیی پێویستی بەو پسپۆری و تایبەتمەندییە.

٢- بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤/ یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی سالی ١٩٩١ فەرمانبەر واجبە لەسەری خودی خۆی هەستێ بە ئەنجامدانی کارە وەزیفییەکانی وەك هاتووە (( **أداء أعمال وظيفته بنفسه ...**)) واتە ئەگەر هاتوو فەرمانبەر خۆی هەڵنەسا بە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییەکانی سەرشانی و کەسێکی دیکە بۆی راپەراند ئەوا رێگە پێدراو نیە و سەرپێچی یاسایە.

٣- به گوێرەی ئەحکامی ماددەی (سی و حەوت/٢) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی ١٩٦٠ پێویستە فەرمانبەر لە پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی دەستبەکاربێتەوە و ئەگەر هاتوو ماوەی (١٠) تێپەری بەسەر تەواوبوونی مۆڵەتەکەیدا و دەستبەکار نەبوویەوە بێ هەبوونی مەعزەرەتێکی مەشروع ئەوا بە دەستلەکارهەڵگرتوو دادەنرێت واتە ئەم دەستبەکارنەبوونەوەی دەچێتە خانەی (الإستقالة الحكمية)ە وە.

٤- دەستبەکاربونەوەی فەرمانبەر لە وەزیفە واتە پێدانەوەی سیفەتی وەزیفی بە فەرمانبەرەکە و هەبوونی توانای قانونیەتی بەسەر رایی کردنی ئەو مامەڵانەی دێنە بەردەستی بە سیفەتی پسپۆری و بروانامەکەی ، خۆ گەرهاتوو لەبری خۆی کەسێکی ئەم کارەی کرد ئەوا ئەو جۆرە مامەڵانە لەرووی قانونیەوە دروست نین چونکە لە فەرمانبەری تایبەتمەند و پسپۆرەوە دەرنەچووە.

٥- ئەگەر وادابنێین باوك یان برایەکی فەرمانبەر بە بریکارنامەی گشتیەوە دەستبەکاربونەوەیان بۆ فەرمانبەرەکە کرد و وەکیلەکە هیچ جۆرە بروانامەیەکی نەبوو لە کاتێکدا فەرمانبەرە مۆڵەت پێدراوەکە بروانامەی زانکۆی هەبوو، ئایا لەم کاتەدا ئەو وەکیلە چۆن دەتوانیت کارە وەزیفیەکانی فەرمانبەرەکە رایی بکات تا ئەو کاتەی فەرمانبەرەکە دەستبەکاردەبێتەوە یان دووبارە مۆڵەتی پێدەدرێتەوە لە کاتێکدا مۆڵەت پێدانەوەش لە دەسەلاتی تەقدیری دەسەلاتی کارگێڕییەو دەکرێت هەر مۆلەتەکە نەداوتەوە ئایا لەم کاتەدا حالەتەکە بە کوێ دەگات!! یان ئەگەر هاتوو وەکیلەکە فەرمانبەر بوو لە دائیرەیەکی دیکە یان دائیرەی خودی فەرمانبەرەکە ،ئایا وەکیلەکە چۆن دەتوانیت لە یەك کاتدا دوو وەزیفە راپەڕێنێ !!

لەبەر هەموو ئەوانەی لە پێشەوە باسمان کرد فەرمانبەر دەبێت خودی خۆی لە کاتی یاسایی خۆیدا دەستبەکار ببێتەوە و یاسادانەر بۆ ئەوەی دەرگا

بەرووی هەموو ئەگەرانەدا دابخات بە واجبی داناوە کە فەرمانبەر خودی خۆی ئەرکە وەزیفییەکانی سەرشانی راپەرینی و خودی خۆی دەستبەکاربێتەوە بە پێچەوانەوە گەر دەستبەکار نەبوویەوە ئەوا بە دەستلەکارهەڵگرتوو (مستقيل) دادەنرێت.

## (٢٥)

## دەربارەی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر (سحب اليد)

### یەکەم: عورفی هەڵە لە جێبەجێکردنی ئەحکامی دەستپێکێشانەوە

بە گوێرەی ماددەکانی (١٦ و ١٧٧) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤) ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو ئەحکامی دەستپێکێشانەوە هاتووە و جۆرەکانی دەستنیشان کراوە کە بریتین لە دوو جۆر:

١ـ دەستپێکێشانەوە وجوبی کە بە گوێرەی مادده ١٦ رێکخراوە و هەرکات فەرمانبەر لەلایەنێکی تایبەتمەندەوە تەوقیف کرا ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانگەکەی سحب الید ی بۆ بکات بە درێژایی ماوەی تەوقیفەکەی .

٢ـ دەستپێکێشانەوە جەوازی بە گوێرەی ماددەی (١٧) رێکخراوە و نابێت لە (٦٠) رۆژ زیاتر بێت کە ئەمەش بە دوو پاساودەکرێت:

أ/ گەرهاتوو مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفە زیانی بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیاند. (**بقاء الموظف مضر بالمصلحة العامة**).

ب/ گەرهاتوو مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفە کاریگەری دەنواند لەسەر رەوتی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەگەڵی دەکرا.( **أو قد يؤثر على سير التحقيق في الفعل الذى أحيل من أجله الى التحقيق**).

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم و وەك عورفێکی هەڵە جێبەجێدەکرێت ئەم جۆرەی دواییانە، واتە ئەو حاڵەتەی کە مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی زیانی بە رەوتی لێکۆڵینەوە لەگەل کردني دەگەیاند، کە یاساکە مەرجداری کردووە بە چەند مەرجێك کە ئەوانیش بریتین لە :

١ـ پێویستە ئەوە بسەلمێت کە مانەوەی فەرمانبەرەکە لە وەزیفەکەی کاریگەری دروست دەکات لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەکە گەرهاتوو لەلایەن لیژنەکەوە پێشنیاری دەستپێکێشانەوەکە کرابوو وە پێویستە لیژنەکە ئەمە ساغ بکاتەوە و ئەوکات پێشنیارەکە بکات.

٢ـ پێویستە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەدا بێت وەك لە دەقی بڕگەی دووەمی ماددەی (١٧) هاتووە کە دەڵێت : **للجنة أن توصى بسحب اليد الموظف في أية مرحلة من مراحل التحقيق.**

بەڵام بە داخەوە بە دیراسەکردنی زۆرێك لە کۆنووسی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەگەڵ فەرمانبەراندا کراون لە فەرمانگە جیاوازەکاندا، بۆم دەرکەوتووە کە پێشنیاری دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر لە کۆنوسی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە ئەمەش پێچەوانەی حیکمەت و مەبەستی ئەحکامی ماددەی (١٧/ دووەم)یە لە یاساکە، چونکە یاساکە پێشنیارەکەی گرێی داوە بەوەی کە پێویستە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەدا بێت نەك لە پاش کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکە ، هەروەها ئەوەش ساغ کرابێتەوە کە مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی زیان بە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە دەگەیەنێت کە ئەمەش ساغ نەکراوەتەوە و لە پێشنیاری دەستپێکێشانەوەکەدا هیچ تەسبیبێکی قانونی نانوسرێت کە پاساو بێت بۆ ئەم پێشنیارە !! کە بە داخەوە لە زۆرێك لەو لیژنانەدا بەڕێزان ئەندامانی داواکاریش گشتیش بونیان هەیە و کۆنوسەکانیشیان واژۆ کردووە!!

گرفتێکی دیکەی ئەم عورفە هەڵەیە ئەوەیە کە حساب ناکرێت بۆ ئەو ئاسەوارانەی کە دەستپێکێشانەوە لەسەر فەرمانبەر دواتر دەیخاتەوە وەك ئەژمارکردنی ماوەی دەستپێکێشانەوەکە بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی و ئەژمارکردنی وەك خزمەتی فیعلی یان

وەزیفی و زۆر شتی دیکەش کە ئەمەش وەك پێویست لە فەرمانگەکان مامەڵە لەگەل ناکرێت.

## دووەم: دەستپێکێشانەوە (سحب الید) و فەسڵی وجوبی فەرمانبەر

زۆر جار ئەوە ڕوودەدات کە فەرمانبەرێك لە پای تاوانێکی سزایی کە ڕەنگە پەیوەندی بە وەزیفەکەشیەوە نەبێت لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە رادەگیرێت (توقیف) و دواتر حوکم دەدرێت بە سزایەکی (سالبة للحریة)، لەم کاتەشدا یاسای فەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ بۆ هەردوو حاڵەتی راگرتن (توقیف) و هەروەها ماوەی مانەوەی فەرمانبەرەکە لە زیندان بە هۆی حوکمدانیەوە، ئەحکامی تایبەتی داناوە، کە بە داخەوە لە زۆربەی فەرمانگە حکومییەکاندا بە هەڵە مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو حاڵەتە دەکرێت و تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن کە ئەوەش هەڵەیەکی یاساییە، بۆیە لە خوارەوە ئەم ڕوونکردنەوەیە دەخەینەروو:

١ـ بە گوێرەی ماددەی (١٦) لە یاساکە فەرمانبەر دەستپێکێشانەوەی وجوبی بۆ دەکرێت گەرهاتوو لەلایەن لایەنێکی تایبەتمەندەوە راگیرا بۆ ماوەی راگرتنەکەی (مدة التوقیف)، بە هەمان شێوەش گەرهاتوو حوکمدرا لەسەر تاوانەکە ئەوا فەسڵ دەکرێت بۆ ئەو ماوەیەی لە زیندان دەمێنێتەوە لە پاش حوکمدانی، ئیتر ئایا حوکمەکەی بەندکردن (حبس) بێت یان زیندانیکردن (سجن)، ئەمەش بە گوێرەی ماددەی (٨/ حەوتەم/ ب)ی یاساکە .

٢ـ دەستپێکێشانەوەی وجوبی بۆ ماوەی راگرتن و هەروەها فەسڵکردن بۆ ماوەی مانەوەی فەرمانبەر لە زیندان بەو شێوەی باسکراو لە خاڵی یەکەمدا، ئەوا بریاری دەستپێکێشانەوەکە و فەسڵکردنەکە تەکیفیکی قانونیە بۆ حالەتی دابرانی فەرمانبەرەکە لە وەزیفە، نەك سزادانی فەرمانبەرەکە بێت، واتە ڕێککارێکی قانونیە و دائیرەکە پێویستە بیگرێتە بەر و لەم بوارەشدا دەسەلاتی دائیرەکە کۆت و بەندکراوە (مقیدة) و هیچ بژاردەیەکی دیکەی

لەبەردەستدا نییە جگە لە دەرکردنی بریاری دەستپێکێشانەوەکە یان فەسڵکردنەکە .

٣ـ لە حاڵەتی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر گەرهاتوو حوکمدرا بە بێتاوانی ئیتر بە هەر هۆیەك بێت لەو هۆیانەی کە یاسای تایبەتمەند دەقی لەسەر هێناوە (بە لێبوردنی گشتی و وەستانی جێبەجێکردن) یشەوە، ئەوا نیو مووچەی راگیراوی فەرمانبەرەکە دەگەرێنرێتەوە بۆی ، بەلام گەرهاتوو حوکمدرا ئەوا نیو موچە راگیراوەکەی بۆ ناگەرێتەوە بە مەرجێك تاوانەکەی (مخله بالشرف ) نەبێت.

٤ـ هەردوو فەرمانی دەستپێکێشانەوە و فەسڵکردنی فەرمانبەر بەو جۆرەی باسکرا بە زۆری بە بریاری ئاشکراکار (کاشف) دادەنرێن و بە (أثر رجعی) جێبەجێ دەکرێن، چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا پشت بە بریاری راگرتن (التوقیف) و هەروەها حوکمی تاوانبارکردنەکە (حکم الإدانة) بە بەندکردن یان زیندانیکردن دەبەستن.

٥ـ ماوەی راگرتن و ماوەی مانەوەی فەرمانبەر لە زیندان بە گوێرەی یاساکە بە شێوەی رەها هاتوون، واتە لە هەردوو بارەکەدا یاسادانەر لانی کەمی ماوەکە یان لای سەرووی دیاری نەکردووە و تەنها ئەوەی دیاریکردووە گەرهاتوو هەردوو ماوەکە ملکەچبوون بۆ حوکمی (راگرتن) یان (ماوەی مانەوە لە زیندان لە پای حوکمدان)، لەبەر ئەوە لێرەدا بە هۆی زۆری و کەمی ماوەکانەوە دەسەلاتی کارگێری ناتوانێت تەکیفەکە بگۆرێت و بیکات بە دابران لە وەزیفە یان ئامادەنەبوون (غیاب)، چونکە ئەمانەی دوایی حوکمی دیاریکراوی خۆیان هەیە و پەیوەندییان بە نەبوونی مەعزەرەتی یاساییەوە هەیە بۆ دابران یان غایب بوونەکە.

**سێهەم: چارەنووسی نیوموچەی راگیراوی فەرمانبەر لە کاتی (سحب الید) دا**

بێگومان کاتێك کە فەرمانبەر بڕیاری دەستکێشانەوەی بۆ دەردەکرێت ئەوا نیوەی موچەکەی بۆ خەرجدەکرێت و نیوەکەی دیکەی دەمێنێتەوە بۆ دوای یەکلا بونەوەی دۆسیەکەی و بەپێی ئەو سزایەی یاخود ئەو ئاکامەی کە لێکۆڵینەوەکان پێی دەگەن ئیتر چ کارگێڕیی بێت یاخود سزایی ، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

١ـ گەرهاتوو فەرمانبەرەکە سزا درا بە سزای (لەکارخستن – العزل-) یا(فەسڵ –الفصل -) ئەوا هیچ بڕێك لەو پارەیەی بۆ سەرف ناکرێتەوە کە لە ماوەی دەستکێشانەوەکەیدا راگیراوە، ئیتر برياری (لەکارخستن) و (فەسڵ)ە کە بەپێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت بووبێت یا هەر یاسایەکی دیکە.

٢ـ گەرهاتوو سزا درا بە سزاکانی (کەمکردنەوەی موچە یا پلە دابەزاندن) ئەوا سزاکە لەو کاتەوە جێبەجێدەکرێت کە فەرمانی دەستکێشانەوەکەی تیا دەرکراوە و نیوەی موچە راگیراوەکەی پێدەدرێتەوە .

٣ـ گەرهاتوو لەبەرەنجامی لێکۆڵینەوەی کارگێڕییەوە دەرکەوت کە بێتاوان دەرچووە یاخود لە ماوەی دەستکێشانەوەکەدا و پێش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە دۆسیەکەدا کۆچی دواییکرد، ئەوا نیوەی موچە لێبڕاوەکەی بۆ سەرفدەکرێت یا دەدرێت بە میراتگرەکانی.

٤ـ گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەسەر دۆسیەیەکی دیکەی سزایی راگیرابوو پاش لێکۆڵینەوە بێتاوان دەرچوو بە پێی حوکمی دادگا یاخود ئازاد کرا، ئەوا نیوەی موچە راگیراوەکەی بۆ سەرف دەکرێت.

٥ـ گەر هاتوو سزا درا بە حوکمێکی جەزائی بەڵام جێبەجێکردنی سزاکەی وەستێنرا ئەوا پاش کۆتایی هاتنی ماوەی وەستانی جێبەجێکردنەکە، نیوەی موچە راگیراوەکەی بۆ خەرجدەکرێت، واتە فەرمانبەرەکە دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی ، وەك حاڵەتی ئاسایی موچەی مانگانەی خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەو نیو موچەیەی کە راگیراوە ، لە ئەستۆی فەرمانگەکەیدا

دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ماوەی ئەزموونییەکەی کۆتایی دێت کە بریتییە لە (٣) سێ ساڵ لەبەرواری دەرچوونی حوکمەکەی دادگاوە  و دواتر گەر لەو ماوەیەدا فەرمانبەرەکە هیچ تاوانێکی ئەنجام نەدا، ئەوا وەك ئەوە وایە کە حوکم لەدژی فەرمانبەرەکە دەرنەچووبێت و بێتاوان بووبێت و ئەوکات نیوە موچە راگیراوەکەی بۆ خەرج دەکرێت.

٦ـ گەر هاتوو لەو ماوەی ئەزموونیە ی لە خاڵی (٥)دا ئاماژەمان پێدا فەرمانبەرەکە هەواڵەی خانەنشینی کرا، ئەوا پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ئەزموونیەکەی و ئەنجامنەدانی هیچ تاوانێکی دیکە نیوەموچە راگیراوەکەی بۆ خەرجدەکرێت، واتە خانەنشینبوونی فەرمانبەرەکە نابێتە رێگر لە وەرگرتنەوەی نیوە موچە راگیراوەکەی.

٧ـ گەرهاتوو فەرمانبەر لەسەر تۆمەتێك دەستگیر کراو دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا  و لە چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی سزاییدا بوو لەوکاتەشدا یاسایی لێبوردنی گشتی دەرچوو کە دەیگرتەوە ، ئەوا پێویستە نیوەی موچە راگیراوەکەی بۆ خەرج نەکرێت تا ئەو کاتەی بڕیاری دادگا دەردەچێت لە دۆسیەکەیدا بەوەی کە بەر لێبوردنە گشتیەکە دەکەوێت. ئەو کات بۆی خەرجدەکرێت.

٨ـ گەرهاتوو حوکمدرا بەبەندکردن یا زیندانیکردن لەسەر تاوانێك کە (مخلە بالشرف) نەبوو ، ئەوا نیوەی موچەکەی بۆ خەرج ناکرێت و بەپێی ئەحکامی بڕگەی (ب) لە خاڵی حەوتەمی ماددەی هەشتەمی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت فەسڵ دەکرێت و ئەو نیوە موچەی پێی دراوە لێی وەرناگیرێتەوە و ماوەی راگیرانەکەی دەچێتە چوار چێوەی ماوەی فەسڵکردنەکەوە.

**چوارەم: مەبەست لە نیو مووچەی فەرمانبەر لە ماوەی دەستپێکێشانەوەدا (سحب الید) چی یە؟**

لە ئەحکامی ماددەی (١٨) ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتیی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دا هاتووە :" ئەو فەرمانبەرەی دەستپێکێشانەوەی بۆ کراوە لە ماوەی دەستکێشانەوەکەیدا نیو مووچە وەردەگرێت." کە لێرەدا یاسادانەر ئاماژەی بەوە نەداوە کە مەبەست لە نیو مووچە، نیوەی هەموو مووچەی فەرمانبەرەکەیە یان نیوەی مووچەی بنەڕەتیەکەیەتی ؟ بەم هۆیەشەوە بیروڕای جیاواز هەیە، لەلایەن خۆیەوە دکتۆر (غازی فیصل مهدی ) لەکتێبەکەیدا (شرح أحكام قانون انضباط موظفی الدولة) دەڵێت:"بەرای ئێمە مەبەستی یاسادانەر لە نیو مووچە بریتییە لە نیوەی کۆی مووچە نەك نیوەی موچەی بنەڕەتی فەرمانبەرەکە، کە نیوەی موچەی بنەڕەتی و دەرماڵە و ئەو قەرەبووانەی کە فەرمانبەرەکە شایستەیەتی دەگرێتەوە ، واتە فەرمانبەرەکە نیوەی ئەو مووچەیە وەردەگرێت لە ماوەی دەستکێشانەوەکەیدا "...[١]

بەڵام لەبەرامبەردا هەندێکی دیکە (وەك دکتۆر عوسمان سەلمان غیلان عبودی) لە کتێبی (شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة) بڕوایان وایە کە مەبەست لەو نیوموچەیە بریتی لە مووچەی بڕیار لێدراو بەبێ دەرماڵەکان [٢]. لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە دوو بڕیاریدا بۆ ئەوە رۆیشتووە کە دەرماڵەی ترسناکی لە ماوەی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەردا خەرج ناکرێت، لەم بارەیەشەوە لە بڕیاری ژمارە (٢٠٠٦/٢٣ لە ٢٠٠٦/٣/١٩) دەڵێت:".. دەرماڵەی ترسناکی لە کاتی

---

[١] د. غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة، منشورات صباح صادق جعفر الأنباري، بغداد، ٢٠٠٦، ص٧٦.

[٢] د. عثمان سلمان غيلان العبودى، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل، ط١، بدون اسم المطبعة، بغداد، ٢٠١٠، ص٥٤٢.

دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەردا خەرجناکرێت.." هەروەها لەبڕیاری ژمارە (۱۲۹/۲۰۰۸ لە ۲۰۰۸/۱۰/۲٦) دەڵێت:" فەرمانبەری دەستپێکێشراوە شایستەی دەرماڵەی ترسناکی نابێت.".[۱]

لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێنمایی ژمارە (۸) لە ۲۰۰۹/۳/١٦ و لەم بارەیەوە زیاتر چووەتە ناو وردەکاری بابەتەکە و لە خاڵی (٦)ی رێنماییەکەدا دەڵێت:"فەرمانبەر لە کاتی بەندکردنی ، دەستی لەکاردەکێشرێتەوە و نیوەی موچەکەی بۆ خەرجدەکرێت، دەربارەی دەرماڵەکان ئەوا شایستەی نیوەی دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت کە وەری دەگرێت پێش بەندکردنی ، بەڵام ئەگەر دەرماڵەکان لە دەرماڵە جێگیرەکان نەبوون، ئەوا تەنها نیوەی خەرج دەکرێت ئەوەش تەنها بۆ یەك مانگ".

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا بیروڕای دروست ئەوەیە کە نیوە مووچە بریتییە لە کۆی مووچە و دەرماڵە جێگیرەکان بەو وردەکارییەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە رێنمایی ژمارە (۸) ی ساڵی ۲۰۰۹ ئاماژەی پێکردووە، واتە لە ماوەی دەستپێکێشانەوەدا فەرمانبەر تەنها شایستەی ئەو دەرمالآنە نابێت کە پەیوەندی راستەوخۆی بە دەوام و ئەو پیشەوە هەیە کە مومارەسەی دەکات وەك دەرماڵەی مەترسی مەگەر تەنها بۆ مانگی یەکەم نەبێت گەرهاتوو ماوەی دەستپێکێشانەوەکەی لەوە زیاتری خایاندا، هەروەها دەرماڵەی جوگرافیش کە وەك کرێی هاتوچۆی فەرمانبەر دادەنرێت لە کاتی دەوامکردنیدا.

---

[۱] قرار رقم ۲۳/۲۰۰٦ في ۲۰۰٦/۳/۱۹ منشور في قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ۲۰۰٦ ، منشورات وزارة العدل العراقية، بغداد ،۲۰۰۷،ص۷۹. وأيضًا قرار رقم (۱۲۹ /۲۰۰۸ في ۲۰۰۸/۱۰/۲٦) منشور في منشور في قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ۲۰۰۸ ، منشورات وزارة العدل العراقية، بغداد ،۲۰۰۹ ، ص ۳۳۳.

بەبروای ئێمە لەبەر ئەوەی کە یاسادانەر دەستپێکێشانەوەی وەك ڕێوشوێنێك هێناوە و تەنانەت هەندێکجار پەیوەندی بە وەزیفەی فەرمانبەرەکە و ئەرکەکانی سەرشانییەوە نیە وەك حاڵەتی دەستپێکێشانەوەی وجوبی و دواجاریش ڕەنگە دۆسیەکە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکە کۆتایی پێ بێت، لەبەر ئەوە دادگەریی نییە کە فەرمانبەرەکە بێبەش بکرێت لە هەندێك مافی دارایی کە بە هۆکارێکی یاسایی ناتوانێت مومارەسەی وەزیفەکەی بکات بۆ ئەوەی شایستەی ببێت. هەروەك ئەو نیوەموچەیەی دیکەی فەرمانبەرەکە کە لای دائیرەکەی رادەگیرێت وەك ئەمانەتێك لە ئەستۆی دائیرەکەی دەمێنێتەوە تا بریاری کۆتایی لە بارەی دۆسیەکەی دەدرێت و پاشان بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٩)ی یاساکە مامەڵەی لەگەل دەکرێت (وەك لە بابەتەکانی پێشوومان‌دا بە وردی چارەنووسی ئەو نیو مووچە راگیراوانەمان روون کردەوە) . کەواتە فەرمانبەر لە کاتی دەستپێکێشانەوەیدا نیوەی مووچەی بنەرەتی و نیوەی دەرمالە جێگیرەکانی بۆ خەرج دەکرێت و بۆ مانگێکیش نیوەی دەرمالە ناجێگیرەکانی بۆ خەرج دەکرێت جگە لە دەرماڵەی جوگرافی کە ئەمەیان پەیوەندی بە دەوامکردنی رۆژانەی خۆیەوە هەیە بۆ سەر وەزیفەکەی و وەك مۆڵەتی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت..

## پێنجەم: کاریگەری دەستپێکێشانەوە (سحب الید) ی فەرمانبەر لەسەر پلەبەرزکردنەوە(الترفیع)

هەندێکجار ئەوە روودەدات کە فەرمانبەر لە ماوەی دەستپێکێشانەوەیدا (سحب الید) بەرواری پلەبەرزکردنەوەکەیشی دێتە پێشەوە و دەسەڵاتی کارگێڕیی لەم کاتەدا دەکەوێتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە ئایا پلەبەرزکردنەوەکە بکات بۆ فەرمانبەرەکە یان چاوەڕێی ئاکامی یەکلابوونەوەی ئەو دۆسیەیە بکات کە فەرمانبەرەکەی لەسەر (سحب الید) کراوە ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، هەوڵدەدەین لە خوارەوە بە سێ خاڵ وەڵام و سەرنجی خۆمان لەو بارەیەوە بخەینەڕوو:

١ـ دەستپێكێشانەوەی فەرمانبەر بە پێی ئەحكامی ماددەی (١٦ و ١٧)ی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەمواركراو ، رێوشوێنێكە و یاسادانەر لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەكە و هەروەها دۆسیەكەش بریاری لێداوە، واتە خۆی لە خۆیدا بڕیارێك نییە كە ئاسەواری ئاسایی لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر بخاتەوە ، هەر بۆیەش بە تەنها خۆی وەك پرۆسەیەكی جیاكراوە و قابیلی تانە لێدان نییە لەبەردەم قەزای تایبەتمەندا.

٢ـ لەسەر بنەمای خالی یەكەم و لە حاڵەتی دەستپێكێشانەوەی فەرمانبەردا گەرهاتوو بەرواری پلەبەرزكردنەوەكەی نزیك بووبوویەوە ، ئەوا پێویست دەكات ئەو دەستەلاَتە كارگێڕییە چاوەڕێی ئەنجامی كۆتایی ئەو دۆسیەیە بكات كە بە هۆیەوە فەرمانبەرەكەی لەسەر (سحب الید) كراوە، گەرهاتوو سەلمێنرا كە فەرمانبەرەكە بێتاوان دەرچوو، ئەوا لەم كاتەدا پلەبەرزكردنەوەكەی بۆ دەكرێت لەبەرواری یاسایی شایستەبوونیەوە(تأریخ استحقاقە القانونی) چونكە مووچە راگیراوەكانی بۆ دەگەرێتەوە و ئەو ماوەیەی كە دەستپێكشانەوەی بۆكراوە بە خزمەتی وەزیفی ئەژمار دەكرێت ، چونكە خودی فەرمانبەرەكە دەستی نەبووە لە دواخستنی پلەبەرزكردنەوەكەی هەروەك لە بڕیاری ژمارە (١٢١٦ لە ١٩٧٨/٩/١٨) ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوەدا) هاتووە .بەلاَم گەرهاتوو فەرمانبەرەكە لە پای ئەو دۆسیەیەی كە بە هۆیەوە (سحب الید) كرابوو بە كەمتەرخەم یان تاوانبار دەرچوو، ئەوا لەم كاتەدا، پلەبەرزكردنەوەكەی هێندەی ماوەی دەستپێكێشانەوەكەی دوادەكەوێت.بۆ نمونە ئەگەرهاتوو فەرمانبەرەكە بۆ ماوەی (٣) مانگ لە پای دۆسیەیەكی سزایی راگیرابوو (التوقیف) پاشان حوكم درا بە ئیدانەكردن (بە مەرجێ لە تاوانەكانی ئابڕووبەر نەبوو ـ مخلە بالشرف) دواتر گەرایەوە سەر وەزیفەكەی ، ئەوا لەم كاتەدا نیوەی ماوەی راگیرانەكەی كە (سحب الید) بووە بە خزمەتی وەزیفی بۆی ئەژمار دەكرێت بۆ هەموو مەبەستەكان ، واتە لەم كاتەدا مانگ و نیوێكی بە

خزمەتی وەزیفی بۆ ئەژمار دەکرێت و مانگی نیوەکەی دیکەی بە خزمەتی وەزیفی ئەژمار ناکرێت، چونکە مووچەی ئەو ماوەیەی وەرنەگرتووە و شایستەی نەبووە و بەم هۆیەشەوە (مانگ و نیوێك) پلەبەرزکردنەوەکەی دوادەکەوێت بەمەرجێك هۆکارێکی دیکە نەبێت بۆ دواکەوتنی پلەبەرزکردنەوەکەی وەك ئەوەی فەرمانبەرەکە سزا درابێت بە یەکێك لە سزاکانی (سەرنجراکێشان یا ئاگادارکردنەوە یاخود مووچە بڕین یان سەرزەنشتکردن) کە لە ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتەکردندا هاتوون .یان مەرجەکانی پلەبەرزکردنەوەکە هەموویان بەدی نەهاتبن.

٣ـ گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەپای ئەو دۆسیەیەی کە دەستپێکێشانەوەی لەسەر کرابوو ئیدانەکراو حوکم درا لەگەل ڕاگرتنی حوکمەکەی (ایقاف التنفیذ)، ئەوا لەم کاتەدا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەکانی (١٤٦ و ١٤٧ و ١٤٨ و ١٤٩)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی سالی ١٩٦٩ی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، واتە دەسەڵاتی کارگێڕیی ماوەی (٣) ساڵ لە ڕۆژی دەرچوونی حوکمەکەی دادگاوە دەوەستێت و نیو مووچە ڕاگیراوەکە ناداتەوە بە فەرمانبەرەکە، گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە ماوەی (٣) ساڵەکە هیچ تاوانێکی دیکەی ئەنجام نەدا،لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە بە بێتاوان دادەنرێت و مووچە ڕاگیراوەکانی پێدەدرێتەوە و ماوەی ڕاگیرانەکەیشی بە خزمەتی وەزیفی بۆ ئەژمار دەکرێت و لەم کاتەدا بە پێی بەرواری یاسایی شایستەبوونی پلەبەرزکردنەوەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت بە مەرجێك هۆکارێکی دیکە نەبێت بۆ دواخستنی پلەبەرزکردنەوەی دواخستبێت وەك لە خاڵی (دووەم) ئاماژەمان پێدا.

## (٢٦)

## بەڕێوەبردنی پۆست بە وەکالەت

لە قەزای ئیداریدا و لە بابەتی سەرچاوەکانی تایبەتمەندیدا (مصادر الإختصاص) ، یەکێك لە شێوازەکانی پەیڕەوکردنی تایبەتمەندی بریتییە لە شێوازی یان ڕێگەی (وەکالەت) ئەمەش بۆ ئەو حاڵەتە دەبێت کە خاوەنی تایبەتمەندی بنەڕەتی (صاحب الإختصاص الأصیل) بۆ ماوەیەکی کاتی ناتوانێت مومارەسەی دەسەلاتەکانی بکات ئیتر ئایا بە هۆی سەفەرکردنەوە بێت یان نەخۆشی یان هەر هۆیەکی دیکە، لەم کاتەشدا، بەبڕیاری لایەنی باڵا بڕیاردەدرێت بە دەستنیشانکردنی کەسێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە بە شێوەی وەکالەت تا خاوەنی دەسەلاتە ئەسڵییەکە دەگەڕێتەوە یاخود کەسێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی پۆستەکە دادەنرێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردنی پۆست بە وەکالەت لەم چەند خاڵەدا کورت دەبێتەوە:

**یەکەم:** ئەم شێوازە مومارەسەکردنەی دەسەلات، بەدەرکردنە (أستثناء) و بۆ حاڵەتی ئامادەنەبوونی (غیاب) ی خاوەن دەسەلاتی ئەسڵی دەگەڕێتەوە و ناکرێت وەك ئەسڵ مامەڵەی لەگەل بکرێت و حساب بۆ ماوەی زەمەنی نەکرێت.

**دووەم:** پێویستە مومارەسەکردنی ئەم جۆرە دەسەلاتە بەبڕیاری دەسەلاتێکی باڵاتر بێت بۆ نمونە ئەگەر بەڕێوەبردنی پۆستی وەزیر بوو بە وەکالەت پێویستە بڕیارەکە ئەنجومەنی وەزیران دەری بکات ، یان ئەگەر بەڕێوەبردنی پۆستی بەڕێوەبەرێکی گشتی بوو ئەوا پێویستە وەزیر بڕیارەکە دەربکات.

**سێهەم:** مومارەسەی ئەم شێوازە لە تایبەتمەندی پێویستە یاسا دەقێکی تایبەتی بۆ نەهێنابێت بۆ حاڵەتی پڕکردنەوەی پۆستەکە لەو کاتەی خاوەنی دەسەلاتە بنەرەتییەکە دیارنامێنێت وەك شێوازی (الحلول)، چونکە لەم

کاتەدا پێویستە دەقی یاساکە جێبەجێ بکرێت کە شوێنگرەوەکەی داناوە نەك لەبری ئەو کەسێکی تر بە وەکالەت مومارەسەی دەسەلاتەکە بکات.

**چوارەم:** بۆچوونە فیقهییەکان بڕوایان وایە ئەوەی پۆستەکە بەڕێوەدەبات پێویستە هەمان پلەی وەزیفی کەسی ئەسیلی هەبێت واتە دەبێت وەزیرێك پۆستی وەزیرێکی دیکە بە وەکالەت ببات بەڕێوە نەك کەسێك کە پلەکەی لە وەزیر کەمتر بێت و بە هەمان شێوەش بۆ بەڕێوەبەری گشتی ، چونکە کەسی بریکار مومارەسەی دەسەلاتەکانی کەسی ئەسیل دەکات بە هەموو دەسەلاتە شەخسی و بابەتییەکانەوە.

**پێنجەم:** پێویستە ماوەی پڕکردنەوە یان بەڕێوەبردنی پۆستەکە بە وەکالەت کاتی (مؤقت) بێت تا ئەو کاتەی کە خاوەنی دەسەلاتی ئەسڵی دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکە، یان گەر نەیتوانی بگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی لەبەر هەر ڕێگرییەکی یاسایی، ئەوا پێویست دەکات بە زووترین کات کەسێکی دیکە دابنریت تا پۆستەکە بەڕێوەبەرێت بە شێوەی ئەسیڵ و پۆستەکە پڕ بکرێتەوە کۆتایی بە حالەتی وەکالەتەکە بهێنرێت، چونکە ئەو کەسەی کە پۆستەکە بە وەکالەت بەڕێوە دەبات بە زۆری خۆی پۆستێکی دیکە لە هەمان ئاست بەڕێوە دەبات کە ئەمەش بە خراپ بەسەر ئەدای کارەکانیدا دەشکێتەوە ناتوانێت مافی هەردوو پۆستەکە بدات لە یەك کاتدا (هەم ئەو پۆستەی کە خۆی بە ئەساڵەت بەڕێوەی دەبات و هەم ئەوەیشی کە بە شێوەی وەکالەت بەڕێوەی دەبات وەك ئەوەی لە کوردستان بەڕێوەدەچێت لە پڕکردنەوەی پۆستی وەزیرەکان)

## (٢٧)

## دەربارەی دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەر(استقالة الموظف)

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣٥/ ١، ٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، فەرمانبەر بۆی هەیە کە دەستلەکاربکێشێتەوە لە وەزیفەکەی بە داواکارییەکی نووسراو کە پێشکەشی مەرجەعەکەی (دائیرەکەی) خۆی دەکات و هەروەها پێویستە لەسەر ئەو مەرجەعە تا سەیری داواکاری دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەرەکە بکات لە ماوەیەك کە(٣٠) سی رۆژ تێپەڕ نەکات و بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە فەرمانبەرەکە بە لەکارترازاو دادەنرێت مەگەربێتوو فەرمانی پەسەندکردنەکە پێش ئەوە دەرچووبێت.

لێرەدا چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەر بە نوسراوێك دەبێت کە پێشکەشی دائیرەکەی دەکات و تیایدا بەروونی داوای دەستلەکارکێشانەوە دەکات.

**دووەم:** پێویستە لەسەر دائیرەکەی لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی پێشکەشکردنی داواکاری دەستلەکارکێشانەوەکە لەلایەن فەرمانبەرەکەوە سەیری داواکارییەکەی بکات و بڕیاری خۆی لە بارەوە بدات بە قبوڵکردن یان رەتکردنەوەی.

سێهەم: بێدەنگ بوونی دائیرەکە لە وەلامدانەوەی داواکاری فەرمانبەرەکە لە ماوەی (٣٠) رۆژەکەدا ، بە قبوڵکردنی داواکاری فەرمانبەرەکە دادەنرێت.

**چوارەم:** گەرهاتوو ماوەی (٣٠) رۆژەکە تێپەڕی و فەرمانگەکەی بێدەنگ بوو وەڵامی فەرمانبەرەکەی نەدایەوە ، ئەوا بە کۆتایی هاتنی ماوەی (٣٠) رۆژەکە ، فەرمانبەرەکە بە لەکارترازاو (منفك) لە وەزیفە دادەنرێت. بۆنمونە فەرمانبەرێك لە رۆژی ٢٠١٧/٣/١ داواکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی پێشکەشکرد ، ئەوا لە حالەتی بێدەنگبوونی دائیرەکەی لەرۆژی ٢٠١٧/٣/٣١ بە لە کارترازاو دادەنرێت و پەیوەندیی بە وەزیفەکەیەوە نامێنێ و سیفەتی

وەزیفی لەدەستدەدات و وەك هاولاتییەکی ئاسایی لێدێت چونکە بە حوکمی قانون مەرکەزی یاسایی فەرمانبەرەکە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە و لە وەزیفەدا نەماوە،لەسەر ئەم بنەمایەش رێوشوێنەکانی دواتری فەرمانگەکەی لە دەرکردنی فەرمانی پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەکە جگە لە کەشفی ئاسەواری حوکمە یاساییەکە هیچ لە خۆی ناگرێت و گۆرانکاری لە پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکەدا دروستناکات لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی (٣٠) رۆژەکە.

پێنجەم: مانەوەی فەرمانبەر لە پاش تەواوبوونی ماوەی (٣٠) رۆژەکە لە وەزیفە بە پاساوی دەرکردنی فەرمانی وەزاری وگەرانەوەی رەزامەندی وەزیر هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و ئەو فەرمانبەرە گەربێتوو لە دەرەوەی ماوەی (٣٠) رۆژەکە بمێنێتەوە ، ئەوا بەبێ هەبوونی سیفەتی فەرمانبەرێتی دەمێنێتەوە و کارەکانی لەکەدار دەبێت بە لەکەی نەبوونی دەسەلات. کە لە زۆربەی فەرمانگەکاندا و وەك عورفێکی ئیداری فەرمانبەر دوای ماوەی (٣٠) رۆژەکە دەیان رۆژ دەمێنێتەوە بە بیانووی گەرانەوەی رەزامەندی وەزارەت ، کە ئەمەش یاسایی نیە، چونکە وەلام نەدانەوەی فەرمانبەرەکە لەلایەن دائیرەکەیەوە لە ماوەی ئەو (٣٠) رۆژەدا پەیوەندی بە دائیرەکەیەوە هەیە و دەبێت دائیرەکەی مشوری خۆی بخوات و لە ماوەی ئەو (٣٠) رۆژەدا هەلوێستی تەواوی لایەنەکانی وەزارەتەکەی وەربگرێت بۆ ئەوەی مافی بریاردانی لە دەست دەرنەچێت. بەپێچەوانەوە مافی بریاردانی لەسەر داواکاری فەرمانبەرەکە نامێنێ.

## (٢٨)

## ئایا فەرمانبەری دەستلەکارکێشراوە (المستقیل) مافی دووبارە دامەزراندنەوەی هەیە لە وەزیفەی گشتیدا؟

زۆر جار ئەو پرسیارەمان رووبەروو دەبێتەوە کە ئایا ئەو فەرمانبەرەی داوای دەستلەکارکێشانەوەی(الإستقالة) پێشکەشی بە دائیرەکەی کردوە و دواتر دائیرەکەی رەزامەندی لەسەر داواکەی داوە ئیتر بە شێوەی راشکاوانە (صریح) بێت یان ناوەکیی (ضمنی) بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٣٥) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠، یاخود ئەو فەرمانبەرەی کە بە هۆی دابرانی لە وەزیفە بە دەستلەکارکێشراوە دانراوە (اعتبارە مستقیلا) بە گوێرەی حاڵەتەکانی هاتوو لە ماددەی (٣٧)هەمان یاسا، مافی دووبارە دامەزراندنەوەی هەیە لە وەزیفەی گشتیدا؟

بێگومان دامەزراندن (التعیین) و دووبارە دامەزراندنەوە (اعادة التعیین) لە ماددەی (هەشتەم/٢)ی یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە، هەروەها دەستەواژەی دووبارە دامەزراندنەوە(اعاده التعیین) لە ئەحکامی ماددەکانی (پانزەیەم) و (بیست و یەکەم) و (بیست و دووەم)ی هەمان یاسادا هاتووە،هەروەك لە بڕیارەکانی ژمارە (٥١٤)ی سالی (١٩٨١ ) و (٢٢٠)ی سالی (٢٠٠٢)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) دا هاتووە. کەواتە وەك ئەسڵی یاسایی، دووبارە دامەزراندنەوە لە وەزیفەی گشتیدا رێگە پێدراوە، کاتێکیش باس لە دووبارە دامەزراندنەوە دەکەین بەو مانایە دێت کە ئەو کەسەی داوای دووبارە دامەزراندنەوە دەکات پێشتر فەرمانبەری گشتی بووە و لە رێگەی داواکاری بۆ دووبارە دامەزراندنەوە دەیەویت ئەو پێگە یاساییەی (المرکز القانونی) کە پێشتر هەیبوو بە دەستی بهێنێتەوە و تا دووبارە سوود وەربگرێتەوە لەو خزمەتەی کە پێشتر هەیبووە، بێگومان ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت کە داواکارییەکەی بە ناوی دووبارە دامەزراندنەوە

(اعادة التعيين) بێت نەك بە ناوی دامەزراندن (التعيين)، چونكە گەرهاتوو بە ناوی ئەمەی دواییانەوە بێت (واتە دامەزراندن) هەروەك دواتر باسی دەكەین، ئەوا فەرمانبەرەكە لە زۆر ماف بێبەش دەكات سەبارەت بەو خزمەتە وەزیفییەی كە پێشتر هەیبووە.

بەڵام هەندێكجار یاسا بە دەقی راشكاوانە رێگەی نەداوە بە دووبارە دامەزراندنەوەی ،كە لێرەدا ئاماژە بەو حاڵەتانە دەدەین:

**یەكەم:** گەرهاتوو كۆتایی هاتن بە راژەی فەرمانبەرەكە بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (هەشتەم/٨) بوو لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ كاتێك فەرمانبەر سزای كەنارخستن (العزل) دەسەپێنرێت بەسەریدا، ئیتر هۆكاری سزادانەكە سەرپێچی بەرزەفتەكاری بێت بیت یان حوكمێكی سزایی یان ئەنجامدانی كارێكی مەترسیداربێت كە مانەوەی فەرمانبەرەكە لە وەزیفەی زیان بگەیەنێت بە بەرژەوەندی گشتی، چونكە لەم حاڵەتەدا بە گوێرەی حوكمەكانی ئەم بڕەگە و ماددەیە بە یەكجاری كۆتایی دەهێنرێت بە راژەی فەرمانبەرەكە بە بڕیارێكی هۆكاردار (مسبب) كە لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە دەردەچێت و رێگەی پێنادرێت دووبارە دابمەزرێتەوە لە فەرمانگەكانی دەوڵەت و كەرتی گشتیدا.

**دووەم:** لە دەستدانی مەرجەكان دامەزراندن یان دووبارە دامەزراندنەوە كە لە ئەحكامی مادەی (هەشتەم)ی یاسای راژەی شارستانیدا هاتوون وەك لە دەستدانی رەگەزنامەی عێراقی یاخود بەسەرچوونی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی بە گوێرەی یاسا بەركارەكان یان كەموكورتییەكی جەستەیی یان ژیری كە رێگربیت لە دووبارە دامەزراندنەوە یان حوكمدانی كەسەكە بە تاوانێك یان كەتنێكی ئابڕووبەر (مخلة بالشرف) وەك دزی كردن یان ئیختیلاس یان ساختەكردن یان فێلكردن).

**سێهەم:** هەر حاڵەتێكی دیكە كە بە گوێرەی یاسای بەركار رێگە لە دووبارە دامەزراندنەوە گیرابێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد کە رێگە پێدراوە ئەو فەرمانبەرەی دەستلەکاردەکێشێتەوە یان بە هۆی دابرانی لە وەزیفە بە دەستلەکارکێشراو دادەنرێت و کۆتایی بە راژەکەی دێت، مافی دووبارە دامەزراندنەوەی (اعادة التعيين)ی هەیە لە فەرمانگە میرییەکاندا بە مەرجێکی بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان ئەو مافەی لەدەست نەدابێت وەك روونمان کردەوە .

## (٢٩)

## دووباره دامەزراندنەوەی فەرمانبەری دەستلەکارکێشاوە و چارەنووسی خزمەتی پێشووی

لەم بەشەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە ئایا ئەو فەرمانبەرەی کە دەستی لەکارکێشاوەتەوە و دووباره دادەمەزرێتەوە ، دەتوانێت سوود لەو خزمەتە وەزیفییەی پێشووی وەربگرێت کە هەیبووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکرێت بە چەند خاڵێك روونکردنەوە بدەین:

**یەکەم:** ئەحکامی ماددەکانی (پانزەیەم) و (بیست و یەکەم) و (بیست و دووەم) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو هەروەها بڕیارەکانی ژمارە (٥١٤)ی ساڵی ١٩٨١ و ژمارە (٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) جەختیان لەسەر ئەم بابەتە کردۆتەوە کە ئەو فەرمانبەرەی دەستیلەکارکێشاوەتەوە ئەوا لە کاتی دووباره دامەزراندنەوەیدا مافی هەیە سوود لەو راژەیەی پێشووی وەربگرێت کە هەیبووە .

**دووەم:** پێویستە ئەو فەرمانبەرەی کە دووباره دامەزرێتەوە (اعادة التوظیف)،لەداواکاری دامەزراندنەکەیدا داوای دووباره دامەزراندنەوەی کردبێت نەك دامەزراندن (التعیین) ، چونکە ئەم دوو جۆرە لە دامەزراندن ئاسەواری یاسایی جیاواز دەخەنەوە و ئەحکامی تایبەتیان هەیە. چونکە لە حاڵەتی دووباره دامەزراندنەوەدا، پێویستە لەسەر ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکە دادەمەزرێنێتەوە بە گوێرەی ماددەی (٢) لە رێنمایی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٣ رێنمایی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ ئاگاداری ئەو فەرمانگەیەی پێشووی فەرمانبەرەکە بکاتەوە کە تیایدا

فەرمانبەر بووە بۆ ئەوەی لە رای خۆی ئاگاداری بکاتەوە لەو بارەیەوە و هەروەها دۆسیەی کەسیی فەرمانبەرەکەی بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی بڕیار لە دووبارە دامەزراندنەوەی فەرمانبەرەکە بدات .

**سێهەم:** ئەگەر فەرمانبەرەکە بە ناوی دامەزراندن (التعيين) داوای دامەزراندنی کردبوو هەروەها هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەدابوو کە پێشتر فەرمانبەر بووە و دەیەوێت دووبارە دابمەزرێتەوە ، ئەوا لەم کاتەدا مافی ئەژمارکردنی راژەکەی پێشووی نامێنێ، لەبەر ئەوەی وەك دامەزراندنی یەکەمجار داوای دامەزراندنی کردووە و زانیاری ناراستی پێشکەشی ئەو فەرمانگەیە کردووە کە داوای کردووە دابمەزرێت ، هەروەك ئەم کارەی شاردنەوەی زانیارییە لەسەر ئەوەی کە پێشووتر فەرمانبەر بووە ئەمەش بە جۆرێك لە رەوشتی ناپەسەند دادەنرێت کە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی یەکێك لە مەرجەکانی دامەزراندن کە لە ماددەی (حەتەم)ی یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە و فەرمانگەکەی دەتوانێت لەو بەرەنجامەوە لە وەزیفە دەری بکات بە گوێرەی ماددەی (٦٢)ی یاسای راژەی شارستانی لەبەر ئەوەی زانیاری ناراستی داوە بە فەرمانگەکەی  لە کاتی دامەزراندینیدا و ئاماژەی بەوە نەکردووە کە پێشتر فەرمانبەر بووە، چونکە لە برگەی (٤)ی ماددەی (حەوتەم)ی یاساکەدا هاتووە کە پێویستە فەرمانبەر رەوشت جوان بێت.

**چوارەم:** باسنەکردنی فەرمانبەر لەوەی کە پێشوو فەرمانبەر بووە بە جۆرێك لە تەنازولکردن دادەنرێت لەو خزمەتەی پێشووی کە هەیبووە، چونکە خۆی ئامادەنەبووە بیخاتەروو، هەروەك ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لەبابەتێکی هاوشێوەدا جەختی لەوە کردۆتەوە گەر هاتوو فەرمانبەر لە کاتی دامەزراندنیدا خاوەنی دوو بڕوانامە بوو، بۆ نمونە بڕوانامەیەکی پەیمانگای هەبوو،  لەگەڵ بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆس ، ئەوا پێویستە لە کاتی دامەزراندنەکەیدا بڕوانامە بەرزەکەی پێشکەش بکات ، بە پێچەوانەوە گەر هاتوو بڕوانامە نزمەکەی پێشکەشکرد، ئەوا لەم کاتەدا و لە پاش

دامەزراندنی مافی ئەوەی نامێنێ داوای ئەژمارکردنی ڕوانامە بەرزەکەی بکات، چونکە خۆی ئەو مافەی بەهەدەر داوە و بەم هۆیەشەوە بۆی ئەژمار ناکرێت، وەك لە بڕیاری ژمارە(٤٧٨/قەزای فەرمانبەران/٢٠١٣) لە (٢٠١٤/٨/١٠) جەختی لەسەر کردۆتەوە. بێگومان ئەمەش هەمان حاڵەتە سەبارەت بە شاردنەوەی راژەی پێشووی فەرمانبەر لەو دائیرەیەی کە دەیەوێت تیایدا دابمەزرێت.

**پێنجەم:** یاسادانەر لە دەقی مادەکانی یاسای راژەی شارستانی ئاماژە بۆکراو هەروەها بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) دا دەستەواژەی دەستلەکارکێشانەوە بە شێوەی رەها هێناوە ، واتە ئاماژەی بەوە نەکردووە کە دەستلەکارکێشانەوەکە بە رەزامەندی دائیرەکەی بوویبت یان بێ رەزامەندی دائیرەکەی ، یاخود ئایا دەستلەکارکێشانەوەکەی بە شێوەی راشکاوانە بووبێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣٥)ی یاسای راژەی شارستانی یان دەستلەکارکێشانەوەی حوکمی بووبێت بە گوێرەی ماددەی (٣٧)ی ی هەمان یاسا ، کە بە هۆی داب‌ڕانی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی بۆ ئەو ماوانەی کە یاسادانەر دیاری کردووە، فەرمانبەرەکە بە دەستلەکارهەڵگرتوو دادەنرێت لە وەزیفە بە حوکمی یاسا.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا ، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو فەرمانبەرەی دەستیلەکارکێشانەوە و دووبارە بە شێوەی(اعادة التوظيف) دادەمەزرێتەوە ئەوا مافی سوود وەرگرتنی هەیە لە راژەکەی پێشووی ، بێگومان ئەمەش دوای ئەوەی فەرمانگە تازەکەی داوای بیروبۆچوونی فەرمانگە پێشووەکەی دەکات و دۆسیەیەکەی داوا دەکات .

بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە پێی رێنمایی ژمارە (٢٣)ی سالی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو فەرمانبەرەی بە رەزامەندی فەرمانگەکەی دەستیلەکارکێشاوەتەوە و دووبارە دادەمەزرێتەوە بێبەشکراوە لە ئەژمارکردنی ئەو راژەیەی پێشووتری کە هەیبووە بە پێچەوانەوە راژەی

وەزیفی ئەو فەرمانبەرەش ئەژمار دەکات  کە پێشتر هەیبووە و دواتر بە شێوەی دەستلەکارکێشانەوەی حوکمیی (واتە بە هۆی دابرانی لە وەزیفە بە هۆی ئامادەنەبوونەوە ـ غیابات ـ کۆتایی بەراژەکەی هاتووە) ، کە ئەمەش لەرووی یاساییەوە دروست نیە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :

**یەکەم:** ئەم رێنماییە سەرپێچی ئەحکامی ماددەی (پانزەیەم و بیست و بیست و یەکەم)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراوە، هەروەها سەرپێچی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(هەڵوەشاوە) ژمارە (٥١٤) ی ساڵی ١٩٨١ و ژمارە (٢٢٠)ی سالی ٢٠٠٢ ی هەمان ئەنجومەنە لەم بارەیەوە ، چونکە نابێت رێنمایی و بریاری رێسایی سەرپێچی دەقی یاسایی کات .

**دووەم:** هیچ لۆژیك نییە کە فەرمانبەرێك مومارەسەی مافی خۆی بکات و بە پێی ئەحکامی یاسای تایبەتمەند ئەو مافەی خۆی وەربگرێت ، کەچی مافی ئەژمارکردنی راژەکەی پێشووی لێ زەوتبکرێت، لەبەرامبەریشدا ماف بدرێت بە فەرمانبەرێکی دیکە بۆ ئەژمارکردنی راژەکەی کە بە هۆی ئامادەنەبوونەوە (غیابات) کۆتایی بە راژەکەی هاتبیت و رەنگە بە هۆی نەهاتنەوە سەرکاری لە کاتی خۆیدا زیانی گەیاندبێت بەبەرژەوەندی گشتی یان دواخستن و پەکخستنی مامەڵە و مافی هاولاتیان، چۆن دەبێت ئەمەی دوایی رێزی لێ بگیرێت و وەزیفەکەی پێشووی بۆ ئەژمار بکرێت  کە بە نایاسایی  دەوام و وەزیفەکەی خۆی  بەجێ هێشتووە، بەڵام مافی ئەوەش زەوتبکرێت کە بە گوێرەی یاسا دەستیلەکارکێشاتەوە و مومارەسەی مافێکی یاسایی خۆی کردووە و فەرمانگەکەی رازی بووە بەوەی دەستلەکاربکێشێتەوە[١] .

---

[١]د. خالد رشيد علي،النظام القانوني لإعادة توظيف المتقاعد و المستقيل في القانون العراقي،بحث منشور في مجلة جامعة الأنبار للعلوم القانونية والسياسية، العدد الحادية عشر، ص٣٢.

لەبەر ئەوە بەڕوای ئێمە ئەو ڕێنماییەی وەزارەتی دارایی لەرووی یاساییەوە لەکەدارە (معیب) و سەرپێچی دەقی ڕاشکاوانەی یاسای تێدا کراوە ، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین کە وەزارەتی ناوبراو پێداچوونەوەی پێدا بکات، چونکە لە حاڵەتی کەوتنەوەی کێشە و ململانێی قەزاییدا، بێگومان لەلایەن دەسەلاتی قەزایی تایبەتمەندەوە کاری پێناکرێت و کار بە دەقی یاسا دەکرێت.

## (٣٠)

# چارەنووسی خزمەتی وەزیفی پێشووی ئەو فەرمانبەرەی کە دادەمەزرێت (التعيين) و ئاماژەی پێ نەکردووە؟

لەبەشی پێشوودا (٣١) ئاماژەمان بەوەدا گەرهاتوو ئەو فەرمانبەرەی پێشتر لە وەزیفەدا بووە و چەند ساڵێك خزمەتی هەبووە و کۆتایی بە راژەکەی هاتووە ئیتر بە هەر هۆکارێك، گەرهاتوو ویستی دووبارە دابمەزرێتەوە لە فەرمانگەکانی میریدا و مەرجەکانی دامەزراندنی تێدایوو ، بەڵام لە کاتی دامەزراندنیدا ، داوای دامەزراندنی کردبوو واتە (التعيين) نەك (اعادة التعيين)، واتە ئاماژەی بەوە نەدابوو کە پێشتر لە فەرمانگەکانی کەرتی گشتیدا فەرمانبەر بووە، کە بەم هۆیەشەوە ناتوانێت سوود وەربگرێت لەو خزمەتەی پێشتر هەیبووە بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە ، وەك لە بەشی پێشوودا روونمان کردەوە . بەڵام پرسیارەکەدا لێرەدا ئەوەیە کە ئایا چارەنووسی ئەو خزمەتەی فەرمانبەرەکە لەم کاتەدا چی لێدێت؟ ئایا ئیتر بە فیرۆ دەروات یان دەتوانێت لە کاتێکی دیکە و دۆخێکی تردا کەڵکی لێ وەربگرێت؟ لێرەداهەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە .

بە گەرانەوەی بۆ ئەحکامی ماددەی (٢٨)ی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ وەڵامێکی تینوشکێنی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە ، چونکە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەو ماددەیە چارەنووسی ئەو خزمەتەی پێشووتر فەرمانبەرەکە هەیبووە لە کاتی دووبارە گەرانەوەیدا بۆ وەزیفە سوودی لێ وەرنەگرتووە یەکلاکراوەتەوە وەك لە ماددەکەدا هاتووە :" ئەو فەرمانبەرەی کە دامەزراوە یان دووبارە دادەمەزرێتەوە بۆی هەیە کە داواکاری پێشکەش بکات بۆ ئەژمارکردنی ئەو خزمەتە فیعلییەی ئەنجامی داوە لە فەرمانگەکانی دەوڵەت پێش دامەزراندنەکەی و پێش بەرکاربوونی

ئەم یاسایە دوای دانی راگیراوەکانی خانەنشینی گەرهاتوو راگیراوەکانی خانەنشینی بۆ نەدابوو بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و لەسەر بنەمای مووچەکەی لە کاتی دامەزراندنیدا."هەروەك هەمان ناوەرۆکی ئەم مادەیە لە ئەحکامی ماددەی (١٨/دووەم/أ) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ شدا هاتووە.

لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت – عێراق لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٢/٤٣ لە ٢٠١٢/٦/٢٧) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەو خزمەتەی فەرمانبەر هەیبووە و راگیراوەکانی خانەنشینی (التوقیفات التقاعدیة)ی بۆ داوە ،پێش دامەزراندنی یان دووبارە دامەزراندنەوەی و لە کاتی دامەزراندنیدا ئاماژەی پێنەداوە ، ئەوا بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژماردەکرێت .. لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێداوە ، ئەوا لەرووی یاساییەوە هیچ رێگرییەك نییە بۆ ئەوەی فەرمانبەر کەڵك لەو خزمەتە وەزیفییەی وەربگرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی کە پێش دووبارە دامەزراندنەوەی هەیبووە و لە کاتی دامەزراندنیدا ئاماژەی پێ نەکردووە ، بێگومان ئەمەش لەبەرژەوەندی فەرمانبەرە و گەرهاتوو فەرمانبەرەکە بە مەبەست یان بێ مەبەست لە کاتی دووبارە دامەزراندنەوەیدا ئاماژەی بەوە نەدابێت کە پێشتر فەرمانبەر بووە و بەو هۆیەشەوە نەیتوانیبێت سوود لەو خزمەتەی پێشووی وەربگرێت، ئەوا لەم کاتەدا خزمەتەکەی بۆ ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی .

## (٣١)

## ڕێگاكانی كۆتایی هێنان به‌ ڕاژه‌ی فه‌رمانبه‌ری حكومی.

**یه‌كه‌م: كۆتایی هێنانی به‌ ڕاژه‌ی فه‌رمانبه‌ر به‌ ڕێگه‌ی (الإستغناء عن الوظیفة):**

ئه‌مه‌ش به‌ گوێره‌ی ئه‌حكامی مادده‌ی (١٤)ی یاسای ڕاژه‌ی شارستانی ژماره‌ (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ كاتێك كه‌ فه‌رمانبه‌ر داده‌مه‌زرێت بۆ ماوه‌ی یه‌ك ساڵ له‌ ژێر ئه‌زموونداِ ده‌بێت و له‌و ماوه‌یه‌شدا گه‌ر فه‌رمانگه‌كه‌ی دڵنیابوو له‌وه‌ی كه‌ ئه‌و كه‌سه‌ ده‌ستنادات بۆ فه‌رمانبه‌ری و ناتوانێت ئه‌ركی فه‌رمانبه‌رێتی به‌جێ بهێنێت ئه‌وا ده‌توانێت ئیستیغنا بكات له‌و فه‌رمانبه‌ره‌[١].

**دووه‌م: كۆتایی هێنانی به‌ ڕاژه‌ی فه‌رمانبه‌ر به‌ ڕێگه‌ی (الإقصاء عن الوظیفة):**

ئه‌مه‌ش به‌ گوێره‌ی ئه‌حكامی مادده‌ی (٦٢)ی له‌ یاسای ڕاژه‌ی شارستانی ژماره‌ (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ كاتێك ئه‌و ده‌سه‌لاته‌ی كه‌ فه‌رمانبه‌ره‌كه‌ی دامه‌زراندوه‌ بۆی ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ مه‌رجێك یان زیاتر له‌و مه‌رجانه‌ی له‌

---

(١) **المادة الرابعة عشرة :١** ـ يكون الموظف عند اول تعيينه تحت التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعلية ويجب اصدار امر بتثبيته في درجته بعد انتهائها اذا تاكدت كفاءته والا" فتمدد مدة تجربته ستة اشهر اخرى .٢ـ يستغنى عن الموظف اذا تاكد لدائرته انه لا يصلح للعمل المعين فيه خلال مدة التجربة المنصوص عليها في الفقرة (١) من هذه المادة .

ماددەی (٧ و ٨) یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە لە فەرمانبەرەکەدا نەبووە کاتێك کە دامەزراوە[١] .

**سێهەم:** کۆتایی هێنانی بە راژەی فەرمانبەر لە رێگەی هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی بە هۆی تەواوکردنی تەمەنی (٦٣) ساڵی بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/ دووەم/أ) لە یاسای خانەنشینی ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦. [٢]

**چوارەم:** کۆتایی هێنانی بە راژەی فەرمانبەر لە رێگەی هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی لەسەر بنەمای راپۆرتی پزیشکی کە تیایدا ئەوە سەلمابێت ئەو فەرمانبەرە توانای بەجێهێنانی ئەرکی وەزیفی نیە ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/ دووەم/ب) لە یاسای خانەنشینی ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦. [٣]

**پێنجەم:** کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر لەرێگەی (الإعفاء من المنصب) بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٨٨٠ ) ی ساڵی ١٩٨٨ کاتێك کە فەرمانبەرێك لە

---

[١] **المادة الثانية والستون:** اذا ثبت بان شروط التوظيف المنصوص عليها في المادتين (٧ و ٨) من هذا القانون لم تكن متوفرة كلها او قسم منها في الموظف عند تعيينه لاول مرة يجب اقصاؤه بامر من سلطة التعيين اما اذا زال المانع القانوني للتوظيف ولا يوجد سبب اخر لاقصائه يجوز بقاؤه في الخدمة على ان لا تحتسب المدة غير المستكملة للشروط خدمة لغرض هذا القانون . .

[٢] م١/ ثانيا - تتحتم احالة الموظف الى التقاعد في احدى الحالتين الاتيتين : ا -عند اكماله سن الـ (٦٣) الثالثة والستين من العمروهي السن القانونية للتقاعد بغـض النظر عن مدة خدمته ما لم ينص القانون على خلاف ذلك.

[٣] ثانيا - تتحتم احالة الموظف الى التقاعد في احدى الحالتين الاتيتين : ب - اذا قررت اللجنة الطبية الرسمية المختصة عدم صلاحيته للخدمة.

ئاستی بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەر لە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییەکانیدا شکست دەهێنێت. [١]

**شەشەم:** کۆتایی هێنانی بە راژەی فەرمانبەر بە هۆی داب‌ڕانی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لەسەر یەك یان پچڕ پچڕ لە ماوەی ساڵێکی تەقویمیدا ، بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان. [٢]

**حەوتەم:** کۆتایی هێنانی بە راژەی فەرمانبەر پاش ئەوەی ئەو مۆلەتەی وەری گرتووە تەواو دەبێت و ناگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی ئەوەش دوای تێپەرینی (١٠) رۆژ بەسەر کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەیدا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی سی و حەوتەم بەندی (٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ ی هەموارکراو .[٣]

**هەشتەم:** کۆتایی هێنانی بە راژەی فەرمانبەر پاش ئەوەی ئاگاداردەکرێتەوە بە گواستنەوەی راژەکەی و پەیوەندی ناکات بەو فەرمانگەی بۆی گوازراوەتەوە ، بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی سی و حەوتەم بەندی (١) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ ی هەموارکراو .[٤]

---

[١] أولاً: يحال الى التقاعد بدرجة أدنى كل موظف بمستوى مدير عام فما فوق يتقرر احالته على التقاعد بسبب فشله في أداء واجبات وظيفته ، وينقل من يتقرر نقله من وظيفته بدرجة أدنى من الدرجة التى كان يشغلها قبل تعيينه بوظيفة مدير عام أو من بدرجته فما فوق فيما عدا من يعاقب بعقوبة أشد .

[٢] **المادة الأولى:** اذا انقطع الموظف عن دائرته بدون عذر مشروع لمدة ثلاثين يومًا خلال السنة التقويمية سواء كان هذا الإنقطاع بصورة مستمرة أو متقطعة يعتبر مستقيلاً .

[٣] على الموظف ان يلتحق بوظيفته حالما تنتهي اجازته، فان لم يلتحق دون عذر مشروع خلال مدة اقصاها عشرة ايام من تاريخ انتهاء اجازته يعد مستقيلا.

[٤] على الموظف المبلغ بالنقل ان يلتحق بوظيفته خلال مدة لا تتجاوز خمسة ايام عدا ايام السفر المعتادة الا اذا نص في امر النقل على مدة تزيد على ذلك، واذا تاخر عن الالتحاق ولم يبد معذرة مشروعة يعد مستقيلا .

**نۆیەم:** کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر بە هۆی پێشکەشکردنی نوسراوی دەستلەکارکێشانەوە (الإستقالة) لە لایەن فەرمانبەرەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (سی و پێنج) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ ی هەموارکراو .[١]

**دەیەم:** کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر لەرێگەی سزای (العزل) بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨٨/ هەشتەم/أ/ب/ج) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دولەت و کەرتی گشتی١٤ی سالی ١٩٩١ ی هەموارکراو.[٢]

**یانزەیەم:** کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەری جێگیرکراو(الموظف المثبت) بە هۆی بێ توانایی و نەبوونی لێوەشاوەیی لە ئەنجامدانی کاروبارەکانی وەزیفەکەیدا، ئەمەش بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٥٥٠)ی ساڵی ١٩٨٩ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) ،کە بریارەکە دەسەلاتی داوە بە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت کە کۆتایی بهێنن بە راژەی فەرمانبەر گەرهاتوو دەرکەوت فەرمانبەرەکە بێ توانایە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی وەزیفەکەی.[٣]

---

[١] **المادة الخامسة والثلاثون:** ١- للموظف ان يستقيل من وظيفته بطلب تحريري يقدمه الى مرجعه المختص .٢- على المرجع ان يبت في الاستقالة خلال مدة لا تتجاوز ثلاثين يوما ويعتبر الموظف منفكا بانتهائها الا اذا صدر امر القبول قبل ذلك.٣- اذا قدم الموظف استقالته وعين فيها موعدا للقبول فيجوز قبولها من تاريخ ذلك الموعد او قبله .

[٢] ثامنًا: العزل : ويكون بتنحية الموظف عن الوظيفة نهائيًا ولا تجوز إعادة توظيفه في دوائر الدولة والقطاع الاشتراكي، وذلك بقرار مسبب من الوزير في إحدى الحالات الآتية : أ ¬إذا ثبت ارتكابه فعلاً خطيرًا يجعل بقائه في خدمة الدولة مضرًابالمصلحة العامة . ب ¬ إذا حكم عليه عن جناية ناشئة عن وظيفته أو ارتكبها بصفته الرسمية . ج ¬إذا عوقب بالفصل ثم أعيد توظيفه فارتكب فعلاً يستوجب الفصل مرة أخرى .

[٣] ٢/ ا - للوزير المختص ورئيس الدائرة غير المرتبطة بوزارة الاستغناء عن خدمات الموظف غير الكفوء . ب - يمهل الموظف غير الكفوء المستغنى عن خدماته مدة ٣ اشهر قبل انفكاكه من الوظيفة .

**دوانزەیەم :**داواکاری هەواڵەکردن بۆ خانەنشینی هەندێکجار فەرمانبەر بە ئارەزوو ویستی خۆی داوا پێشکەش بە دائیرەکەی دەکات بۆ ئەوەی هەواڵەی خانەنشنیی بکرێت، پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی خانەنشینی ، ئەمەش بە گوێرەی ماددەی (١/چوارەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ دا هاتووە کە تیایدا هاتووە :" فەرمانبەر بۆی هەیە داوا بکات خانەنشین بکرێت گەرهاتوو تەمەنی (٥٠) ساڵی یان زیاتری تەواو کردبوو ، یان لە (٢٥) ساڵ خزمەتی خانەنشینی کەمتر نەبوو،لەم کاتەشدا پێویستە لەسەر وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەوەی کە دەسەڵاتی پێدراوە تا سەیری داواکاری فەرمانبەرەکە بکات لە ماوەی (٤٥) رۆژدا لە رۆژی تۆمارکردنی داواکارییەکەوە، بە پێچەوانەوە ئەوا بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە، فەرمانبەرەکە بە هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی دادەنرێت.[١]

---

[١] م/١ /رابعا- للموظف ان يطلب احالته على التقاعد اذا كان قد اكمل سن (٥٠) الخمسين سنة من عمره فاكثر او كانت له خدمة تقاعدية لا تقل عن ٢٥ خمس وعشرين سنة وعلى الوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة او من يخوله اي منهما البت في طلبه خلال (٤٥) خمسة واربعين يوما من تاريخ تسجيل الطلب في دائرة الموظف وبعكسه يعد الموظف محالا على التقاعد بانتهائها.

## (٣٢)

## ئايا لە حاڵەتی کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر پێویست بە ئاگادارکردنەوە (أخطار)ی فەرمانبەرەکە دەکات؟

پێش هەموارکردنەوەی ماددەی (سی و حەوتەم) ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩، کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەران پێویستی بە کۆمەڵێك رێککاری شکلی دەکرد کە لە دەقی ماددەکەدا هاتبوو وەك ئاگادار کردنەوەی فەرمانبەرەکە (أخطار) و هەروەها بڵاوکردنەوەی ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر لە رۆژنامەیەك گەرهاتوو فەرمانبەرەکە شوێن نادیار بوو، بەڵام بە دەرچوونی یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٩ سەرجەمی ئەو رێککارە شکلییانە لابران و ئیدارە دەسەلاتی ئەوەی پێدرا کە راستەوخۆ و لە پاش دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە بۆ ئەو ماوانەی کە لە دەقی حوکمەکانی ماددەی (٣٧) دا هاتووە،کۆتایی بە راژەی فەرمانبەرەکە دابراوەکە بهێنێت بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات کە ئاگاداری بکاتەوە یان لە رێگەی رۆژنامەیەوە ئاگاداری بکاتەوە گەرهاتوو شوێنی فەرمانبەرەکە نادیاربوو. بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە تا ئێستاش زۆرینەی زۆری فەرمانگە حکومییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەران بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣٧)ی راژەی شارستانی پەنا دەبەنە بەر ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرەکە لە رۆژنامە لە کاتێکدا ئەم رێککارە شکلییە لە ساڵی ١٩٩٩ ەوە لە یاساکەدا نەماوە و لابراوە.

هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە یاسادانەری هەرێم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ دا هیچ رێککارێکی شکلی بۆ کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەران دانەناوە وەك ئەوەی کە فەرمانبەرەکە ئاگادار بکرێتەوە لە رێگەی رۆژنامەوە یان بە ئاگادارکردنەوەی دەستی ، تەنها بە دابرانی فەرمانبەرەکە بۆ ئەو ماوەیەی کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە ، ئیتر

فەرمانبەرەکەی  بە حوکمی قانون بە دەستلەکارکێشراوە دناوە مەگەر بێتوو مەعزەرەتێکی بەجێی هەبێت.

ئەو ماوانەی کە فەرمانبەر کۆتایی بە راژەکەی دێت بە حوکمی قانون و پێویست بە ئاگادارکردنەوەی (اخطار) ناکات بریتین لە:

٢ـ ماوەی دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە لە حاڵەتی گواستنەوەی راژەکە ی گەرهاتوو لە پاش لە کارترازانی لە فەرمانگەکەی بۆماوەی (پێنج) رۆژ بێ هیچ مەعزەرەتێکی بەجێ پەیوەندی نەکرد بە وەزیفەکەیەوە لەو فەرمانگەیەی راژەکەی بۆ گوازراوەتەوە .ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی بەندی (١) لە مادەی سی و حەوتی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو.

٢ـ ماوەی پەیوەندی نەکردنەوەی فەرمانبەری مۆڵەت پێدراو بە وەزیفەکەی لە پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی (١٠) رۆژ بێ هیچ مەعزەرەتێکی بەجێ.ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی بەندی (٢) لە مادەی سی و حەوتی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو.

٣ـ ماوەی دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە ساڵێکی تەقویمیدا ئیتر بە شێوەی پچڕ پچڕ بێت یان بەسەر یەکەوە بێ هیچ مەعزەرەتێکی بەجێ ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان . (شایانی باسە یاسای ژمارە ـ ١ـ ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەی ناوەکیی ـ ضمنی ـ هەمواری بەندی (٣)ی ماددەی سی و حەوتی یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی ١٩٦٠ ی کردووە، ئەگینا لە عێراق ماوەی دابرانەکە بە گوێرەی بەندی سێهەمی ماددەی (٣٧) بریتییە لە (١٠) رۆژ نەك (٣٠) رۆژ.

شایانی باسە ئەم سێ جۆرەی کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر پێیان دەگوترێت دەستلەکارکێشانەوەی حوکمی (الإستقالة الحكمية).

## (٣٣)

# یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان و چەند سەرنجێکی یاسایی

لە دەقی ماددەی یەکەمی یاساکە کە دەقی سەرەکی و بنەرەتی خودی یاساکەشە هاتووە:" ئەگەر فەرمانبەر لە ماوەی ساڵێکی تەقویمیدا، بەبێ مەعزەرەتێکی بەجێ بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە دایەرەکەی داببڕێت، سا ئەو دابڕانە بە شێوەی سەرو مڕ یان پچڕ پچڕ بێت ، ئەوا بە دەستهەڵگرتوو لەقەڵەم دەدرێ ."

سەرنجە یاساییەکان

**یەکەم:** ئەم دەقە یاساییە بە شێوەیەکی ناوەکیی (ضمنی ) هەمواری بەندی (٣)ی ماددەی سی و حەوتی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراوە، بەلام یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەکی ئاماژەی بە یاسای راژەی شارستانی نەکردووە و هەروەها ئەوەش نادیارە کە بۆچی بە تەنها لە نێو هەر(٣) بەندەکەی ماددەی سی و حەوتەمی یاسای راژەی شارستانی ، یاسادانەری هەرێم بە تەنها هەمواری ناوەکی بەندی (٣)ی ماددەکەی کردووە، چونکە بەندی (١)ی ماددەی (٣٧) پەیوەندی بە دابرانی فەرمانبەرەوە هەیە لە حالەتی گواستنەوەی راژەکەی و بەندی (٢)یش پەیوەندی بە دابرانی فەرمانبەرەوە هەیە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی و بەندی (٣)یش پەیوەندی بە دابرانی فەرمانبەرەوە هەیە لە وەزیفە، کە ئەمەش لە خۆی لە خۆیدا جێگەی پرسیارە.

**دووەم:** یاسادانەری هەرێم ماوەی دابرانی فەرمانبەری لە (١٠) رۆژەوە کە لە یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە بێ هیچ جۆرە هۆکارێکی پێویست (أسباب الموجبة) کردووە بە (٣٠) رۆژ کە بەرای ئێمە ئەم زیادکردنە لەگەڵ

دیسپلینی ئیداری و باش بەڕێوەچوونی وەزیفەی گشتی گونجاو نییە و نەدەبوا یاسادانەر بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دابرانی فەرمانبەر بکردایە لە وەزیفەی گشتی

**سێهەم:** یاسادانەر ماوەی دابرانی فەرمانبەری بەو جۆرەی لە یاساکەدا هاتووە گرێداوە بە ساڵێکی تەقویمیەوە ، واتە ئەگەر هاتوو فەرمانبەرەکە لە بری (٣٠) رۆژ (٢٩) رۆژ لە وەزیفە دابرا ، ئەوا ملکەچ نابێت بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە، یان گەر هاتووە نیوەی یاخود بەشێکی دابرانەکە کەوتە ساڵێکی تەقویمی و بەشەکەی دیکەیشی کەوتە ساڵێکی دیکەی تەقویمیەوە، ئەوا گرفت لەبەردەم جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاساکە دروست دەبێت کە باشتر وابوو یاسادانەر خۆی گیرۆدەی ساڵی تەقویمی نەکردایە.

**چوارەم:** لە حاڵەتی دابرانی پچڕ پچڕی فەرمانبەر، رەنگە کارێکی زۆر زەحمەت بێت حوکمەکانی یاساکە وەك پێویست لەلایەن فەرمانگەکانەوە جێبەجێ بکرێت لە ماوەی ساڵەکەدا، ئیتر بە هۆکاری مەحسوبیەت بێت یان بە هۆکاری لاوازی و سستی دیسپلینی ئیداری و وردبینیکردن لە تۆماری ئامادەنەبوونی فەرمانبەردا .

# (٣٤)

## بێ دەنگی و وەڵام نەدانەوەی دائیرە بە داواکارییەکانی فەرمانبەر

**یەکەم: چ کاتێك بێدەنگی دائیرە لە بەرژەوەندی داواکاری فەرمانبەر دادەنرێت؟**

هەندێکجار فەرمانبەر داواکاری ئاراستەی دائیرەکەی دەکات ، بەڵام لە بەرامبەردا دائیرەکەی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و وەڵامی راشکاوانە نە بە رەتکردنەوە و نە بە پەسەندکردنی داواکاری فەرمانبەرەکە ناداتەوە ، لەم بەشەدا، ئەو بێدەنگیەی دائیرە باس دەکەین کە یاسا لەبەرژەوەندی فەرمانبەری داناوە.

بە گوێرەی یاساکانی تایبەتمەند بە وەزیفەی گشتی ، دوو حاڵەتی بەرچاو هەیە کە فەرمانبەر تیایدا داواکاری پێشکەش بە دائیرەکەی دەکات و لە حاڵەتی بێدەنگی نواندنی دائیرەکەی ، ئەوا یاساکە لە بەرژەوەندی داواکاری فەرمانبەرەکەی ئەژماریکردووە و لەو بەرەنجامەشەوە ئاسەواری یاسایی لەسەر خستۆتەوە، وەك لە خوارەوە ئاماژە بەو دوو حاڵەتە دەکەین:

**١- داواکاری فەرمانبەر بۆ دەستلەکارکێشانەوە (طلب الإستقالة)**

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣٥) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ی هەموارکراو فەرمانبەر بۆی هەیە کە دەستلەکاربکێشێتەوە لە وەزیفەکەی بە داواکارییەکی نووسراو کە پێشکەشی مەرجەعەکەی (دائیرەکەی) خۆی بکات، لەم کاتەشدا پێویستە لەسەر دائیرەکەی تا سەیری داواکاری دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەرەکە بکات لە ماوەیەك کە(٣٠) سی رۆژ تێپەڕ نەکات و بە کۆتایی هاتنی ئەو

ماوەیە فەرمانبەرەکە بە لەکارترازاو دادەنرێت مەگەربێتوو فەرمانی پەسەندکردنەکە پێش ئەوە دەرچووبێت.

لەسەر بنەمای حوکمەکانی ئەم ماددەیە ، گەرهاتوو فەرمانبەرەکە بە نوسراو داواکاری دەستلەکارکێشانەوەی (الإستقالة)ی پێشکەشی دائیرەکەی کرد ، ئەوا پێویستە لەسەر دائیرەکەی لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی پێشکەشکردنی داواکارییەکەوە وەڵامی فەرمانبەرەکە بداتەوە ، خۆگەرهاتوو دائیرەکە لە ماوەی (٣٠) رۆژەکەدا هیچ وەڵامێکی داواکاری فەرمانبەرەکەی نەدایەوە و بێدەنگی هەڵبژارد، ئەوا بە گوێرەی حوکمی یاساکە ئەم بێدەنگییەی دائیرەکە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکە کۆتایی دێت و پاش کۆتایی هاتنی ماوەی (٣٠) رۆژەکە فەرمانبەرەکە بە لەکارترازاو(منفك) دادەنرێت لە وەزیفە، چونکە دائیرەکە ماوەی (٣٠) رۆژی لەبەردەستدا بووە تا بریاری خۆی لە بارەی داواکاری فەرمانبەرەکەوە بدات، بەڵام کاتێك کە بێدەنگ بووە و بە شێوەی راشکاوانە بڕیاری خۆی لە بارەی داوا کاری فەرمانبەرەکەوە نەداوە نە بە رەزامەندی نیشاندان لەسەری و نەبە رەتکردنەوە ی ، ئەوا لەم کاتەدا بێدەنگییەکە بە حوکمی یاسا بە رەزامەندی نیشاندان لەسەر داواکاری فەرمانبەرەکە دادەنرێت، بەو مەرجەی فەرمانبەرەکە بەردەوام بووبێت لە سەر وەزیفەکەی تا کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی (٣٠) رۆژەکە، واتە رێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەرەکە پێش تەواو بوونی ماوەی (٣٠) رۆژەکە دەست لە دەوام هەڵبگرێت و وەزیفەکەی بە جێ بهێڵێت.

**٢- داواکاری فەرمانبەر بۆ خانەنشینبوون (طلب الإحالة الى التقاعد)**

بە گوێرەی حوکمی ماددەی (یەکەم/چوارەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦، فەرمانبەر بۆی هەیە کە داوای هەواڵەکردنی خۆی بکات بۆ خانەنشینی گەرهاتوو تەمەنی (٥٠) ساڵی تەواو کردبوو یان زیاتر یاخود خزمەتی خانەنشینی هەبوو کە کەمتر نەبوو لە (٢٥)

بیست و پێنج ساڵ و پێویستە لەسەر وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەوەی کە هەریەك لەو دووانە دەسەڵاتی پێدەدەن تا سەیری داواکاری فەرمانبەرەکە بکەن لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج رۆژدا لە رۆژی تۆمارکردنی داواکارییەکە لە فەرمانگەی فەرمانبەرەکە، بە پێچەوانەوە بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە ئەوا فەرمانبەرەکە بە هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی دادەنرێت.

لەبەر رۆشنایی حوکمی ماددەی ئاماژە پێکراو، گەرهاتوو فەرمانبەرێك بەو مەرجانەی کە لە ماددەکەدا هاتبوو داواکارییەکی نوسراوی ئاراستەی ئەو لایەنە کرد کە ماددەکە ئاماژەی پێداوە و ماوەی (٤٥) رۆژ چاوەڕێی وەڵامی داواکارییەکەی کرد و ئەو لایەنەش داواکارییەکەی ئاراستەکرابوو ، بێدەنگی هەڵبژاردوو هیچ وەڵامێکی راشکاوانەی نە بەرەتکردنەوە و نە بەپەسەندکردن پێش کۆتایی هاتنی ماوەکە نەدایەوە بە فەرمانبەرەکە، ئەوا بە کۆتایی هاتنی ماوەی (٤٥) رۆژەکە، فەرمانبەرەکە بە هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی ئەژمار دەکرێت، واتە یاساکە بێدەنگی ئەو لایەنەی داواکارییەکەی ئاراستەکراوە بە رەزامەندی نیشاندان لەسەر داواکاری فەرمانبەرەکە ئەژمارکردووە.

لەسەر بنەمای هەردوو حاڵەتی پێشوو، یاسادانەر پێشوەختە بێدەنگی ئیدارەی وەسف کردووە بە رەزامەندی نیشاندانێکی حوکمی لەسەر داواکاری فەرمانبەرەکە و لە هەردوو حالەتەکەدا پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی ئاگاداری ئەم حوکمە بێت ، چونکە بە حوکمی یاسا فەرمانبەرەکە لە هەردوو بارەکەدا سیفەتی فەرمانبەرێتی لەدەستدەدات و لە حاڵەتی یەکەمدا بە لە کارترازاو دادەنرێت و لە حالەتی دووەمیشدا بە هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی دادەنرێت. ئیتر بڕیار و رێککارە شکلییەکانی دیکە ی دەسەڵاتی کارگێڕی لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە رێککار و بریاری ئاشکراکار (کاشف) دادەنرێت بۆ حوکمی یاساکە لەسەر بێدەنگییەکەی ئیدارە.

**دووەم:چ کاتێك بێدەنگی دائیرە لە دژی داواکاری فەرمانبەر دادەنرێت؟**

هەندێکجار فەرمانبەر داواکاریی ئاراستەی دائیرەکەی دەکات، بەڵام دائیرەکەی هیچ وەڵامێکی داواکارییەکەی ناداتەوە و بێدەنگ دەبێت، لەم کاتەدا ئەم جۆرە بێدەنگی و وەڵامنەدانەوەیە بە داواکاری فەرمانبەرەکە، بە ڕەتکردنەوەی داواکاری فەرمانبەرەکە دادەنرێت لەلایەن دائیرەکەیەوە، لەم بوارەشدا ، دوو گرنگترین جێبەجێکردن لە بواری وەزیفەی گشتی دەخەینەڕوو:

**١- پێشکەشکردنی دادخوازی (التظلم) لە سزا بەرزەفتکارییەکان**

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ی هەموارکراو، کاتێك کە فەرمانبەر سزای بەرزەفتکاری دەدرێت لەلایەن دائیرەکەیەوە، ئیتر ئایا بە گوێرەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بێت یان بە گوێرەی ئیستیجوابکردن بێت، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە لە پاش ئاگادار کردنەوەی (تبليغ) بەو سزایەی سەپێنراوە بەسەریدا، مافی هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی ئاگاداربوونی بە فەرمانی سزادانەکەی، دادخوازی (تظلم) پێشکەش بەو لایەنە بکات کە فەرمانی سزادانەکەی بۆ دەرکردووە، لەبەرامبەریشدا پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی کە دادخوازییەکەی پێشکەشکراوە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی پێشکەشکردنیەوە وەڵامی دادخوازیی فەرمانبەرەکە بداتەوە ، بە پێچەوانەوە گەرهاتوو پێش کۆتایی هاتنی ماوەی (٣٠) ڕۆژەکە بە ڕاشکاوانە داواکارییەکەی پەسەند نەکرد یان ڕەتی نەکردەوە و ماوەی (٣٠) ڕۆژەکە تێپەڕی و بێدەنگ بوو،ئەوا ئەم بێدەنگی و وەلامنەدانەوەیە بە ڕەتکردنەوەی حوکمیی دادخوازیی (رفض التظلم حكمًا) فەرمانبەرەکە دادەنرێت، ئەمەش بە پێچەوانەی بێدەنگی ئیدارە لە حالەتی پێشکەشکردنی داوای دەستلەکارکێشانەوە یان داواکاری خۆ خانەنشینکردن کە لەبەشی پێشوودا باسمانکرد.

## ٢- پێشکەشکردنی دادخوازی (التظلم) لە بریاری دەستبەری پێکردن (التضمین)

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٦) لە یاسای دەستەبەرکردن بە فەرمانبەر (قانون التضمین) ژمارە (٣١)ی سالی ٢٠١٥ ، کاتێك فەرمانبەر لەلایەن دائیرەکەیەوە بریار دەدرێت بە پابەندکردنی بە دەستەبەرکردنی ئەو زەرەرو زیانەی کە گەیاندوویەتی بە مال و سامانی گشتی ، ئەوا یاساکە مافی پێداوە تا لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی ئاگاداربوونی بە بریاری کارگێڕیی دەستەبەرکردنەکە تا دادخوازی(التظلم) لە بریاری دەستەبەرکردنەکە پێشکەش بەو لایەنە بکات کە بریارەکەی دەرکردووە، لەبەرامبەریشدا ، پێویستە لەسەر ئەو لایەنە تا سەیری دادخوازی فەرمانبەرەکە بکات لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لەرۆژی تۆمارکردنییەوە ، خۆگەرهاتوو ماوەی (٣٠) رۆژەکە تێپەڕی و ئەو لایەنەی دادخوازییەکەی پێشکەشکرابوو وەلامی دادخوازییەکەی نەدایەوە بە رەتکردنەوە یان پەسەندکردنی دادخوازییەکە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی (٣٠) رۆژەکە، ئەوا لەم کاتەدا بێدەنگبوونی دائیرەکە بە رەتکردنەوەی دادخوازییەکە دادەنرێت، بە هەمان شێوەی رەتکردنەوەی دادخوازی پێشکەشکراو لە بەرامبەر سزای بەرزەفتکاری فەرمانبەرەکە

لەسەر بنەمای هەردوو حالەتی هاتوو لەم بەشەدا، بەدیار دەکەوێت کە یاسادانەر بە دەقی یاسا بێدەنگی دائیرەکەی وەسفکردووە کە بریتییە لە رەتکردنەوەی دادخوازییەکە، ئەمەش بەپێچەوانەی بێدەنگی دائیرە لە هەردوو حالەتی پێشکەشکردنی داوای دەستلەکارکیشانەوە و هەروەها داواکاری فەرمانبەر بۆ خۆخانەنشینکردن وەك پێشتر روونمان کردەوە.

## (٣٥)

## خواستن (الاعارة)ی فەرمانبەر چی یە؟

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣٨)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەمواركراو خواستن(الإعارة) بریتییە لە راوەستانی كاتی فەرمانبەر لە ئەنجامدانی ئەركەكانی وەزیفەكەی و پەیوەندیكردنی بە كارێكی دیكەوە لای ئیدارەیەكی دیكە كە بەم هۆیەوە ملكەچدەبێت بۆ مەرجەكانی ئەو دائیرەیە و مووچەكەی دەكەوێتە سەر ئەو دائیرەیەی كاری تیا دەكات لەگەڵ پاراستنی پەیوەندییە وەزیفییەكە بە دائیرە بنەڕەتییەكەیەوە. ئەمەش بە رەزامەندی نوسراوی خودی فەرمانبەرەكە و بە بڕیاری سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بێت.. لەسەر ئەم بنەمایەش چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

**یەكەم:** خواستنی فەرمانبەر بەبڕیارێك دەبێت لەلایەن سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ، واتە ئەم دەسەلاتە بەشێوەی (حصری) یاساكە داویەتی بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و بواری دابەزاندنی نەداوە بۆ وەزیرەكان.

**دووەم:** خواستنی فەرمانبەر بۆ دەرەوەی میلاكی حكومەتە، واتە ئەو لایەنەی داوای راژەی فەرمانبەرەكە دەكات لایەنێكی ناحكومیە، بەم جۆرەش خواستن جیا دەكرێتەوە لە تەنسیب كە ئەمەی دوایی تەنها بۆ ناو چوارچێوەی دامەزراوە حكومییەكانە.

**سێهەم:** پێویستە ئەو لایەنەی داوای خواستنی فەرمانبەرەكەی كردووە داواكاری پێشكەش بكات بۆ خواستنی فەرمانبەرەكە و لە هەمانكاتیشدا دەبێت فەرمانبەرەكەش بە نوسراو رەزامەندی خۆی نیشاندابێت، واتە لێرەدا جیاواز لە حالەتی تەنسیب، پێویستە فەرمانبەرەكە خۆی رەزامەند بێت و بە نوسراو رەزامەندی نیشاندابێت.. بەلام لە تەنسیبدا مەرج نییە بە رەزامەندی فەرمانبەرەكە بێت .

**چوارەم:** ئەنجومەنی وەزیران وەك گوتمان لایەنی تایبەتمەندە بەم کارە و پاش دیراسەتکردنی داواکاری ئەو لایەنەی داوای خواستنەکەی کردووە و هەروەها هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کارکردنەکە و بێنیازبوونی کاتی لە راژەی فەرمانبەرەکە بڕیار لەسەر خواستنەکە دەدات.

**پێنجەم:** .ئەو لایەنەی کە فەرمانبەرەکەی خواستووە ، مووچەی فەرمانبەرەکەی دەکەوێتە ئەستۆ بە درێژایی ماوەی خواستنەکە و خۆگەرهاتوو پێش کۆتایی ماوەی خواستنەکە ، ئەو لایەنە کۆتایی بە ماوەی خواستنەکە هێنا، ئەوا پابەند دەبێت بە دانی مووچەی فەرمانبەرەکە تا ئەو کاتەی کە فەرمانبەرەکە دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی و دەستبەکاردەبێتەوە لە دائیرە ئەسڵییەکەی.

**شەشەم:** ماوەی خواستنی فەرمانبەر پێنج ساڵە و پاش تەواوی بوونی ئەو ماوەیە فەرمانبەرەکە دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی و لە هەندێك حالەتەدا یاساکە رێگەی داوە بە درێژکردنەوەی ماوەکە بۆ پێنج ساڵی دیکە ، کە لە لێرەدا خواستن جیادەکرێتەوە لە تەنسیب چونکە لە تەنسیبدا ماوەکەی بریتییە لە (٣) سال و نابێت لەو ماوەیە زیاتر بێت.

**حەوتەم:** بە گوێرەی رێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٠ رێگە پێدراوە کە فەرمانبەر بخوازرێت بۆ دەرەوەی میلاکی حکومەت و هەروەها رێکخراوە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان و بیانییەکان و دەوڵەتانی بیانی .کە مەرجە ئەوانەی پاڵێوراون بۆ کارکردن لە رێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتی و بیانییەکان خاوەن توانستی زانستی بن و بە تەواوی زمانی فەرمی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە بزانن کە دەیانەوێت کاری تیا بکەن ، لە هەمان کاتدا رەگەزنامەی عێراقی هەبێت و پسپۆرییەکەی گونجاو بێت لەگەڵ ئەو کارەی بۆی دەپاڵێورێت و داوایەك پێشکەش بکات کە رەزامەندی دائیرەکەی لەسەر بێت.

## (٣٦)

## واقیعی کرداری پلەبەرزکردنەوە(الترفیع) لە فەرمانگە میرییەکاندا

ئەگەر بە وردی سەرنجی رێککارەکانی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران بدەین کە لە نێو فەرمانگە حکومیەکان بەرێوە دەچێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێکی بەرچاوی ئەو رێککارانە بە گوێرەی ئەحوکمی ماددەکانی (٦) و (٧)ی یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و ماددەکانی ژمارە (١٨) و (١٩)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ بەرێوە ناچن ، کە لە خوارەوە لەسەر هەندێك لەو رێککارە نا دروستانە دەوەستین:

**یەکەم:** بە زۆری پلەبەرزکردنەوە لە نێو فەرمانگەکانی حکومەت زیاتر سروشتی حوکمەکانی سەرمووچە (العلاوة السنوية) زاڵ بووە بەسەریدا، واتە وەك عورفێکی ئیدارییی ، بێ ئەوەی فەرمانبەرەکە خۆی داوای بکات و نوسراو پێشکەش بکات، پلەبەرزکردنەوەی بۆ کراوە ، واتە لەگەڵ تەواو کردنی ماوەی زەمەنی راژەی فەرمانبەرەکە (ساڵانی خزمەت) و بێ رەچاوکردنی هەبوونی داواکاری نوسراوی فەرمانبەرەکە بۆ پلەبەرزکردنەوە و بوونی مەرجەکانی دیکەی پلەبەرزکردنەوەکە کە لە یاساکەدا هاتووە، پلەبەرزکردنەوە بۆ فەرمانبەران دەکرێت، کە ئەمەش ئاسەواری دارایی زۆری لەسەر بوجەی گشتی خستۆتەوە و لەرووی یاسایشەوە پێچەوانەوەی مەرجەکانی پلەبەرزکردنەوەیە.

**دووەم:** لە رێککارە شکلییەکانی ئەو لیژنانەی کە پێکدەهێنرین بۆ پلەبەرزکردنەوەکان لە زۆربەی زۆری دائیرەکاندا، رەچاوی دەقی یاساکە ناکرێت بۆ نموونە پێویستە سەرۆکی لیژنەکە پلەکەی لە یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی (معاون مدير عام) کەمتر نەبێت یاخود ژمارەی

ئەندامانی لیژنەکە پێویست دەکات لە (٣) ئەندام پێکبێت کە زۆر جار لیژنەکان لە زیاتر لە (٣) ئەندام پێکدێن، بێگومان ئەمانەش لەرووی یاساییەوە سەرپێچی شکلیەتی جەوهەرییە کە یاساکە بە دەق جەختی لەسەرکردۆتەوە و رەچاونەکردنی ئەو دەقە یاساییە دەبێتە هۆی پوچەڵبونەوەی بریاری پلەبەرزکردنەوەکە گەر هاتوو فەرمانبەرە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ماوەی تانەلێدان (مده الطعن) ، تانە لە بریارەکە بدات.

**سێهەم:** وەك عورفێکی ئیداری پەسەندکردنی پلەبەرزکردنەوەکان و بریار لێدانیان بە زۆری لەلایەن بەرێوەبەرە گشتییەکانەوە دەکریت جگە لە پلەبەرزکردنەوەی (پلەی چوار بۆ سێ و سێ بۆ دوو و هەروەها دوو بۆ یەك) کە دەبرێتە وەزارەتی دارایی ، لە کاتێکدا یاساکە بە حصر دەسەلاتی دەرکردنی بریاری پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی داوە بە وەزیر و رێگەی نەداوە وەزیر ئەو دەسەلاتە بدات بە بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەرە گشتییەکان ، کە لەم حالەتەشدا بریاری پلەبەرزکردنەوەکە کاتێك لە غەیری وەزیرەوە دەردەچێت لەکەدار دەبێت بە لەکەی نەبوونی تایبەتمەندی (عیب عدم الإختصاص).

**چوارەم:** لە پلە بەرزکردنەوەکاندا زیاتر کار لەسەر مەرجی تەواو کردنی ماوەی یاسایی خزمەتی فەرمانبەرەکە دەکرێت و ئەمەش وایکردووە کە هەم پلەبەرزکردنەوەکە ببێتە کارێکی خۆبەخۆیی (تلقائی) و لەگەڵ تەواوکردنی ماوەکە و بێ هەبوونی داواکاری نوسراوی فەرمانبەرەکە و رەچاوکردنی مەرجەکانی دیکە بە تایبەت بوونی پلەی چۆڵ لە پلەی سەرووی پلەی فەرمانبەرەکە ، بریاری پلە بەرزکردنەوەکان دەدرێت، کە ئەوەی لەم حاڵەتەوە دەخوێنرێتەوە چەند سەرنجێکە :

أ-هۆکاری سەرەکی پلەبەرزکردنەوەکە زیاتر بۆ رووە ماددیەکەیەتی کە بریتییە لە زیادبوونی برێك پارە بۆ سەر مووچەی فەرمانبەرەکە، و ئەمەش بارگرانییەکی بێ جەدوای خستۆتە سەر خەزێنەی گشتی لەرووی داراییەوە.

ب-ڕەچاوی لێهاتوویی و توانایی فەرمانبەرەکە ناکرێت و لەم بەرەنجامەشەوە فەرمانبەرەکە ناونیشانێکی وەزیفی هەڵدەگرێت کە هیچ شارەزایی و زانیارییەکی لە بارەیەوە نییە.

ت-کەڵەکەبوونی کۆمەڵە ناونیشانێکی وەزیفی بێ هەبوونی پلەی چۆڵ کە لە دەرەوەی پێداویستی وەزیفەی گشتییە و دواجار ئەمەش دەبێت بە بار بەسەر گەنجینەی گشتییەوە وەك باسکرا.

پ-نەبوونی پێوەر و ستاندەر بۆ پلەی چۆڵ لە فەرمانگەکاندا، ئیتر ئایا لەرێگەی ئیستیحداسی پلەی وەزیفییەوە بێت بە گوێرەی یاساکانی راژە و میلاك و بوجە یان بە هۆی گواستنەوە و خانەنشینی و خواستن (الإعارة) و فەسڵ و عەزلی فەرمانبەرانەوە بێت.کە ئەمە ش کاریگەری زۆر خراپ دەخاتەوە و پەیرەونەکردنی سادەترین پێوەرەکانی وەزیفەی گشتیە.

**پێنجەم:** پەیڕەونەکردنی پێوەری توانست و لێهاتوویی فەرمانبەرەکە لە کاتی پاڵاوتنی بۆ پلەبەرزکردنەوە بە گوێرەی مادەی (هەژدەیەم) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە(٢٤)ی سالی ١٩٦٠ بەڵکو بەپێچەوانەوە لیژنەکان تاکە پێوەریان لەم بوارەدا بریتی بووە لە تەواوکردنی سالانی خزمەت بۆ پلەبەرزکردنەوەکە و پشتگوێ خستنی پێوەری توانست و لێهاتوویی و هەروەها ڕەچاونەکردنی مەرجەکانی دیکەی پلەبەرزکردنەوە کە لە ماددەی (نۆزدە)ی یاسای راژەی شارستانی و ماددەی (٦/دووەم)ی یاسای مووچەدا جەختی لەسەرکراوەتەوە، کە بە بروای ئێمە ئەمەش بووەتە هۆکاری لادان لە رێسا گشتییەکانی پلەبەرزکردنەوە و  زیانگەیاندن بە خەزێنەی گشتی و زۆربوونی ژمارەی فەرمانبەری بێ توانا و لاواز لە هەندێك  پلە و ناونیشاندا کە شایستەی نین.

## (٣٧)

## ئایا فەرمانبەری گشتی دەتوانێت داوای یاسایی لەسەر بەرێوەبەری دائیرەکەی یان وەزیری وەزارەتەکەی سەرەرای کارەکانیان تۆمار بکات؟

هەندێکجار کە فەرمانبەرێك بڕیارێکی کارگێڕی دەرهەق دەردەچێت و کاریگەری لەسەر پێگەی یاسایی دروستدەکات، پەنا نابات بۆ دادگای تایبەتمەند بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بریارە و ترسی لەوە هەیە کە دواتر لەلایەن وەزارەتەکەی یان دائیرەکەیەوە لەسەر ئەو کارەی کردوویەتی رێککاری لە دژ بگیرێتە بەر و سزا بدرێت، لە خوارەوە و بەچەند خاڵێك روونکردنەوەی یاسایی خۆمان لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بە گوێرەی ماددەی (١٠٠)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ی بەرکار ، رێگە پێدراو نیە کە دەق لە یاساکاندا هەبێت بۆ ئەوەی بریارە کارگێڕییەکان پارێزراو بکەن لە تانە لێدان (محصن من الطعن)، کە ئەمەش ناراستەوخۆ ئەوەمان پێ دەڵێت تانەدان لە بریارە کارگێڕییەکان لەلایەن فەرمانبەرەوە مافێکی دەستوورییە و هیچ کەس و لایەنێك بۆی نیە ئەو مافە لە هیچ کەس زەوت بکات.

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (پەنجاو نۆیەم/٣) لە یاسای راژەی شارستانی و ئەحکامی ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت، تانەدان لە هەر بریارێکی کارگێڕیی کە دەرهەق بە فەرمانبەری گشتی دەربچێت مافێکی یاساییە و دەقی یاسا هاوپێوەندەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە و رێوشوێنی پێویستیان بۆ داناوە.

**سێیەم:** بە گوێرەی ماددەی (حەڤدەیەم/٦) لە پێرەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ پێڕەوی ڕێسای ڕەفتار و پیشەیی بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق هەر بڕیارێك کە لەلایەن دەسەڵاتی حکومی

پەیوەندیدارەوە دەردەچێ کە ڕەنگە بەشێوەیەکی نەرێنی کار بکاتە سەر ماف یان بەرژەوەندی شەخسی هاوولاتی، پێویستە لەسەر فەرمانبەر ڕێگەی تانە لێدانی قانوونی بۆ روون بکاتەوە، بەتایبەتی شێوەی داوای وەرگرتنەوەی ئەو مافە لەگەڵ دیاری کردنی ئەو ماوەی بەپێی قانوون بۆی دەستنیشانکراوە. واتە پێویستە لەسەر دائیرە لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکەیدا رێگەکانی تانە دان لە بڕیارەکە بەو فەرمانبەرە بڵێت کە بڕیارەکەی لە دژ دەرچووە.

**چوارەم:** داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕیی(دعوی الإلغاء القرار الإداری) لەبەردەم دادگای تایبەتمەند داوایەکی بابەتی(مضوعیة) و ململانێی بڕیارێکی کارگێڕیی تێدا دەکرێت و پەیوەندی بە خودی ئەو کەسەوە نییە کە بڕیارەکەی دەرکردووە ئیتر چ وەزیر بێت یان بەرێوەبەری گشتی ، چونکە قەزای ئیداری لە کاتی بینینی داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە کارگێڕییەکاندا چاودێری مەشروعیەتی بڕیارەکە دەکات و ناچێتە ناو چوارچێوەی لایەنی شەخسی ئەو کەسەی بڕیارەکەی دەرکردووە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، فەرمانبەری گشتی مافی دەستوری و یاسایی خۆیەتی کە لە کاتی دەرچوونی بڕیارێکی کارگێڕیی لەلایەن فەرمانگەکەی یان وەزارەتەکەیەوە و گەرهاتوو کاریگەری نەرێنی لەسەر دروست کرد، پەنا ببات بۆ دادگای تایبەتمەند بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەو هەر رێککارێك یان سزایەك کە وەزارەت یان دائیرەی فەرمانبەرەکە بە هۆی ئەم کارەوە دژ بە فەرمانبەرەکە بیگرێتە بەر نادەستووری و نایاسایی و رێگە پێنەدراوە و لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە مافی هەیە بە داوایەکی دیکە بگەرێتەوە سەر دائیرەکەی یان وەزارەتەکەی.

## (٣٨)

## جێگیرکردنی تەمەن (تثبيت العمر) چی یە؟

کاتێك هاوڵاتییەك بەسیفەتی فەرمانبەر لە یەکێك لە دامەزراوە حکومییەکان وەك فەرمانبەری گشتی دادەمەزرێت، ئەوا لەم کاتەدا پێویست دەکات جێگیرکردنی تەمەنی بۆ بکرێت، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە تەمەنی خانەنشینیەوە و لەسەر بنەمای جێگیرکردنی تەمەنیش ، تەمەنی خانەنشینی جێگیر دەکرێ، لەبەر ئەوەی گەر هاتوو فەرمانبەرەکە بە رۆژ و مانگ و ساڵ گەیشتە تەمەنی خانەنشینی ئەوا بە حوکمی یاسا سیفەتی فەرمانبەرێتی لەدەستدەدات، لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە جێگیرکردنی تەمەن بۆ فەرمانبەرەکە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەرەکە روون بێت و لێکدانەوەی جیاواز هەڵنەگرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتەش یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە ماددەی (٢٥) ــ کە لە کوردستان بەرکارە ـ و هەروەها یاسای خانەنشینی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ لە ماددەی (٣٤/١) ـ کە لە عێراق بەرکارە ـ بە دەق هێناویانە کە :" ئەو بەڵگەنامەیەی فەرمانبەرەکەی لەسەر دامەزراوە یان ئەوەی تەمەنی فەرمانبەرەکەی پێ جێگیر کراوە ، برتییە لەو تاکە بەڵگەنامەیەی کە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ مەبەستی جێگیرکردنی تەمەنی راستەقینە فەرمانبەر و ئیتر هیچ جۆرە راستکردنەوەیەکی قەزایی یان ئیداری بە هەند وەرناگیرێت کە دوای ئەو جێگیرکردنی تەمەنە دەردەچێت.

واتە کاتێك فەرمانبەرەکە لە دامەزراوەیەکی حکومی دادەمەزرێت بە گوێرەی ئەو ناسنامەیەی پێ دامەزراوە ، بەرواری لە دایکبوونەکەی سەر ناسنامەکەی وەك تەمەنی راستەقینە بۆ جێگیر دەکرێت، یان گەرهاتوو دیاریکردنی تەمەنەکە لەرێگەی لیژنەیەکی پزیشکییەوە بوو ئەوا ئەو

بەروارەی بۆ جێگیر دەکرێت وەك تەمەنی راستەقینەی فەرمانبەرەکە ، لەپاش ئەوە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پەنای بردە بەر قەزا بۆ راستکردنەوەی بەرواری لە دایکبوونەکەی یان بەرواری لە دایکبونەکەی بە فەرمانێکی تری کارگێڕی راستکرایەوە ئەوا هیچ ئیعتیبارێك بۆ ئەو راستکردنەوانە ناکرێت.. مەبەست لەم دەقە یاساییەش بۆ پاراستنی سەقامگیری بارودۆخی یاسایی تایبەت بە مافەکانی فەرمانبەرە یان خانەنشینکردنیەتی .

ئەم دەقە یاساییە بە بروای ئێمە یەکێك لەو (استثناء)یەی کە لەسەر هیزی بڕیارەکانی دادگا هاتووە لەم جۆرە حالەتانەدا ، یاساکە تەنانەت بڕیاری دادگاش بۆ راستکردنەوەی تەمەن بەهەند وەرناگرێت بۆ کەم و زیادکردنی تەمەنی فەرمانبەر ــ کە ئەمەش هەستیاری و گرنگی ئەم بابەتە نیشان دەدات بەلای یاسادانەرەوەــ.

خۆ گەر هاتوو فەرمانبەر بە مەبەست بووبێت یان بێ مەبەست بە حوکمی دادگا بەرواری لە دایکبوونی خۆی گۆڕی، ئەوا لەم کاتەدا ئیعتیبار بەو بریارەی دادگا ناکرێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی دەگەرێتەوە بۆ ئەو تەمەنەی کە یەکەمجارە فەرمانبەرەکەی پێ دامەزراوە و کار بە بریارەکەی دادگا ناکات ، ئەو ماوە خزمەتەش کە فەرمانبەرەکە بە هۆی راستکردنەوەی تەمەنەکەی لە دەرەوەی تەمەنی خانەنشینی لە وەزیفەدا ماوەتەوە ، ئەوا بۆ هیچ مەبەستێك ئەژمارناکرێت و تەنانەت لە رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی هەرێمدا هاتووە کە پێویستە هەموو ئەو موچە و دەرمالانەیشی لێ بسەنرێتەوە کە لەو ماوەیەدا وەری گرتووە، بەلام ئەنجومەنی شورای دەولەت لە عێراق لە چەندین بریاریدا لەم بارەیەوە بۆ ئەوەریشتووە کە ئەو مووچەیەی فەرمانبەرەکە بە هۆی راستکردنەوەی تەمەنەکەیەوە وەری گرتووە لە دەرەوەی تەمەنی خانەنشینی ئەوا وەك کرێی هاوتا (أجر المثل) بۆی ئەژمار دەکرێت، بەلام خزمەتە وەزیفییەکەی بۆ هیچ مەبەستێك ئەژمار ناکرێت (کە بروای ئێمە بیروراکەی ئەنجومەنی شورای دەولەت لە دادپەروەرییەوە نزیکترە).

## (٣٩)

## چۆن مۆڵەتی بێ مووچە بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت؟

پاش ئەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری ژمارە (٣٨)ی لە ٢٠١٥/٤/٥ دەرکرد تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ فەرمانبەران و ئەژمارکردنی ماوەی مۆڵەتەکە بۆ خزمەتی خانەنشینی بەمەبەستی هاندانی فەرمانبەران بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە ، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم بڕیارە لە کۆمەڵێك رووەوە لەکەدارە (معیب) و دواتر گرفتی یاسایی لێدەکەوێتەوە و ئەو ئاسەوارە ناخاتەوە بۆ فەرمانبەر کە لە بڕیارەکەدا هاتووە و بریتییە لە ئەژمارکردنی ماوەی مۆڵەتەکە بۆ خزمەتی خانەنشینی ، چونکە وەك بریارێکی راگوزەر دەرکراوە و بە وردی بنەرەت و رەهەندەکانی لەرووی یاساییەوە لەبەر چاو نەگیراوە ، لەبەر ئەوە بە بڕوای ئێمە نە فەرمانبەران و نە حکومەتیش بە شێوەی یاسایی ناتوانن ماوەی مۆڵەتەکە بۆ خزمەتی خانەنشینی ئەژمار بکەن تا ئەو کاتەی ئەم هەنگاوانە نەگیرێتە بەر:

**یەکەم:** هەموار کردنەوەی بڕیاری ژمارە (٤١٨) ی ساڵی ١٩٨٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و نەك ئەنجومەنی وەزیران ، لەم رووانەوە لەبەر ئەوەی دەقی تەشریعی و سەرەکی تایبەت بەم بوارەیە:

١-زیاد کردنی ماوەی مۆڵەتەکە لە دوو ساڵەوە بۆ پێنج ساڵ، چونکە بریارەکە دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە نابێت ماوەی مۆڵەتەکە دوو ساڵ زیاتر بێت.

٢-هەموارکردنەوەی ئەو بڕگەی بریارەکە کە دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە ئەم مۆڵەتە بۆ مەبەستی خانەنشینی کەڵکی لێ وەرنا گیرێت.

٣-بە دەقی یاسایی ڕێگە بەوە بدرێت کە فەرمانبەر لە تەمەنی وەزیفیدا دەتوانێت زیاتر لە جارێك ئەو مۆڵەتە وەربگرێت.

**دووەم:** هەموارکردنەوەی ماددەی (٥/ یەکەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ ، چونکە لەم ماددە و بڕگەیەدا یاساکە بە دەقی ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ خزمەتی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت، ئەم هەموار کردنەوەیەش دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە بکرێت و ماددە و بڕگەکە بەو جۆرە هەموار بکرێتەوە کە ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار بکرێت.

**سێیەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤/دووەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو هەر خزمەتێك کە لێبڕینی خانەنشینی بۆ نەدرابێت لەلایەن فەرمانبەرەکەوە ئەوا بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە ئەو فەرمانبەرەی مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرتووە لێبرینی خانەنشینی بۆ ماوەی مۆڵەتە بێ مووچەکەی بدات ئەو کات بۆی ئەژمار دەکرێت . بۆ نمونە گەر فەرمانبەرێك مووچەی بنەرەتی لە نێوان ٥٠٠ تا ٥٥٠ هەزار بێت، ئەوا لەم کاتەدا بۆ ئەژمارکردنی ماوەی پێنج ساڵی مۆڵەتی بێ مووچەکەی پێویست دەکات لە (٢.٠٠٠.٠٠٠) ملیۆن دینار تا (٢.٥٠٠.٠٠٠) تا دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بدات وەك لێبڕینی خانەنشینی ئەو کات ئەو ماوەی بۆ ئەژەمار دەکرێت.

لەبەر ئەوە بەبڕوای ئێمە بە دەر لەو خاڵانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، فەرمانبەر ناتوانێت سوود وەربگرێت لە مۆڵەتی بێ مووچە بەمەبەستی ئەژمارکردنی وەك خزمەتی خانەنشینی ، چونکە مۆڵەتی بێ مووچە (استثناء) یە لەسەر ئەسڵ و بۆ حاڵەتی زۆر زەرورە و تەنها یەك جار فەرمانبەر دەتوانێت لە تەمەنی وەزیفیدا کەڵکی لێ وەربگرێت.

## (٤٠)

## تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی چی یە؟

وەك رێسایەکی گشتی یاسادانەر تەمەنێکی دەستنیشان کردووە کە لەو تەمەنەدا تاك دەتوانێت سیفەتی فەرمانبەرێتی گشتی وەربگرێت، سەرەتای ئەو تەمەنە بە گوێرەی ماددەی (حەوتەم/٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ بریتییە لە تەواوکردنی تەمەنی (١٨)هەژدە ساڵی و کۆتاییەکەیشی بریتییە لە تەواوکردنی تەمەنی (٦٣) شەست و سێ ساڵی ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (یەکەم/دووەم/أ) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦، هەر بۆیە لە دەرەوەی ئەو تەمەنە ، هیچ جۆرە راژەیەك بە خزمەتی وەزیفی ئەژمار ناکرێت و یاسادانەر بە هەند وەری ناگرێت، چونکە لە دەرەوەی ئەو ماوەیە تاك سیفەتی فەرمانبەرێتی گشتی لە دەستدەدات و ئەهلیەتی وەرگرتنی ئەو سیفەتەی نامێنێ ، جگە لەم حاڵەتانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** بۆ حالەتی دامەزراندنی بەرپرستار، یاسادانەر لە ماددەی (حەوتەم/٢) ی یاسای راژەی شارستانی لای خواروی تەمەنەکەی دەستنیشان کردووە بە (١٦) شانزە ساڵ کە بەبروای ئێمە ئەو بەدەرکردنە لەم کاتەدا جێبەجێکردنی نەماوە و ئەو مەبەستە تەشریعیەی (الغرض التشريعی) لە دەستداوە کە لە کاتی خۆیدا هەیبووە.

**دووەم:** بۆ حالەتی درێژکردنەوەی تەمەنی وەزیفی ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (یەکەم/ سێهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو کە دەسەلاتی تەقدیری داوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە لەسەر بنەمای پێشنیاری وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت کە خزمەتی وەزیفی فەرمانبەر درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (٣) سێ ساڵ لە کاتی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی هەواڵەکردنی

بۆ خانەنشینی ئەمەش بە ڕەچاوکردنی دەگمەنی پسپۆڕی و جۆری وەزیفەکە و پێداویستی فەرمانگەکە بە خزمەتەکانی فەرمانبەرەکە.

**سێیەم:** بۆ ئەو حاڵەتانەی کە یاسادانەر بە یاسای تایبەت بۆ هەندێك توێژی تایبەت تەمەنێکی جیاوازی دەستنیشان کردووە بۆ هەواڵەکردنیان بۆ خانەنشینی.

کەواتە وەك بنەما و ڕێسای گشتی، تاك ئەهلیەتی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی هەیە لە پاش تەواوکردنی تەمەنی هەژدە ساڵی تا تەواوکردنی تەمەنی شەست و سێ و لە دەرەوەی ئەو تەمەنە دیاریکراوەش، ئیتر سیفەتی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لە دەست دەدات

## (٤١)

# چارەنووسی خزمەتی فەرمانبەر دوای تەمەنی یاسایی فەرمانبەریّتی

هەندێکجار ئەوە روودەدات فەرمانبەر لەپاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی بە گوێرەی یاسای تایبەتمەند کە بە شێوەیەکی گشتی تەواوکردنی تەمەنی (٦٣) ساڵییە لە وەزیفەدا بمێنێتەوە و هەواڵەی خانەنشینی نەکرێت، ئیتر ئایا بەهۆی کەمتەرخەمی فەرمانگەکەیەوە بێت یان هەر هۆیەکی دیکە کە خۆی دەستی تیایدا نەبێت، ئەوا لێرەدا ئەو پرسیارە بکرێت کە ئایا چارەنووسی ئەو ماوەیەی فەرمانبەرەکە خزمەتی وەزیفی تێدا پێشکەشکردووە لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی چی لێ دێت، ئایا بۆی ئەژمار دەکرێت و مووچەکەی پێ دەدرێت یان بە پێچەوانەوە نە بۆی ئەژمار دەکرێت و موچەکەیشی وەردەگرێت؟

لەلایەن خۆیەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم بە گوێرەی خاڵی (٢) لە رێنمایی دارایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٩ جەختی لەوە کردۆتەوە کە" ئەو ماوەیەی فەرمانبەر لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی وەزیفی ماوەتەوە بە خزمەت بۆی ئەژمار ناکرێت و پێویستە ئەو موچەیەشی لێ وەربگیرێتەوە کە بۆ ئەو ماوەیە وەری گرتووە." لەسەر ئەم بنەمایەش نە راژەی ئەو ماوەیەی بۆ ئەژمار دەکرێت و نەمووچەکەیشی پێدەدرێت و خۆ ئەگەرهاتوو موچەیشی پێدرابوو بۆ ئەو ماوەیە ئەوا لێی وەردەگیرێتەوە. لەم بارەیەوە چەند سەرنجێکی یاسایی دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** کاتێك کە فەرمانبەر تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی تەواو دەکات و تەمەنە وەزیفییەکەی بە گوێرەی یاسای تایبەتمەند بۆ درێژ نەکرایەوە، ئەوا بە تەواوکردنی تەمەنە یاساییەکەی ، ئیتر سیفەتی فەرمانبەرێتی لەدەست

دەدات بە حوكمی یاسا و ناتوانێت مومارەسەی كاری وەزیفی بكات و هەر كارێكیش ئەنجام بدات لە وەزیفەكەیدا و لە دەرەوەی تەمەنی وەزیفی، لەكەدار دەبێت بە لەكەی نەبوونی تایبەتمەندێتی (عیب عدم الإختصاص).

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی پێشوو یاسای تایبەتمەند دەسەلاتی كارگێڕیی پابەند كردووە بە هەواڵەكردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی كاتێك كە تەمەنی فەرمانبەرێتی تەواو دەكات بە گوێرەی یاسای تایبەتمەند، كەواتە لەم كاتەدا ئەركی هەواڵەكردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی لەسەر شانی دائیرەكەیەتی و پێویستە دائیرەكەی ئەو كارە ئەنجام بدات، خۆ گەرهاتوو دائیرەكەی ئەم ئەركەی سەرشانی جێبەجێنەكرد، ئەوا بەرپرسیارێتی هەواڵەنەكردنی فەرمانبەرەكەی دەكەوێتە ئەستۆی.

**سێهەم:** بە گوێرەی بنەمای یاسایی فەرمانبەر هەڵەی فەرمانگەكەی ناگرێتە ئەستۆ (الموظف لا يتحمل خطأ دائرته)، لەبەر ئەوە ناكرێت فەرمانبەرێك بە هۆی كەمتەرخەمی دائیرەكەیەوە كە لەكاتی گەیشتنە تەمەنی یاساییدا هەواڵەی خانەنشینی نەكردووە و فەرمانبەرەكە بەردەوام بووە لە وەزیفە و ئەركەكانی سەرشانی خۆی جێبەجێكردووە ، بەرپرسیارێتی  كەمتەرخەمی و هەڵەی دائیرەكەی بگرێتە ئەستۆ و باجی ئەو هەڵە و نەزانییەی دائیرەكەی بدات و بێ بەش ببێت لەو مووچەیەی كە لە پای ئەنجامدانی ئەركەكانی سەرشانی وەری گرتووە.

**چوارەم:** دادپەروەری نییە كەفەرمانبەرێك بە شێوەیەكی رێكو پێك دەوامی ئاسایی كردبێت و خزمەتگوزاری پێشكەش بە دائیرەكەی كردبێت و پابەندی دەوامی رۆژانەی خۆی بووبێت و لەم بوارەشدا دەسەلاتی كارگێڕیی لێی سودمەندبووبێت بەلام لەپای ئەم خزمەتەدا مووچەی دەوامكردنەكەی پێ نەدرێت یان گەرهاتوو پێی درابێت بەلام لێی وەربگیرێتەوە .

**پێنجەم:** لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت  بۆچوونی وایە کە لەم جۆرە حاڵەتانەدا و بەمەبەستی بەرپاکردنی دادگەری و لە ئەستۆ نەگرتنی هەڵەی دائیرە لەلایەن فەرمانبەرەکەوە ، ئەنجومەنی ناوبراو مووچەی ئەو ماوەیەی فەرمانبەرەکە لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی ماوەتەوە وەك کرێی هاوتا (أجر المثل) بۆ فەرمانبەرەکە ئەژمارکردووە، وەك لە بریارەکانی ژمارە (١٠٢/٢٠١٠ لە ٢٦/٨/٢٠١٠) و (١١١/٢٠١٠ لە ٦/٩/٢٠١٠) دووپاتیکردۆتەوە [١] ، لە هەمانکاتیشدا دەستەی گشتی خانەنشینی نیشتمانی (هيئه التقاعد الوطنية) لە بریاری ژمارە (١٥٦ لە ٢٨/٥/٢٠٠٨) [٢] هەمان بۆچوونی هەیە و ئەو ماوە زیادەیەی کە فەرمانبەرەکە لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی ماوەتەوە بە کرێی هاوتای داناوە .

**شەشەم:** دەربارەی ئەژمارکردنی ئەو ماوەیەی کە فەرمانبەرەکە لە خزمەتی وەزیفیدا ماوەتەوە ، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتیە و تەجاوزی تایبەتمەندی وەزیفییە، بۆیە کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە کە ئەو ماوەیە بۆ هیچ مەبەستێك ئەژمارناکرێت، هەروەك ئەنجومەنی شورای دەولەت لە عێراق لە هەردوو بریاری ئاماژە پێکراوی لای سەرەوەدا دووپاتیکردۆتەوە .

 لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا و لەبەر ئەوەی کە هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی ئەرکی سەرەکی و سەرشانی دائیرەکەیە نەك خودی فەرمانبەرەکە و لەو سۆنگەیەی کە فەرمانبەر ناکرێت باجی هەڵەی دائیرەکەی بدات و هەروەها لەسەر بنەمای دادگەری و بە فیرۆنەچوونی مووچەی ئەو ماوەیەی کەفەرمانبەرەکە دەوامی ئاسایی تیدا

---

[١]قرارات و فتاوى مجلس شور الدولة لعام ٢٠١٠، ط١، مطبعة الوقف الحديثة،بغداد، ٢٠١١، ص ٢٣٨، ٢٥٥.

[٢]دريد داود سلمان الجنابي، قضايا المتقاعدين في قرارات محكمة التمييز الاتحادية، ط١، موسوعة القوانين العراقية، بغداد، ٢٠١٢، ص ١٧٦.

کردووە، بەبروای ئێمە بۆچوونی وەزارەتی دارایی هەرێم لەم بوارەدا و تایبەت بە لێوەرگرتنەوەی ئەو مووچەیەی کە فەرمانبەرەکە لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی وەریگرتووە بۆچوونێکی دادپەروەرانە نییە و باشتر وایە کە پەیرەوی بۆچوونە قەزاییەکە بکات . لە هەمانکاتیشدا فەرمانبەر مافی هەیە لەم حاڵەتەدا و بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٠) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)یساڵی ٢٠٠٦ پەڵپ لە بریاری لێوەرگرتنەوەی موچەکەی بدات لەبەردەم لیژنەی وردبینی کێشەکانی خانەنشینی کە لە وەزارەتی دارایی پێکهاتووە لە ماوەی (٩٠) رۆژدا لە رۆژی پێراگەیاندنی بەبریاری لێ وەرگرتنەوەی مووچەکەی.

## (٤٢)

## بەرواری شایستەبوون بە مووچەی خانەنشینی لە حاڵەتی دواکەوتنی مامەڵەی خانەنشینی ؟

هەندێکجار رووەدات کە راییکردنی مامەڵەی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی دوادەکەوێت بە تایبەت لەو حاڵەتەی کە فەرمانبەرەکە لە تەمەنی وەزیفیدا کۆچی دوایی دەکات و بە حوکمی قانون هەواڵەی خانەنشین دەکرێت، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە کە ئایا میراتگرانی فەرمانبەرەکە لە چ کاتێکەوە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن ئایا لە کاتی خانەنشین بوونەکەیەوە یان وەفاتکردنیەوە دەبێت یاخود لە کاتی تەواوکردنی مامەڵەی خانەنشینیەکەی ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری تەواو نەکردنی مامەڵەی خانەنشنیەکە، گەرهاتوو دواکەوتنی مامەڵەکە بە هۆی کەمتەرخەمی دائیرەکەوە بووبێت ئەوا لەم کاتەدا بەرواری شایستەبوون بە مووچەی خانەنشینیەکە لەبەرواری هەواڵەکردن بۆ خانەنشینی یان وەفاتکردنی فەرمانبەرەکەوە دەبێت، بەلام گەرهاتوو هۆکاری دواکەوتنەکە دەگەرایەوە بۆ خودی فەرمانبەرەکە کە هەواڵەی خانەنشینی کراوە یان کەمتەرخەمی میراتگرەکانی گەرهاتوو فەرمانبەرەکە کۆچی دوایی کردبوو ،ئەوا لەم کاتەدا لەبەرواری تەواوکردنی مامەڵەی خانەنشینیەکەوە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن ، هەروەك دادگای پێداوچونەوە ی فیدرالی لە داوای ژمارە (٨٥/ شارستانی گوازراوە/٢٠٠٩ لە ١٩/٥/٢٠٠٩) جەختی لەسەرکردۆتەوە و تیایدا هاتووە:"کە هاوسەری فەرمانبەری کۆچکردووە شایستەی مووچەی خانەنشینی هاوسەرەکەی دەبێت لەبەرواری وەفاتکردنی هاوسەرەکەیەوە لەبەر ئەوەی هۆکاری دواکەوتنی تەواوبوونی مامەڵەی خانەنشینیە کە ی لە دەرەوەی ویست و ئیرادە و

دەسەڵاتی خۆی بووە و هۆکاری دواکەوتنی مامەڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نوسراو لە نێوان فەرمانگە پەیوەندیدارەکانداو لە سەر ئەم بنەمایەش ڕێگە پێدراو نییە کە ئۆباڵی دواکەوتنی مامەڵەکە بخرێتە ئەستۆی هاوسەری فەرمانبەرە کۆچکردووەکە .

## (٤٣)

## ئایا فەرمانبەری عەزلكراو یان فەسڵكراو مافی خانەنشینكردنیان هەیە؟

له ماددەی (١/پێنجەم) لە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ دا هاتووە كە :" عەزلكردنی فەرمانبەر یان فەسڵكرانی یاخود وازهێنانی لە خزمەتی وەزیفی لەبەر هۆكاری ناچاری جگە لەو دەستلەكاركێشانەوەیەی كە بێ رەزامەندی فەرمانگەكەی كردوویەتی یان ئەوەی لە حوكمی ئەوەدایە..... نابنە رێگرلە بە ردەم شایستەبوونی بە مافەكانی خانەنشینی و لەم حاڵەتەشدا مووچەی خانەنشینی خەرجناكرێت مەگەربێتوو فەرمانبەرەكە تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو بكات.

لێرەدا یاسادانەر سێ حاڵەتی هێناوە (ئێمە لەم بەشەدا تەنها باسی دوو حاڵەتیان دەكەین) كە شایستەی مافەكانی خانەنشینی دەبن، كە بریتین لە :

**یەكەم:** عەزلكردنی فەرمانبەر یەكێكە لەو سزا بەرزەفتكارییانەی كە دەسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەردا كە بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (٨/ هەشتەم) لە یاسای فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەمواركراو.

**دووەم:** فەسڵكردنی فەرمانبەر : ئەمەش بە گوێرەی ماددەی (٧/٨) لە یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەران كە وەك سزایەك دەسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەردا .

كەواتە ئەو فەرمانبەرەی كە لە وەزیفە فەسڵ دەكرێت بە گوێرەی ئەحكامی یاسای بەرزەفتەكردن یان عەزل دەكرێت، ئەوا شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت و فەسلكردن یان عەزلكردنەكە ی نابێتە رێگر لەبەردەم

شایستەبوونی بە مافەکانی خانەنشینی بەلام موچەی خانەنشینی بۆ خەرج ناکرێت تا ئەو کاتەی تەمەنی (٥٠) سالی تەواو دەکات، لێرەدا چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** ئەم جۆرە خانەنشینکردنە وجوبی نییە، بەو مانایەی کە بە حوکمی یاسا فەرمانبەرە فەسلکراوەکە یان عەزلکراوەکە هەواڵەی خانەنشینی ناکرێت، بەڵکو پێویستە فەرمانبەرەکە خۆی بە دواداچوونی بۆ بکات و داواکاری بۆ پێشکەش بکات و پاشان مامەڵەکە بە گوێرەی ئەو رێککارانەی کە لە نوسراوی ژمارە (١٩٩٧٣ لە ٢٠١١/١٠/١٨) ی وەزارەتی دارایی و ئابووریدا هاتووە و ئاراستەی گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراوە بە وەزارەت کراوە، کاری لەسەر دەکرێت و بریاری کۆتایی لێدەدرێت.

**دووەم:** پێویستە فەرمانبەری عەزلکراو یان فەسلکراو خاوەنی (١٥) سالی خزمەتی خانەنشینی بێت ئەو کات شایستەی موچەی خانەنشینی دە بێت ، ئەمەش پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٨) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی سالی ٢٠٠٦ کە رێژەی لای خوارووی شایستەبوون بە مافی خانەنشینی دیاریکردووە بە (١٥) ساڵ، چونکە لە دەقی ماددەی (١/ پێنجەم) ی یاساکەدا ، یاسادانەر هیچ ماوەیەکی خزمەتی خانەنشینی نەکردووە بە مەرج بۆ ئەم جۆرە خانەنشینبوونە، بۆیە لەم کاتەدا پێویست دەکات بگەرێیینەوە بۆ ئەحکامی گشتی ئەم بابەتە کە لە یاساکەدا و لە ماددەی (٨) دا دەقی هاتووە[١].

**سێهەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (چل و پێنجەم/٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموار کراو فەرمانبەری فەسڵکراو یان عەزلکراو شایستەی وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتی کۆکراوە (الإجازات

---

[١] بەلام یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٤ لە ماددەی (١٣)یدا مەرجی ئەوەی هێناوە کە فەرمانبەری عەزلکراو یان فەسڵکراو بۆ حالەتی خانەنشینی پێویست دەکات لانی کەم خاوەنی (٢٠) بیست ساڵ راژەی خانەنشینی بن.

التراکمیه) نابێت ، کە تا (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ خەرج دەکرێت بۆ ئەو فەرمانبەرەی کە هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت لە حالەتە ئاساییەکانی دیکەدا کە یاسا دەقی لەسەر هێناوە، واتە لەم جۆرە خانەنشینکردنەدا ، فەرمانبەری فەسڵکراو یان عەزلکراو شایستەی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی نابێت.

## (٤٤)

## خانەنشینکردنی ئەو فەرمانبەرەی کۆتایی بە راژەکەی هێنراوە

پێشتر ئاماژەمان دا بە مافی خانەنشینکردنی فەرمانبەری فەسڵکراو یان عەزلکراو لە وەزیفە، لەم بەشەدا و لەبەر رۆشنایی هەمان مادده و بڕگەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ ئاماژە دەدەین مافی خانەنشینی ئەو فەرمانبەرەی کە وازی لە خزمەتی وەزیفی هێناوە لەبەر هۆکاری ناچاری.

یاسادانەر لە ماددەی (١/پێنجەم)ی یاسای ناوبراودا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو فەرمانبەری لەبەر هۆکاری ناچاری وازی لە وەزیفە هێناوە لەبەر هۆکاری ناچاری (ترك الوظيفة للأسباب الإضطرارية) یان ئەوەی لە حوکمی وازهێنان لە وەزیفەدایە لەبەر هۆکاری ناچاری ، ئەوا مافی خانەنشینکردنی هەیە و لەم حاڵەتەشدا مووچەی خانەنشینی خەرجناکرێت تا ئەو کاتەی کە فەرمانبەرەکە تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو دەکات.

لەم مادده برگەیەدا یاسادانەر جگە لە هەردوو حاڵەتی عەزلکردن و فەسڵکردن، ئەو فەرمانبەرەیشی شایستەی وەرگرتنی مافەکانی خانەنشینی کردووە کە لەبەر هۆکاری ناچاری وازی لە وەزیفە وەزیهێناوە یان ئەوەی لە حوکمی وازهێنان لە وەزیفەیە لەبەر هۆکاری ناچاری ، بەڵام یاسادانەر بەدەرکردنێکی لە سەر ئەم حاڵەتە هێناوە کە ئەویش دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەرە بێ رەزامەندی فەرمانگەکەی.

دەربارەی (هۆکاری ناچاری)ش، ئەوا هەڵسەنگاندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی تەقدیری فەرمانگەکەی هەروەك دەستەی گشتی خانەنشینی نیشتمانی عێراقی روونیکردۆتەوە کە وازهێنانی فەرمانبەر لەبەر هۆکاری ناچاری لە وەزیفە بابەتێکە هەڵسەنگاندنەکەی دەگەرێتەوە بۆ وەقائیع و بەڵگەکان کە پشتگیری ئەو وازهێنانەی فەرمانبەرەکە بکەن و دەبێت

هۆکارەکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بوو بێت وەك نەخۆشییە ژیرییەکان (الأمراض العقلية) یان لەدەستدانی ژیری یان دەستبەسەرکرانی یان زیندانیکرانی کە هاوکاتی وازهێنانەکەی بێت. لەلایەن خۆشیەوە ئەنجوومەنی شورای دەوڵەت لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٣/١٢) لە ٢٠١٣/٢/٤ جەختی ئەم بۆچوونە کردۆتەوە و تیایدا دەڵێت:" ئەو فەرمانبەری کە لە وەزیفە وازدەهێنێت لەبەر هۆکاری ناچاری و بە دەستلەکارهەڵگرتوو ـ مستقیل ـ دادەنرێت ، ئەوا شایستەی ئەو مافانەی خانەنشینی دەبێت کە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ دا دەقی لەسەر هاتووە، ئەوەش دوای دڵنیابوونەوەی فەرمانگەی تایبەتمەند لە هۆکارەکانی دابڕانەکەی[١].

لەلایەکی دیکەوە یاسادانەر لە دەقی ماددەی (١/پێنجەم)ی یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ دا، پێدانی مووچەی خانەنشینی بەو فەرمانبەرەی کە وازی لە وەزیفە هێناوە لەبەر هۆکاری ناچاری ، بەستۆتەوە بەوەی کە پێویستە تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو بکات، کە بەبروای ئێمە دانانی ئەم کۆت و بەندە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکە نییە و باشتر وابوو یاسادانەر ئەم کۆت و بەندەی لەسەر وەرگرتنی ئەو مافە لەلایەن فەرمانبەرەوە نەهێنایە، چونکە دەکرێت یەکێك لەو حاڵەتانە لە کاتێکی پێشوەختەدا بەدی هات وەك ئەوەی کە دەرچوویەکی ئامادەیی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دامەزرا لە پاش بیست ساڵ لە وەزیفە بە یەکێك لەو هۆکارانە کۆتایی بە راژەکەی هات، ئایا لۆژیکییە کە ماوەی (١٢) دوانزە ساڵ چاوەڕێ بکات تا تەمەنی دەبێتە پەنجا ساڵ ئەو کات بتوانێت مووچەی خانەنشینی وەربگرێت؟ ئایا چۆن دەکرێت کەسێك بە خانەنشین دابنرێت بەڵام نەتوانێت مووچەی خانەنشینی وەربگرێت؟ لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەین کە یاسادانەر ئەم کۆت و

[١] قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، منشورات وزارة العدل العراقية،ص٤٤.

بەندە لەسەر وەرگرتنی مافی خانەنشینی ئەم جۆرە فەرمانبەرانە هەڵبگرێت. [١]

بەڵام بە گەرانەوە بۆ یاسای خانەنشینی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٤ سەبارەت بەم بابەتە، ئەوا یاسادانەر لە ماددەی (١٣) یاساکەدا دەقی لەم بارەیەوە هێناوە[٢] و تیایدا هاتووە:" عەزلکردنی فەرمانبەر یان فەسڵکردنی یان وازهێنان لە راژە یان دەستلەکارکێشانەوە نابێتە رێگر لە شایستەبوونی مافەکانی خانەنشینی و مووچەی خانەنشینیان بۆ خەرج ناکرێت تا ئەو کاتەی کە تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو دەکەن خاوەنی راژەیەکی خانەنشینی بن کە لانی کەم (بیست) ساڵ کەمتر نەبێت و لە هەموو حاڵەتەکانیشدا مووچەی خانەنشینیان بۆ خەرج ناکرێت لەو ماوەی کە دەکەوێتە پێش تەواوکردنی تەمەنی ئاماژەپێکراو.

لەم دەقەوە دەردەکەوێت کە یاسادانەر جیاوازی نەکردووە لە نێوان وازهێنان لە وەزیفە لەبەر هۆکاری ناچاری یان بێ هەبوونی هۆکاری ناچاری،واتە دەستەواژەکەی بە شێوەی رەها هێناوە، هەروەها دەستەواژەی دەستلەکارکێشانەوەکەیشی بە شێوەی رەها هێناوە کە ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەو کەسەیە کە وازی لە وەزیفە هێناوە ئیتر بە هۆکاربووبێت یان بێ هۆکار، هەروەها ئەو فەرمانبەرەیشی کە دەستیلەکارکێشاوەتەوە ئیتر بە رەزامەندی دائیرەکەی بووبێت یان بێ رەزامەندی دائیرەکەی ، بەڵام دواتر شایستەبوونی مافی خانەنشینییەکەی کۆت و بەند کردووە بە هەبوونی

---

[١] د. غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون التقاعد الموحد رقم ٩ لسنة ٢٠١٤، ط١،مكتبة القانون والقضاء، بغداد ، ٢٠١٤ ،ص٢٥.

[٢] المادة ـ ١٣ ـ لا يمنع عزل الموظف أو فصله أو تركه الخدمةأو استقالته من استحقاقه الحقوق التقاعدية ، ولا يصرف الراتب التقاعدي الا اذا كان قد اكمل ( ٥٠ ) خمسين سنة من عمره ولديه خدمة تقاعدية لا تقل عن (٢٠)عشرين سنة وفي كل الاحوال لا يصرف الراتب التقاعدي عن الفترة السابقة لتاريخ اكمالهالسن المذكور..

بیست ساڵ راژەی خانەشینی ، واتە گەر هاتوو فەرمانبەرەکە لە بیست سال راژەی کەمتری هەبوو ئەوا شایستەی ئەو مافە نابێت تەنانەت ئەگەر وازهێنانی لە وەزیفەکەی لەبەرهۆکاری ناچاری بووبێت یان دەستلەکارکێشانەوەکەی بە رەزامەندی دائیرەکەی بووبێت.کە ئەمەش لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکە نییە.بەڵام لە یاسای ژمارە(٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ ماوەی راژەی خانەنشینی دیاری نەکراوە بۆ ئەو فەرمانبەرەی حوکمی ماددەی (١/پێنجەم) دەیگرێتەوە کە بە بروای ئێمە لەم کاتەدا نابێت راژەی خانەنشینی فەرمانبەرەکە لە (١٥) پانزە ساڵ کەمتر بێت وەك رێسایەکی گشتی، لەبەر ئەوەی یاساکە لانی کەمی راژەی خانەنشینی بە (١٥) ساڵ دەستنیشانکردووە .

## (٤٥)

## گرفتی یاسایی له خانەنشینكردنی خاوەن وەزیفە باڵاكان

دەربارەی دەستەواژەی (بلوغ) كە لە ماددەی (٢)ی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاكاندا هاتووە:(( يحال المذكورون الى التقاعد عند بلوغهم سن الخامسه والستون ..))، مشتومڕێكی قانونی دروستبووە كە ئایا مەبەست لە دەستەواژەی (بلوغ) تەواو كردنی تەمەنی (٦٥) ساڵییە یان تەواوكردنی تەمەنی (٦٤) ساڵی و پێ نانە ناو تەمەنی (٦٥)ساڵی، لە لایەن خۆیەوە هەریەك لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراویان ژمارە (٤٣٠٢ لە ٢٠١٧/١٠/٤) و هەروەها بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی/س بە نوسراویان ژمارە (٤٦٣٣ لە ٢٠١٢/٤/١٧) دوپاتی ئەوە دەكەنەوە كە مەبەست لە دەستەواژەی (بلوغ) تەواو كردنی تەمەنی (٦٤) ساڵی و گەیشتنە بە تەمەنی (٦٥) ساڵی ، واتە یەكەم رۆژی تەمەنی (٦٥) ساڵی.. بەڵام لەلایەن خۆیانەوە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستان لە رای لیژنەكەیاندا بە ژمارە (٤٣) لە ٢٠١٧/١٢/١٢ بڕوایان وایە كە مەبەستی یاسادانەر لە گەیشتن (بلوغ) بە تەمەنی (٦٥) ساڵی ، تەواوكردنی تەمەنی (٦٥) ساڵە، ئەوەش پاڵپشت بە پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی كوردستان ، بەم جۆرەش هەریەك لە دەسەلاتی جێبەجێكردن و یاسادانان لەسەر تەفسیری ئەم دەستەواژەیە ناكۆكن، لێرەدا پێم خۆشە راو سەرنجی یاسایی لەمەڕ ئەو ناكۆكییە بخەینەڕوو:

**یەكەم:** تەمەنی یاسایی خانەنشینی (السن القانوني للتقاعد) پێویستە یاسادانەر بەروونی دەستنیشانی بكات، بە جۆرێك كە لێكدانەوە و شرۆڤەی جیاواز هەڵنەگرێت، بۆ دەستنیشانكردنی ئەم تەمەنەش یاسادانەر لە عێراقدا دەستەواژەی تەواوكردن (اكمال) ی بەكارهێناوە نەك دەستەواژەی گەیشتن (بلوغ) وەك لەم یاسایانەدا هاتووە :" یاسای راژە و خانەنشینی سەربازی

ژمارە (٣)ی ٢٠١٠ م(٤٥) و یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ م (١٢) و یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی ژمارە (١٨) ی ٢٠١١ م (٣٥) و یاسای خانەنشینی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦ م (٢) و یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ م (١)و یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ م(١٠). واتە یاسادانەری عێراقی لە تەواوی یاساکانیدا بەردەوام دەستەواژەی (اکمال)ی بەکارهێناوە نەك (بلوغ) بۆ دیاری کردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی. بە هەمان شێوە لەلایەن خۆشیەوە دادگای پێداچونەوەی عێراق لە بڕیاری ژمارە (٢٠١١/٥١٣ لە ٢٠١١/٤/٥) دووپاتی ئەم بابەتەی کردۆتەوە.

**دووەم:** بەکارهێنانی دەستەواژەی گەیشتن (بلوغ) کاتێك دەبێت کە تەمەنی خانەنشینی یاسایی دەستنیشان کرابێت بە دەق، بۆنمونە لە ماددەی(٣٥/دووەم)ی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا هاتووە :" وەزیر بۆی هەیە ئەوانەی گەیشتونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی ساڵێك ڕاژەکانیان درێژ بکاتەوە .." کە یاسادانەر لە هەمان ماددە و لە بڕگەی (یەکەم) دا تەمەنە یاساییەکەی دیاریکردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەستەواژەی بلوغ لە کاتێکدا بەکاردێت کە پێشتر یاسادانەر تەمەنە یاساییەکەی بە دەق دەستنیشان کردبێت، بەڵام یاسادانەری هەرێمی کوردستان تەمەنە یاساییەکەی دیاری نەکردووە، بەڵام هاتووە دەستەواژەی گەیشتنە تەمەنی (٦٥) ساڵی بەکارهێناوە کە ئەمەش وای کردووە لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت .

**سێیەم:** بەبڕوای ئێمە لێکدانەوەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دروست نییە، چونکە گەیشتن بە تەمەنی (٦٥) ساڵی بریتی نییە لە دەستنیشانکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی و پێویست دەکات تەمەنی یاسایی خانەنشینی بە وردی دەستنیشان بکرێت بە ڕەچاوکردنی ئەو دەستەواژانەی کە بەکارهاتوون لە یاساکانی تایبەت بە خانەنشینی وەك لە خالی یەکەمدا ئاماژەمان بەبەشێك لەو یاسایانە کرد و هەموو ئەو یاسایانە

کۆکن لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی تەواوکردن (اکمال) نەك دەستەواژەی گەیشتن (بلوغ)بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی.

**چوارەم:** بەبڕوای ئێمە جێگەی پرسیارە کە پاش دەرچوونی یاساکە بە (١٣) ساڵ، هەریەك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان مەبەستی دەستەواژەیەکی هەستیاری نێو یاساکە لێکدەدەنەوە کە پێویست بوو هەر لەسەرەتای دەرچوونی یاساکەوە ئەم بابەتە یەکلا بکرایەتەوە ، چونکە بە گوێرەی لێکدانەوەکانی دەسەلاتی جێبەجێکردن مامەڵە لەگەل دەستەواژەکە کراوە نەك لێکدانەوەی دەسەلاتی یاسادانان و بەم جۆرەش دەیان خاوەن وەزیفەی باڵا خانەنشینی کراون بە پێچەوانەی لێکدانەوەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کوردستان.

**پێنجەم:** پێشنیار دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان هەموارکردنەوە بۆ ماددەی (٢)ی یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان بکاتەوە و لە بری بەکارهێنانی دەستەواژەی (گەیشتن ـ بلوغ) دەستەواژەی (تەواوکردن ـ اکمال) بەکاربهێنێت بۆ کۆتایی هێنان بەم مشتومڕە و هەماهەنگیش بێت لەگەڵ کۆی یاساکانی خانەنشینی لە عێراق کە تیایاندا دەستەواژەی تەواوکردن (اکمال) بەکارهێنراوە نەك دەستەواژەی گەیشتن.

## (٤٦)

# حاڵەتەکانی لە کارترازانی (انفكاك) فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی

زۆر جار کە فەرمانبەرێك هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت، دائیرەکەی وەك پێویست و بە گوێرەی یاسا و رێنماییە بەرکارەکانی لە کارترازانی بۆ ناکەن و سەرپێچی یاسا دەکەن، بەمەبەستی روونکردنەوەی ئەم بابەتە و لەبەر رۆشنایی بریاری ژمارە (٢٠)ی سالی ١٩٨٨ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) ، حالەتەکانی لە کارترازانی فەرمانبەران بە گوێرەی شێوازی خانەنشین بوونیان دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر بە هۆی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینیەوە (تەواوکردنی تەمەنی ٦٣ ساڵی) هەواڵەی خانەنشینی کرا بوو، واتە بە حوکمی یاسا خانەنشین ببوو، ئەوا پێویستە لە کارترازانی بۆ بکرێت لە رۆژی تەواو کردنی تەمەنی ئاماژە بۆ کراودا، واتە بۆ نمونە بە بەرواری دوا نیوەرۆی رۆژی (٦/٣٠) گەر هاتوو لە (٧/١) لە دایك ببوو یان (١٢/٣١) گەرهاتوو خزمەتەکەی بۆ درێژکرابوویەوە تا کۆتایی ئەو ساڵە ، بە هەمان شێوەش بۆ بەروارەکانی دیکەی لە دایکبوون. واتە دەبێت بەرواری لە کارترازانەکەی لە دواهەمین رۆژی ساڵی تەواوکردنی تەمەنە یاساییەکەیدا بێت و نابێت بکەوێتە رۆژی یەکەمی تەمەنی (٦٤) ساڵییەوە.

**دووەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر لەبەرەنجامی راپۆرتی پزیشکی فەرمی بە هۆی ئەوەی کە شیاو نەبوو تا لە وەزیفەدا بمێنێتەوە هەوالەی خانەنشینی کرابوو، ئەوا لەم کاتەدا لە کارترازنەکەی هاوکاتە لەگەل تەبیلیغ بوونی بە بریاری هەواڵەکردنەکەی بۆ خانەنشینی لەسەر بنەمای راپۆرتە پزیشکیە فەرمییەکە.

**سێهەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەسەر بنەمای داواکاری خۆی خانەنشین بووە یان لەسەر بنەمای بریاری لایەنی دەسەلات پێدراو، ئەوا لەم کاتەدا لە کارترازانەکەی بە گوێرەی ئەو بەرواره دەبێت کە لەفەرمانی هەواڵەکردنی بۆ خانەنشینی دیاری دەکرێت.

**چوارەم:** گەرهاتوو ئەو فەرمانبەرەی هەواڵەی خانەنشینی کرابوو ، مال و سامانی دەولەتی لە ئەستۆدا بوو، ئەوا بەرواری لە کاترازانەکەی ئەو کاتە دەبێت کە مال و سامانەکە رادەستی دائیرەکەی دەکات لەو ماوەیەی کە دائیرەکەی بۆ دیاری دەکات بە مەرجێك ماوەکە لە (٣) سێ مانگ زیاتر نەبێت لە دەرچوونی فەرمانی هەوالەکردنی بۆ خانەنشینی.

## (٤٧)

## درێژكردنەوەی راژەی وەزیفی  فەرمانبەر

 بە گوێرەی ئەحكامی  ماددەی (١/سێهەم) لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بە پێشنیاركردن لەلایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت كە خزمەتی وەزیفی فەرمانبەر درێژ بكاتەوە بۆ ماوەیەك كە زیاتر نەبێت لە (٣) سێ ساڵ لە كاتی تەواوكردنی تەمەنی یاسایی هەواڵەكردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی لەگەڵ رەچاوكردنی دەگمەنی پسپۆڕی و جۆری وەزیفەكە و پێداویستی فەرمانگەكە بە خزمەتەكانی فەرمانبەرەكە، هەمان ئەم دەقە یاسادانەر لە ماددەی (١١)ی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ دا هێناویەتی ، لە خوارەوە لەسەر ئەحكامەكانی ئەم بابەتە رادەوەستین و شرۆڤەیان دەكەین :

**یەكەم:** دەسەڵاتی درێژكردنەوەی راژەی وەزیفی فەرمانبەر لە دەسەلاتە شەخسیەكانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانە و تەنها خۆی دەتوانێت مومارەسەی بكات و رێگە پێدراو نییە كەدەسەلاتەكە بدات بە جێگرەكەی یان  هەر وەزیرێكی دیكەی  ئەنجومەنەكەی ، بەپێچەوانەوە گەرهاتوو بریاری درێژكردنەوە لە غەیری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێت یاسایی نییە و لەكەداره بە لەكەی نەبوونی دەسەلات (عیب عدم الإختصاص).

**دووەم:** پێویستە پێشنیاری درێژكردنەوەی ماوەی خزمەتی فەرمانبەر لەلایەن وەزیر یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بكرێت و جگە لەوانە رێگەی نەدراوە كە پێشنیارەكە لەلایەن هیچ فەرمانبەرێكەوە بەرز بكرێتەوە بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران .

**سێهەم:** پێویستە هەر سێ مەرجی هاتوو لە یاساکە کە بریتین لە (ڕەچاوکردنی دەگمەنی پسپۆڕی) و (جۆری وەزیفەکە) و پێداویستی فەرمانگەکە بە خزمەتەکانی فەرمانبەرەکە ) هەموو پێکەوە بەدی هاتبن و بەبەڵگە هەبوونی مەرجەکان سەلمێنرابن لەلایەن ئە وەزیرە یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەتەی کە پێشنیارەکە بەرز دەکاتەوە .

**چوارەم:** دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە بریاردان لە درێژکردنەوەی خزمەتەکە دەسەلاتێکی جەوازییە و دەتوانێت ڕەزامەندی نەدات و پێشنیارەکە ڕەتبکاتەوە .

**پێنجەم:** لای سەروی ماوەی درێژکردنەوەکە بریتییە لە (٣)سال و ڕێگە پێدراو نییە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران زیاتر لەو ماوەیە خزمەتی فەرمانبەر درێژ بکاتەوە ، بەلام ڕێگە پێدراوە کەمتر لەو ماوەیە بێت.

**شەشەم:** پێویستە ئەو وەزارەتەی کە پێشنیاری درێژکردنەوەکە بەرز دەکاتەوە بە ماوەیەکی گونجاو پێش کۆتایی هاتنی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرەکە لە خزمەتی وەزیفیدا ، پێشنیارەکە بداتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،بە جۆرێك پێش کۆتایی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرەکە ، وەلامەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گەرابێتەوە چونکە ڕێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەر لە پاش تەواو کردنی تەمەنی یاسایی لە وەزیفەدا بمێنێتەوە بە پاساوی چاوەڕێکردنی گەرانەوەی ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری درێژکردنەوەکە، لەبەر ئەوەی بە حوکمی یاسا فەرمانبەرەکە کۆتایی بە ڕاژەکەی هاتووە و سیفەتی فەرمانبەرێتی لە دەستداوە و مانەوەی لە وەزیفە بە هەر پاساوێك دروست نییە .

**حەوتەم:** بەبروای ئێمە ئەو سێ مەرجەی دانراوە بۆ درێژکردنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر پەیوەندییان بە دائیرەی فەرمانبەرەکەوە هەیە، واتە لایەنی داواکار بۆ درێژکردنەوەکە دەبێت دائیرەی فەرمانبەرەکە بێت و دەبێت ڕەزامەندی فەرمانبەرەکە وەربگیرێت ئەو کات بکرێتە پێشنیار و بە پێی ئوسوڵی

دیاریکراوی خوی بخرێتە بەردەستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەلام بە داخەوە لە بواری جێبەجێکردندا، داوای درێژکردنەوەکان بە زۆری لەسەر داوای فەرمانبەرەکانەو و دائیرەکە بۆ ئەم مەبەستە پەنا بۆ ئەو سێ مەرجە دەبات وەك پاسا بۆ وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بریاری درێژکردنەوەکە کە ئەمەش لەرووی یاساییەوە دروست نیە.

## (٤٨)

## گلدانەوەی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەری قەرزار

بە پێی ئەحکامی ماددەی (شەست) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ رێگە پێدراو نییە کە ئەو مووچەو دەرماڵەیەی کە فەرمانبەر شایستەی دەبێت بە گوێرەی یاسای راژەی شارستانی گلبدرێتەوە (حجز) لەبەرامبەر قەرزێکدا کە لە ئەستۆی فەرمانبەرەکە بێت ، مەگەر بێتوو لەم حاڵەتانەی لای خوارەوەدا بێت و نابێت لە سێ یەکی مووچە و دەرماڵەکان زیاتر بێت:

١ـ گەر هاتوو قەرزەکە دەگەرایەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت یان یەکێك لە دامەزراوە نیمچە فەرمییەکانی کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریداوە قەرزەکانی ملکەچ بن بۆ گلدانەوە.

٢ـ گەرهاتوو قەرزەکە بۆ مەبەستی دانەوەی نەفەقەی شەرعی بێت.

٣ـ گەرهاتوو قەرزەکە لەبەرەنجامی مارەییەکەوە بوو کە حوکمی پێ درابوو بەسەر فەرمانبەرەکە یان موستەخدمەکەدا.

هەروەها بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨٢) لە یاسای جێبەجێکردن ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ رێگە پێدراو نییە کە موچە و دەرماڵەی فەرمانبەر گلبدرێتەوە لەبەرامبەر قەرزدا مەگەربێتوو قەرزەکە دەگەرایەوە بۆ دەولەت و کەرتی ئیشتراکی یاخود قەرزەکە بە حوکمێکی قەزایی (بات) جێگیر بووبوو، کە لەم کاتەشدا رێگە پێدراو نییە رێژەی گلدانەوەکە زیاتر بێت لە پێنج یەکی مووچەی فەرمانبەرەکە.

کەواتە جگە لەو حالەتانەی کە لە یاسادا هاتووە بە دەقی ئاشکرا، رێگە پێدراو نییە کە موچە و دەرمالەی فەرمانبەر گلبدرێتەوە لەبەرامبەر هیچ جۆرە قەرزێکدا ئیتر ئایا فەرمانبەرەکە خۆی قەرزار بێت یاخود کەفیل بێت و

پێویستە لەو رێژەیەش تێپەڕ نەبێت کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە ، لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** پێویستە فەرمانگەکان بە تایبەت بەشی ژمێریاری ئاگاداری ئەو جۆرە قەرزانە بن کە بە گوێرەی دەقی یاسا دەکرێت موچەی فەرمانبەریان بۆ گلبدرێتەوە و رێگە پێدراو نییە کە لە هەرحاڵەتێکدا کە بە نوسراو کۆمپانیایەك یان هەر لایەنێکی دیکەی نافەرمی داوایان لێ بکات هەستن بە گلدانەوەی مووچەی فەرمانبەر و لەم کاتەشدا باشتر وایە داوای نوسراو و بەلگەنامەی بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە خاوەن قەرز بکەن چونکە ئەو کارە تایبەتمەندی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنە و بە گوێرەی یاسا ئەوان دەستنیشانی ئەو قەرزانە دەکەن کە دەکرێت مووچە و دەرمالەی فەرمانبەری بۆ گلبدرێتەوە.

**دووەم:** فەرمانبەری بەرپرس لە مووچە و رێکخستنی مووچە بەرپرسیارێتی گلدانەوە و دیاریکردنی رێژەی گلدانەوەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و تەنانەت لە حالەتی گواستنەوەی راژەی فەرمانبەرەکەش بۆ دائیرەیەکی دیکە، پێویستە لە بروانامەی دواین مووچەی فەرمانبەرەکەدا ئەو قەرزە جێگیر بکات و ئاماژەی پێ بکات، بە پێچەوانەوە گەرهاتوو فەرمانبەری بەرپرس هەڵنەستا بە ئەرکی سەرشانی لە گلدانەوەی بری قەرزەکە یاخود بە کەمو کورتی بری قەرزەکە گلدابویەوە، ئەوا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨٥) یاسای جێبەجێکردن پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی تایبەتمەند لە مووچە و دەرمالەی فەرمانبەرە بەرپرسەکە یان لە مولك و مالەکانی دیکەی و بە بریاری جێبەجێکاری داد بڕی قەرزەکە وەربگرێتەوە و دواتر فەرمانبەرەکە دەتوانێت بگەرێتەوە سەر فەرمانبەرە قەرزارەکە و ئەو بڕەمووچەی لەسەری جێبەجێکراوە لێی وەربگرێتەوە

**سێهەم:** فەرمانبەری بەرپرس لە مووچە و دەرمالەی فەرمانبەری قەرزار بۆی نییە هەستی بە گلدانەوەی مووچە و دەرمالەی فەرمانبەرە قەرزارەکە جگە

لەو حالەتانەی کە باسکران تەنانەت با بەڵگەی جێبەجێکردنەکە (سند التنفیذ) زۆر بە هێزیش بێت و هەروەها پێویستە پابەند بێت بەو بڕە گلدانەوەی کە لە یاسادا هاتووە

**چوارەم:** بە گەرانەوە بۆ حوکمی ماددەی (٦٠)ی یاسای راژەی شارستانی و حوکمی ماددەی (٨٢/یەکەم)ی یاسای جێبەجێکرن ، بڕی گلدانەوەکە جیاوازە و لە یاسای راژەی شارستانی دا هاتووە کە نابێت بری گلدانەوەکە لە (سێ یەك)ی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرەکە زیاتر بێت ، بەلام لە یاسای جێبەجێکردندا هاتووە کە بڕی گلدانەوەکە نابێت لە (پێنج یەك)ی مووچەو دەرمالەی فەرمانبەرەکە زیاتر بێت، کە بەبروای ئێمە ئەو بڕە جێبەجێ دەکرێت کە لە یاسای جێ بەجێکردنداهاتووە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١ -یاسای جێبەجێکردن لەرووی زەمەنەوە دوای یاسای راژەی شارستانی هاتووە و دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی (ضمنی) هەمواری یاسای راژەی شارستانی کردۆتەوە

٢ -یاسای جێبەجێکردن سەبارەت بە بابەتی جێبەجێکردن لەسەر مووچەو دەرمالەی فەرمانبەر و گلدانەوەی مووچە یاسایەکی تایبەتە بەبەراورد بە یاسای راژەی شارستانی کە یاسایەکی کشگیرترە و تەنها تایبەت نییە بە گلدانەوە و برینی مووچە و دەرمالەی فەرمانبەر، واتە یاسای جێبەجێکردن وەك یاسایەکی تایبەت کۆتوبەندی یاسای راژەی شارستانی دەکات وەك یاسایەکی گشتی (الخاص یقید العام).

٣ -جێبەجێکردنی ئەو رێژەیەی کە لە یاسای جێبەجێکرندا هاتووە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکەیە و گونجاوترە بۆ فەرمانبەری قەرزار ئەمەش وەك پێوانەکردنێك لە سەر بنەمای (قانون اصلح للمتهم).

**پێنجەم:** سەبارەت بە رێژەی گلدانەوەکە، یاساکە بە دەق جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە نابێت لە (پێنج یەك) زیاتر بێت،تەنانەت ئەگەر فەرمانبەرە قەرزارەکە خۆیشی رازی بێت بە گلدانەوەی زیاتر لە (پێنج یەك) ی موچەکەی، چونکە ئەم رێژەیە لە نیزامی گشتییە و رێگە پێدراو نییە کە بەرێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێکردن رێژەکە تێپەرێنن (جگە لە حاڵەتی هاتوو لە ئەحکامی ماددەی ٨٢/سێهەم ی یاسای جێبەجێکردن )، بەلام دەکرێت لەو رێژەیە کەمتر بێت، واتە بۆ نمونە (حەوت یەك) بێت، بە تایبەت گەرهاتوو لەلایەن جێبەجێکاری دادەوە بریاری بۆ دەرکراو دۆخی ئابووری فەرمانبەری تێدا رەچاو کرا وەك ئەوەی کە فەرمانبەرەکە تەنها ئەو مووچەیەی هەبێت و کرێچی بێ و منداڵی زۆری هەبێت و یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی نەخۆشی درێژ خایەنی هەبێت کە مانگانە پێویستی بەخەرجی بەردەوام هەبێت و مووچەکەی بەشی نەکات.

## (٤٩)

## جێگیرکردنی فەرمانبەری ژێر ئەزموون (تحت التجربة)

به گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٤) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو فەرمانبەر لە یەکەم دامەزراندنیدا دەخرێتە ژێر ئەزموونەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕاژەی فیعلی و پێویستە فەرمان دەربچێت بە جێگیرکردنی لە پلەکەی دوای کۆتایی (ماوەی ئەزموونی) گەرهاتوو توانا و لێهاتوویەکەی دووپاتکرایەوە ، بە پێچەوانەوە ماوەی شەش مانگی ئەزموونی دیکەی بۆ درێژ دەکرێتەوە. گەرهاتوو لەو ماوەی ئەزموونیەی بۆی درێژکراوەتەوە فەرمانگەکە دڵنیابوو لەوەی شیاونییە بۆ کارکردن لەو وەزیفەیەی بۆی دامەزرێنراوە ئەوا دائیرەی بێنیازی (الإستغناو) دەکات لە وەزیفەی فەرمانبەرەکە و فەرمانبەرەکەش بۆی هەیە پەڵپ بگرێت (اعتراچ) لە بڕیاری بێنیازبوونەکەی بگرێت لەبەردەم دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی بە فەرمانی بێنیازبوون لە وەزیفەکەی . لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین

**یەکەم:** لە پاش دامەزراندنی فەرمانبەرەکە ، پێویستە لێپرسراوی ڕاستەوخۆی فەرمانبەرەکە، هەڵسەنگاندنی بەردەوامی هەبێت بۆی و دەبێت لە هەموو ڕووەکانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام بدات بۆ ئەوەی دواجار لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە و بە شێوەیەکی بابەتییانە هەڵسەنگاندنی خۆی پێشکەش بە دەسەڵاتی کارگێڕیی بکات و لەسەر ئەم بنەمایەش دەسەلاتی کارگێڕیی بڕیار لە چارەنووسی فەرمانبەرەکە بدات بە جێگیرکردنی یان درێژکردنەوەی ماوەی ئەزموونییەکەی، کە بە داخەوە لە زۆربەی فەرمانگەکاندا ئەم پرۆسەیە ئەنجام نادرێت و تەنانەت پاش تێپەربوونی ماوەی ئەزموونییەکە فەرمانی جێگیرکردنلەلایەن ئیدارەوە دەرناکرێت و فەرمانبەرەکە بە تێپەربوونی ماوەی

ساڵەکە بە حوکمی قانون جێگیر دەبێت .کە ئەمەش سەرپێچی حوکمەکانی یاساکەیە.

**دووەم :** ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی لێ دامەزراوە، پێویستە لەسەری کە فەرمانی جێگیرکردنی بۆ دەربکات لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ئەزموونییەکەی کە ماوەی یەك ساڵە و لە رۆژی دەستبەکاربوونی لە وەزیفەکەیەوە دەستپێدەکات ، دەرکردنی فەرمانی جێگیرکردن کارێکی وجوبییە لەسەر شانی دائیرەکەی و گەرهاتوو لەو ماوەیەدا  کە یاساکە دەستنیشانیکردووە فەرمانەکەی دەرنەکرد ئەوا فەرمانبەرەکە بە جێگیرکراو دادەنرێت، ئەمەش پێی دەگوترێت جێگیرکردنی فەرمانبەر بە شێوەی حوکمی یان ناوەکیی (حكمی أو چمنی) چونکە لێرەدا بێدەنگی دەسەڵاتی کارگێڕیی بە ئیجابی لێکدەدرێتەوە بۆ بەرژەوەندی فەرمانبەرەکە و رێگە پێدراو نییە پاش کۆتایی هاتنی ماوەکە ، ئیدارە بە بیانووی دەرنەکردنی فەرمانی جێگیر کردن وەك فەرمانبەری ژێر ئەزموون مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرەکەدا بکات، چونکە لێرەدا ماوەکە بە دەقی یاسا دەستنیشانکراوە و ئیدارە دەسەڵاتی تیایدا کۆتوبەند کراوە و پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە و مەحکەم و دامەزراو بووە.هەروەها بە بڕوای ئێمە دەستنیشانکردنی ماوەی ساڵێك بۆ دانانی فەرمانبەر لە ژێر ئەزموون و لە هەمانکاتدا دەسەڵات دان بە ئیدارە تا دەستی کراوە بێت بۆ بێنیازی دەربڕین لە فەرمانبەرەکە گەرهاتوو شیاو نەبوو بۆ بەرێوەبردنی وەزیفەکەی،مافێکە کە یاسادانەر داویەتی بە دەسەڵاتی کارگێڕی تا لە ماوەی ئەو ساڵەدا پیادەی بکات، بە پێچەوانەوە گەرهاتوو ماوەی ساڵەکە تێپەڕی و دەسەڵاتی کارگێڕیی  هیچ بڕیارێکی دەربارەی چارەنوسی فەرمانبەرە ژێر ئەزموونەکە نەدا و بێدەنگی هەڵبژارد، ئەوا ئەمە بە جۆرێك لە سازشکردن لەو مافە دادەنرێت لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە کە یاسا پێیداوە و ئیتر لە پاش کۆتایی ماوەی ئەزموونییەکە و تێپەڕبوونی چەند

ساڵێك، دەسەڵاتی کارگێڕیی هیچ بەڵگە و پشتێکی یاسایی نییە بۆ بێنیازی دەربڕین لە فەرمانبەرەکە،

**سێهەم:** فەرمانبەری ژێر ئەزموون دوای دەستبەکاربوونی لە وەزیفەکەی وەك هەر فەرمانبەرێکی ئاسایی شایستەی مووچە دەبێت هەروەك ماددەی شانزەی یاساکە دوپاتیکردۆتەوە کە لە بەرواری دەستبەکاربوونی وەزیفەکەی شایستەی دەبێت و سەبارەت بە دەرماڵەکانی دیکەش بە گوێرەی یاسای و رێنماییە تایبەتەکان شایستەیان دەبێت، لە هەمانکاتیشدا شایستەی مۆڵەتی ئاسایی دەبێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی چل و سێهەمی یاساکە. خۆ گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پشووی قوتابخانەکان دەیگرتەوە ئەوا ئەو پشووەی وەك خزمەتی فیعلی بۆ ئەژمار دەکرێت و شایستەی دەبێت وەك ئەوەی بڕگەی (٤) لە ماددەی چواردەیەمی یاساکە جەختی لەسەر کردۆتەوە.

**چوارەم:** کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەری ژێر ئەزموون لە رووی میکانیزمەوە ئاسانترە وەك لە فەرمانبەری هەمیشەیی، چونکە بە گوێرەی بڕگەی دووەم لەماددەی چواردەی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموار کراو ، فەرمانگەکەی دەتوانێت کۆتایی بە راژەی فەرمانبەرەکە بهێنێت گەر هاتوو بێ توانایی فەرمانبەرەکەی بۆ سەلما، بەڵام کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەری هەمیشەیی لە رووی دەسەڵاتی بڕیاردان بە کۆتایی هێنانی راژەکەی و پاساوەکانی فەرمانگەکە بۆ ئەو کۆتایی پێ هێنانە و میکانیزمەکانی کۆتایی پێ هێنانەکە زۆر جیاوازەو پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو لە سنورێکی بەر تەسکدا پیادە دەکرێت.

**پێنجەم:** لەبەرئەوەی ئیدارە بە دەقی یاساکە دەسەڵاتی تەقدیری پێدراوە لە هەڵسەنگاندنی ئاستی توانا و لێهاتوویی فەرمانبەر لە ماوەی ژێر ئەزموونیدا، ئەوا لەم کاتەدا بڕیاری ئیدارە ملکەچە بۆ چاودێری کردنی دادوەریی تایبەتمەند بۆ ئەوەی ئیدارە لە بڕیارەکەیدا تەعەسوف نەکات، لەسەر ئەم

بنەمایەش فەرمانبەری ژێر ئەزموون مافی پەڵپ گرتنی هەیە لە بڕیاری دەسەڵاتی کارگێڕیی لە بێنیازبوون لێی لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی تەبیلیغ بوونی بە بڕیارەکە لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم[١].

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە خوێنەری ئازیز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دانراومان (شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی١٩٦٠ ی هەموارکراو ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار

## (٥٠)

## چۆنیەتی پەنا بردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند

## (دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم)

کاتێك فەرمانبەر لەلایەن فەرمانگەکەیەوە بڕیارێکی لە دژ دەردەچێت یاخود بریارێك دەردەچێت کە ئەگەری هەیە زیانی پێ بگەیەنێت لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ((مووچە و دەرماڵەکان و مۆڵەت بە هەموو جۆرەکانی و گواستنەوەی راژە و کۆتایی هاتنی وەزیفە و ئیفاد و تەنسیب و ئەژمارکردنی بڕوانامە و پلەبەرزکردنەوە و سەرمووچە و .... هتد))ە وە هەیە، ئەوا پێویستە فەرمانبەرەکە بە گوێرە ماددەی (پەنجاو نۆیەم /٣) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو، لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا لە رۆژی ئاگادار بوونی بەو بڕیارەی کە نارەزایەتی لەسەر دەردەبڕێت گەر هاتوو لە ناو عێراقدا بوو، یان لە ماوەی (٦٠) رۆژدا گەرهاتوو لە دەرەوەی عێراق ، لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم داوای یاسایی تۆماربکات لەسەر ئەو لایەنەی بڕیارەکەی لە دژ دەرکردووە، بە پێچەوانەوە مافی تانەگرتنی نامێنێت، واتە لە داواکانی تایبەت بە یاسای راژەی شارستانی و یاسا هاوپێوەندەکانی ، یاسادانەر پێشکەشکردنی دادخوازی(التظلم) نەکردووە بە پێشمەرج بۆ تۆمارکردنی داوا لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم. واتە ئەو داوایانەی کە پەیوەندییان بەو بابەتانەی لای سەرەوە هەیە پێویستی بە پێشکەشکردنی دادخوازی (التظلم) نییە بەو لایەنەی بریارەکەی دەرکردووە و بەڵکو پێویستە فەرمانبەرەکە راستەوخۆ لەبەردەم دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم داواکەی تۆمار بکات، بەڵام دەبێت ئەو بڕیارەی

تانەکەی لەسەر دەدرێت بڕیاری کۆتایی و بنبڕ بێت و بە شێوەی ئوسوڵی بڕیارەکە گەیشتبێتە عیلمی فەرمانبەرەکە.

بەڵام سەبارەت بەو سزایانەی کە بەسەر فەرمانبەردا دەسەپێنرێت لە لایەن فەرمانگەکەیەوە و بە پێی ئەحکامەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموار ، ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانبەرە سزادراوەکە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥/دووەم) ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا لە رۆژی پێراگەیاندنی بە بریاری سزادانەکەی، دادخوازی(التظلم) پێشکەش بەو لایەنە بکات کە بڕیاری سزادانەکەی دەرکردووە، هەروەها پێویستە لەسەر ئەو لایەنەش تا بڕیار لە بارەی دادخوازییەکەوە بدات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا لەرۆژی پێشکەشکردنی و لە حاڵەتی بریار لێ نەدانیشی لە ماوەی (٣٠) رۆژەکەدا ئەوا دادخوازییەکە بە رەتکراوە دادەنرێت.

دواتر مەرجە فەرمانبەرەکە لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا لە رۆژی ئاگاداربوونی بە رەتکردنەوەی دادخوازییەکەی گەرهاتوو دائیرەکەی بە شێوەی راشکانەوە دادخوازییەکەی رەتکردەوە لە ماوەی (٣٠) رۆژەکەدا کە ئەمەش پێی دەگوترێت (رفض التظلم حقيقة) یاخود ماوەی (٣٠) رۆژەکە تێپەری و دائیرەکەی وەڵامی نەدایەوە و بێدەنگ بوو کە ئەمەش پێی دەگوترێت (رفض التظلم حكمًا)، ئەوا پێویستە تانەکەی لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم تۆمار بکات.

**چەند سەرنجێکی گشتی :**

**یەکەم:** ئەرکی سەلماندنی پێراگەیاندنی ئەو بریارەی کە لە دژی فەرمانبەرەکە دەرچووە، ئیتر چ پەیوەندی بە کێشە و ناکۆکییەکانی یاسای راژەی شارستانی و یاسا هاوپێوەندییەکانیەوە بێت یان پەیوەندی بەو سزایانەوە هەبێت کە سەپاندوویەتی بەسەر فەرمانبەردا، ئەوا ئەرکی سەلماندنی پڕاگەیاندنی بریارەکە دەکەوێتە ئەستۆی دائیرەکە و ئەو دائیرەیە لەبەردەم قەزای تایبەتمەندا دەبێت ئەو بابەتە بسەلمێنێت.

**دووەم:** ئەرکی سەلماندنی پێشکەش کردنی دادخوازی (التظلم) کە لەلایەن فەرمانبەرەوە پیشکەش بە دائیرەکەی دەکات دەربارەی سزا بەرزەفتکارییەکان، دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەر و پێویستە فەرمانبەر لەبەردەم قەزای تایبەتمەندا پێشکەشکردنی دادخوازییەکەی بسەلمێنێت بە بەلگەی نوسراو .

**سێهەم:** ئەو ماوانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان بۆ تانە لێدان (مده الطعن) و هەروەها ماوەی دادخوازی کردن (مده التظلم) لە نیزامی گشتین و بە دەقی یاسا دیاریکراون و پێویستە فەرمانبەر رەچاویان بکات، بە پێچەوانەوە داواکەی رەت دەبێتەوە ، چونکە ئەو ماوانەی دەستنیشان کراون ماوە کەوتنی مافن (مدة سقوط الحق).

**چوارەم:** پێشکەشکردنی دادخوازی سەبارەت بە سزا بەرزەفتکارییەکان، رێککارێکی شکلییە و یاسای تایبەتمەند وەك مەرجی تۆمارکردنی داوا لەبەردەم لایەنی تایبەتمەند هێناویەتی، واتە گەر هاتوو دادخوازی نەبوو با رەچاوی ماوە یاساییەکانیش بکرێت، ئەوا داوای فەرمانبەرە سزادراوەکە لەبەردەم قەزای تایبەتمەند لەرووی شکلییەوە رەتدەکرێتەوە .

## لەبەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

**یەکەم: دانراوەکان**

١- شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق
٢- لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی
٣- فەرهەنگی سیاسی سەبا
٤- پیلان
٥- لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی
٦- شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو
٧- یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و لەگەڵ یاسا و بڕیارە هاوپێوەند و بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان (کۆکردنەوە وئامادەکردن)
٨- بیبلۆگرافیای یاسا و بریارەکانی پەرلەمان لە ١٥/٧/١٩٩٢ تا ٣١/١٢/٢٠١٤
٩- رووماڵی رۆژنامەوانی تایبەت بە هەواڵی تاوانکاریی، رووداوەکان ، دادگاکان.
١٠- المبادئ القانونیە فی قرارات محکمة الإداریة العلیا و فتاوی مجلس شوری الدولة لسنوات ٢٠١٣، ٢٠١٤ ، ٢٠١٥.
١١- دعوی الإلغاء أمام هیئە انضباط موظفی الإقلیم (قضاء الموظفین).
١٢- بڕیارە کارگێڕییەکان لە فیقە و قەزای عێراقی و هەرێمی کوردستاندا.
١٣- شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو
١٤- القرارات الإدارية الضمنية و اهم تطبيقاتها في مجال الوظيفة العامة
١٥- دەربارەی وەزیفەی گشتی

**دووەم: وەرگێڕدراوەکان**

١٦- بنەماکانی تاواناسی ( أصول علم الإجرام)
١٧- بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێڕیدا (کتێبی یەکەم و دووەم)
١٨- بنچینەکانی یاسا (أصول القانون)
١٩- دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

**ناونیشانی نووسەر**
abdulqadirsalih73@yahoo.com
facebook.com/abdulqadirsalih
07501060446 - 07702263894
**سلێمانی**